


Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

غەزەلنووس

له زنجیره بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب: **(٢٣٢)**

# سەحەر

## سەلاحەدین دەمیرتاش

**فەرهاد چۆمانی**
**له تورکییەوە کردوویه به کوردی**

- بەرگ: باسم ڕەسام
- نەخشەسازیی ناوەوە: غەزەلنووس
- ڕێنووس و هەڵەچنی: غەزەلنووس
- بابەت: چیرۆک
- چاپ: یەکەم
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانه
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سەرچاوە:

Dipnot yayınları, 2017

مافی لەبەرگرتنەوەی به هەموو شێوەیەک پارێزراوە بۆ **ناوەندی غەزەلنووس**©

**سلێمانی- مەیدانی پاسەکانی تووی مەلیک- نهۆمی زەمینی بازاڕی کتێب**
**ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠٣٥٧٣٧٥٧**

www.xazalnus.com

Scanned with CamScanner

# سەحەر

## سەلاحەدین دەمیرتاش

فەرهاد چۆمانی
لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم

٢٠١٨

Scanned with CamScanner

پێشکەشە بە هەموو ئەو ژنانەی کە کوژراون و
بوونەتە قوربانیی توندوتیژی...

Scanned with CamScanner

# ناوەڕۆک

پیاوەکەی ناخمان.......................................... ٩
سەحەر .................................................. ١٧
نازۆی پاککەرەوە........................................ ٣٥
وەک تێیگەیشتوون ئاوا نییە ................................ ٥١
سڵاو لە چاوە ڕەشەکان..................................... ٦٣
نامەیەک بۆ کۆمیسیۆنی خوێندنەوەی نامەکانی زیندان....... ٧١
کچی دەریا ................................................ ٧٩
کولێرەبەقیمەی حەلەب .................................... ٨٣
ئاه، ئاسومان!............................................. ٩٣
حیسابات لەگەڵ دایکم ...................................... ١٠٥
هێندەی مێژوو تەنیا ......................................... ١١١
کۆتاییەکەی دڵرفێن دەبێت ................................... ١٣٧

Scanned with CamScanner

## پیاوەکەی ناخمان

حەوشـەی بێنـوەدانی زینـدانەکەمان بیرێکـی کـۆنکرێتی شـێوە چوارگۆشـەییە. ڕووبەرەکەی چـوار بە هەشـت مەتـرییە. شـتێکە بە پیاسـەکردن تەواو نابێـت. سـپێدە دەست بە هەنگاونان بکە، بۆ ئێوارەکەی بە هیچ کوێیەک ناگەیت. وەک مرۆڤ، ئێمە دوو کەسین کە ئێرە بە کار دەهێنـین؛ مـن و پەرلەمانتارەکەمـان **عەبـدوڵڵا زەیـدان**. وەلێ ئەمە بە تەنها میراتی باوکمـان نییە، بە هاوبەشی لەگەڵ مێروولە و جاڵجاڵۆکەکـان سـوودی لـێ دەبینـین. ڕاستتر بڵێم زیندانەکە لەسەر ماڵۆچکەی ئەوان دروست کراوە و وا مامەڵەمـان لەگەڵ دەکەن وەک ئەوەی ئەوان ماخۆی[1] ڕاستەقینەی بن. خۆ ناهەقیشیان نییە. هەڵبەتە ئـێمەش لە ڕێزنـوێنیی خۆمـان کەم نـاکەینەوە،

---

[1] ماخۆ: خودان ماڵ، خاوەنماڵ

پەیوەندییەکمان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرانبەری هەیە.

کۆلۆنیای کارکردنی ڕێکخراوی پێکەوەیی مێروولەکان هەستی خۆشویستنی ژیان بە مرۆڤ دەبەخشێت؛ هەولێکی بێپچڕان بە ڕیتمێکی پڕخرۆشەوە ئەنجام دەدەن. لە کونجە خەمناکەکانی زینداندا بێ هەست و خوست، ژیانێکی بەشکۆ دروست دەکەن. هەرچی جالّجالّۆکەکانن لەچاو مێروولەکان زیندەوەری ساردوسڕترن. زۆر نابزوون. بۆ نموونە دەڵێیت: "بەیانیت باش..." ئەو پەتێکیش ناکێشێ. واتە پەت دەکێشێ، بەڵام ئەو پەتانە تەنها بۆ چنینی تەون دەکێشن.

هەڵبەتە چۆلەکەش هەن. دوانەیەک هەن لە کونێکی سواندەی بنمیچەکەدا هێلانەیەکیان بۆ خۆیان چێ کردووە. چەندین ڕۆژ بە دەنووکەکانیان پووشوپەلاشیان کێشایەوە. هەر بە ڕاستییش مێیەکە زۆرتر کاری دەکرد. هەرچی نێرەکە بوو جار جارە زلووکەیەکی بچووکی بە دەنووکەوە دەگرت و بەو نێوەدا دەخولایەوە. هەرە زۆر لە دەرچەی چوونەژوورەوەی هێلانەکەدا زلووەکانی دەچنین و پۆزی لێ دەدا. هەڵبەت با لێی نەگرین، بەڵکە کارەکەی ئەمە بووە.

دروستکردنی هێلانەکە نزیکەی دە ڕۆژی خایاند. لەو ماوەیەشدا ئێمە لە لێواری پەنجەرەکەدا ئاو و



Scanned with CamScanner

ورتکەنانمـــان بــۆ دادەنـــان و بەم شــێوەیە یاریــدەمان دەدان. مێیەی چۆلەکەکان جارێک گوتی: "کاکە، خـودا لێتان ڕازی بێت، ئەگەر بەتەمای تەوەزەلەکەی من بـوایە هەرگیز کێشەی نانمـان لە کۆڵ نەدەبووەوە، سـەرباری ئەوە دەبوو مشووری نـانیش بخۆم." بە سەرسامییەوە گــوتم: "ئەوە لەگەڵ منـــتە خوشــکێ؟" "بەڵـــێ، لەگەڵ ئێوەمە، لە زمـانم تێدەگەن؟" وای گوت. هەر بە ڕاستی بــڕوام بەوە نەدەکــرد کە بیســتم. وادیــارە ئەو زمــانی باڵنـــدانەی لە تەمەنـــی منـــداڵی کەمتازۆرێـــک فێـــری بووبـــووم، لە بیـــرم چـــوونەتەوە. "ئەمە چ قســـەیەکە خـــاتوون..." وام گـــوت، ئەمەشـــم بـــۆ زیـــاد کـــرد: "دروســـتکردن و کێشـــانەوەیە، وا بیرمـــان کـــردەوە بە پەیـداکردنی نانیشـــەوە مـژووڵ نەبـن! هەر ئاتاجێکتـــان هەبوو تکایە خۆتان مەبوێرن. دواجار لێرە دراوسێین." "زۆر ســـوپاس کـــاکە." کاتێـــک ئـێمە قســـەمان دەکـــرد، نێـرەکە لە هـێلانەکە هــاتە دەرەوە، بە مێـیەکەی گـوت: "کچـێ ئەوە لەگەڵ کـێ قســـە دەکەیـت؟" "هـیچ نیـیە." مێیەکە وای گوت. "ئەوە سوپاسـی دراوسێکەمان دەکەم بۆ نان و نمەکیان." "بڕۆ ژووری!" چۆلەکە نێرەکە ئـاوا بە ڕووی ژنەکەدا هـــاواری کـــرد. بـــۆ ئەوەی درێـــژە نەکێشـــێ، خـانمەکە بە ناچـاری چـووەوە هێلانەکەیـان. ئەوی دیکەش نێـر نێـر لـێم ڕامـا. "فەرمـوو بـرا، شـتێک هەیە؟" بە بڕوابەخۆبوونەوە وای گوت. "نا کاکە، تەنها بە بــراژنم گــوت ئەگەر پێویســـتییە..." "باشـــە! درێـژەی



Scanned with CamScanner

مەدیَ، ئەگەر شتێک هەبوو بە من دەڵێیت." چۆلەکەکە وای گوت. "باشە کاکە. کەوایە ڕۆژتان باش." وام گوت و بە هێواشی پەنجەرەکەم داخستەوە.

دوای چەند ڕۆژێک زانیمان براژن فەرخە[2]ی پەیدا بوونە، لە نێو هێلانەکەدا دوو هێلکە هەبوون. دەبوو دراوسێکەمان دوانەیەکیان پەیدا ببێت، دوانەی دوو هێلکە. لە بەر خۆمەوە گوتم: "ئیشەڵا فەرخەکان لە باوکیان ناچن." لە زیندانـدا بوونی هێلکەی ساغ قەدەغەیە، بەڵام خۆ فەرخە لە هێلکەی کوڵاو دەرنایەت. وا دیار بوو قەدەغەکانی ژیان لێرەش خۆیان قوت دەکردەوە. ڕوون بوو کە براژن بە دووگیانییەوە کاری دروستکردنی هێلانەکە دەکات، هەرچی کاکیشم بوو لەو نێوەدا فیشاڵی دەکرد.

دوێنێبەیانی بە هاتوهاواری چۆلەکەکان بێدار بوومەوە. هێشتا دەلاقەی هەواگۆڕکێکەمان نەکرابووەوە؛ لە پەنجەرەی نهۆمی سەرەوە باشتر هێلانەکەمان لێ دیارە، هەستامەوە، لە پەنجەرەوە ڕوانیم گوتم داخۆ چی بووە. یەک فریادوفیغان بوو گوێی کاس دەکرد. دەتگوت لە شوێنێک هەڵیان کوتاوەتە سەر خۆپیشاندانێک. "کاز مەڕشێنن! کاز مەڕشێنن!" کەسێک ئاوا هاواری دەکرد[3]. چوار پیاو دەوری هێلانەی

---

[2] فەرخە: بێچوو

[3] نووسەر لێرەدا وەک ئاماژەیەک بۆ قسەیەکی **سرِی سورەییا ئۆندەر**، پەرلەمانتاری *پارتی دیموکراتی گەلان (HDP)*، بە



Scanned with CamScanner

چۆلەکەکانیـــان دا، بە یەک نەوا جووکەجووکیـــان بـــوو. دوانە دراوسێکەشـــمان بە گیانبـــازییەوە هەوڵیـــان دەدا فەرخەکانیان بپارێزن.
هێندەی حاڵی بووم، ئەوانەی هـاتبوون باڵندەکانی دەوڵەت بوون. ئەوەی بە هۆی فشکردنی پەڕەکانیەوە دیار بوو کە فەرمانـدەکەیانە، بە تـۆنێکی فەرمیـیەوە دەیگوڕانـد: "بـڕوانە بـراکەم، بـێ ئەوەی مـۆڵەت وەربگـرن هێلانەتـان دروسـت کـردووە، لام و جیمـی نییە، یـان ئەوەتـا هێلانەکەتـان تێک دەدەیـن، یـان ئەوەتـا دوای ئەوەی یەکێـک لە فەرخەکانتـان لە هـێلکەکەوە دەجـووقێ، وەک سـزا دەبـێ بیـدەنە باڵنـدەی دەوڵەت!" هەرسـێ باڵنـدەکەی تـری دەوڵەتـیش بەردەوام دووپـاتی قسـەی فەرمانـدەکەیان دەکـردەوە: "بەڵـێ، بەڵـێ، دەبـێ بیبەخشـن." چـۆلەکە مێـیەکە بە بـاڵی نیـوەکراوە لە دەرچەی هـێلانەکەدا وەسـتابوو: "تـا گیـانی مـن نەسـێنن نە هێلانەکەم نە بێچووەکەمتـان دەدەمـێ." ئـاوا بە پێداگرییەوە بەرگریـی دەکـرد. هەرچـی ئەو بـرا نێـرەیە بە دەنگێـک کە دیـار نەبوو نـاڕەزایی بـوو یـان تکاکـاری، دەیگـوت: "بەڵـێ، خـانمەکەم ڕاسـت دەکـات، تـا گیـانی ئەو نەسـێنن نـاتوانن بێچووەکەمان ببەن."
فەرمانـدە و تیمـی وێرانکـردن گەمارۆکەیـان بە تەواوی بەرتەسـک کـردەوە. "چیتـر هۆشـداریتان پـێ نـادەم."

---

کـاریگەریی ئەکسـێنەتەکەی وشـەی "گـاز"ی کـردووەتە "کـاز".
(دەزگای دیپنۆت، بلاڤۆکی کتێبەکە)

فەرماندەکە وای گوت. "ئەگەر مل بە فەرمانەکانی حکومەت نەدەن، هەردووکتان دەخەمە زیندانەوە." لەگەڵ ئەمەدا، هەردوو دوانە دراوسێکەمان لە هەمان ساتدا ئاوڕیان لە من دایەوە، نیگاکانمان لێک گیر بوون. "چ دەبێژی هاوسێ، وێستا چ بکەین؟" وەک ئەوە وا بوو ئاوا بڵێن. "بەخوا بە قسەی من بێ بەرگری بکەن." وا سەیرم کردن وەک ئەوەی ئاوام گوتبێ. مێیەکە بوێرانە هاواری کرد: "تا دوا هەناسەم بەرگری دەکەم!" هەرچی نێرەکەیە بە دەنگێکی نێرانەوە: "تا دوا هەناسە بەرگری بکە خانم!" مێیەکە بێ ئەوەی ساتێکیش دوودڵ بێت شێتگیر بوو، لە نێو چڵەپووشەکاندا قەرقەشە، بگرە پشێوی بوو. لە کاتێکدا چۆلەکەی مێیینە لە هەنبەر چوار باڵندەی دەوڵەت داستانی بەرگریی تۆمار دەکرد، ئەو برایە لە گۆشەیەکدا بەردەوام دەیگوت: "فەرماندەم یەک خولەک، فەرماندەم یەک خولەک، پێویست بە پشێوینانەوە ناکات، هەر خۆی دوو منداڵ بۆ ئێمە زۆرن." وای دەگوت و وەک مندالان هەڵدەبەزییەوە. لەپڕ لە ناوەڕاستی شەڕەکەدا باڵندە مێیەکە نیگایەکی وا توندی لە نێرەکە گرت، نێرەکە خۆی لە نێو پەڕەکانی مەلاس دا و هێندەی تیکە گۆشتێک مایەوە. بەبێ زیادەڕەوی دەیڵێم، نزیکەی دە خولەک لە بەرگریکردنی چۆلەکەی مێیینە، بە تەنیا بەرگەگر بەرگەگر، هەرچوار باڵندە فەرمییەکەی لە بێلایەکە ڕاو نان. وێڕای ئەو هێرشەی چەند خولەکێکی خایاند، عەزمی مێیەکە لە

پاراســتنی هــێلانه و بێچووەکانیــدا بڕوانەکــردە بــوو. هـاوڕەگەزە خۆبـادەرە بەتـاڵەکەم لێمـی دەڕوانـی، گوتم: "ئـاوا ســەیرم مەکە **هەمـزەی** بـرا (ئەرێ خـۆ نـاوم لـێ نـابوو **هەمـزە**)، ســەرەتا هەر بە ڕاســتی پێویســتە ئەو پیاوەی نێو خۆت بکوژیت." **هەمـزە** هەر وا و بێمانـا لێم ڕامـا. هێشـتا هیچـی نەگوتـووە، ئەگەر پێشـهاتێکی تـازە هەبوو دەینووسم.



Scanned with CamScanner

## سەحەر

شـــەو بەرلەوەی بخەوێـــت، **ســـەحەر** لەو خەنەیەی گرتبـــوویەوە هێنـــدێکی لە لەپـــی دەســـتەکانی هەردوو خوشـــکەکەی، **پنـار** و **قەدەر** هەڵســوت و دوای ئەوەی گۆرەوییە کۆنەکـانی خـۆی لەبـاتیی دەسـتەوانە بە کـار هێنـــان، چـــوونە ســـەر چرپاکەیـــان. دوای قەیـــرێ **سەحەر**یش چوو لەسەر جێخەوی سەر ئەرزەکە لە پاڵ خوشکەکانی ڕاکشـا. لە خۆشـیی ئەوەی سـپێدەی زووی ڕۆژی جەژن بێـــداریان دەکەنەوە، خەو نەدەچـــووە چاوانیـان. **پنـار** چەنـدی دەیکـرد نەیـدەتوانی لە خەیـاڵی جلە نوێیەکەی بێتە دەرێ. ئەوە یەکەم جار بوو جلێکی تـــازەی بـــۆ بکـــڕن. تـــا ئێســـتا دەبـــوو هەر بە جـــلە بچووکبووەوەکـانی قەدەر بگـوزەرێنێ. کاتێـک بیـری لە خۆی دەکردەوە، لە نێو جلێکی تـازەدا لە پێسـتی خۆی



Scanned with CamScanner

جێگەی نەدەبووەوە. **قەدەریش** بۆ جەژنانە پێڵاوێکی تازەی کڕیبوو. حاڵ و باری ویش لە هیی **پنار** جودا نەبوو. تا نیوەی شەوێ لە ژێر بەتانیدا هەر حیلکەحیلکیان بوو. گوێیان بە تووڕەبوونەکانی **سەحەریش** نەدا، دەیانزانی کە تووڕەبوونەکەی هەر بە گاڵتەیە. **سەحەر** دڵی نەدەهات لە خوشکەکانی تووڕە ببێت. دواجار دوای ئەوەی هەردووکیان شەکەت بوون، خوشکەکانی لە باوەش گرت و خەوتن.

شتێکی تریش هەبوو خەوی لە چاوانی **سەحەر** زڕاندبوو: وادەی ژوانی **خەیریی** لە شیرینەمەنییەکەدا قبووڵ کردبوو. لەگەڵ **خەیری** لە هەمان کارخانەی جلوبەرگی ئامادەکراو کاریان دەکرد. بە هۆی ئەوەی ڕۆژی عەرەفە بوو، ئەو ڕۆژە نیوەکار دەوامیان کرد. لە دەروازەی کارخانەکەدا **خەیری** لێی نزیک بووەوە، بە شەرمەوە داوای دیدەنیی ژوانگەیەکی لێ کرد. لە ڕاستیدا **سەحەر** دەمێک بوو چاوەنۆڕی ئەم داوایەی لێ دەکرد. ماوەیەکی زۆر لە کارخانە وێکڕا بە دزییەوە چاوباشقاڵێیان دەکرد. لەسەر کار دەمێک بوو کەوتبوونە سەر زاران. لە کارخانە هیچ شتێک لە بەرچاوان ون نەدەبوو.

**سەحەریش** وا بیری دەکردەوە کە وادەی هاوسەرگیریی هاتووە. تەمەنی بیستودوو ساڵ بوو، ناوە ناوە هەستکردن بە ترسی قەیرەکەوتن و لە ماڵ مانەوەی دەستی پێ کردبوو. هاوتەمەنەکانی خۆی

بەرلەوەی بگەنە هەژدە ساڵان، بە شوو درابوون و ماڵومنداڵیان هەبوو. ئەگەرچی یەک دوو خوازبێنیکاری **سەحەر** هاتبوون، بەڵام ئەو پێیان ڕازی نەبووبوو. وەلێ ئەوەتا خوێنی بۆ **خەیری** هەڵچووە؛ باڵا زراڤەکەی، قژە تاوتاوەکەی، لێوە ئەستوورەکانی، بگرە دەکرا بڵێی **خەیری** قۆزیشە. نزیکەی هەشت مانگ دەبێ لە هەمان شوێن کار دەکەن. خۆیشی ماوەی چوار ساڵ لەو کارخانەیەدا کرێکار بوو. هەرچی **خەیری**یە، دوای ئەوەی سەربازییەکەی تەواو کردووە لێرە کار دەکات.
سپێدە زوو بە هەراوزەنایەکی شیرین کە لە ماڵێدا بەرپا بووبوو، لە خەو ڕابوو. **غانی**ی باوکی **سەحەر**، **هادی**ی کاکی، کە سێ ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو، هەروەها **ئێنگین**ی تەمەن پازدە ساڵانی برای، بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لە ماڵێ دەچوونە دەرەوە. دوای ڕۆیشتنی ئەوان، **پنار** و **قەدەر** ڕایان کردە سەر دەستشۆرەکە، تا ئەو خەنەیەی بە لەپی دەستەکانیانەوە وشک بووبوو، بشۆن. جگە لەو وزەیەی بەیانیانی ڕۆژی جەژن دەیدا، هیچ شتێکی دیکە منداڵانی بچووک لە تولحی بەیانیان هێندە دڵخۆش و پڕکەیف ناکات.
**سەحەر**یش دوای شۆردنی خەنەکەی، یاریدەی خوشکەکانی دا. خەنەکەیان خاوێن و باوێن شۆرد. دەستی هەردووکیان وەک هەنار سوور هەڵگەڕابوو. لەپی دەستە بچووکەکانی بۆن کردن و هەردووکیانی ماچ کردن. **سوڵتان**ی دایکیشیان چووبووە ناندێن و

دەستی بە ئامادەکردنی قاوەڵتی کردبوو. دەبوو تا پیاوەکان لە مزگەوت دێنەوە قاوەڵتی ئامادە بێت. کاتێک **سەحەر** بۆ یارمەتیدانی دایکی دەچووە ناندێن، هەردوو لاسارەکەش بۆ پۆشینی جلی جەژنانەیان ڕایان کردە ژوورەوە. جێخەوە ڕاخراوەکانی دوو ژوورەکە هێندەی لەدەمێ هەڵگیرانەوە. لەسەر خوانی ئەرز قاوەڵتی ئامادە بوو. جگە لە ڕۆژانی جەژن، هیچ ڕۆژێکی تر هەموو خێزانەکە بە یەکەوە نانی بەیانییان نەدەخوارد. دوای ئەوەی پیاوەکان لە مزگەوت گەڕانەوە، بەر لە هەر شتێک جەژنانەیان لە یەکدی کرد. هەموویان، بە **دایکە سوڵتان**یشەوە، سەرەتا دەستی **باوکە غانی**یان ماچ کرد. هەرچی باوک بوو تەنها **پنار** و **قەدەری** لە باوەش گرتن و ماچی کردن، دواتر پارەی جەژنانەی پێ دان. پاشان کاتێک منداڵەکان دەستی **دایکە سوڵتان**یان ماچ دەکرد، ئەویش هەموو منداڵەکانی توند لە باوەش گرتن و ماچی کردن. براکانیش یەکتریان ماچ کرد و جەژنەپیرۆزەیان لە یەکدی کرد. **پنار** و **قەدەر** پارەی جەژنانەیان لە **کاکە هادی**ی براگەورەش بەردایەوە. **سەحەر**یش وێڕای ئەوەی نەیدەزانی کە تووڕەیە، برا بچووکەکەی لە ئامێز گرت و ماچی درێژی کرد. لە کاتی ئاساییدا بوایە **ئێنگین** قیامەتی بەرپا دەکرد، بەڵام هەم جەژن بوو، هەم ئەوی باوەشی دەکرد **دادە سەحەری** بوو. دادەی خۆی زۆر خۆش دەویست، ئەویش جیاواز لە هەموویان هۆگری ئەو بوو.

هەمـوودەم خۆشـی دەویسـت. **سـەحەر** چەکـمەزەکەی دەرهێنـا و پـارەی جەژنـانەی پـێ دا. **ئێنگـین** سـەرەتا نەیدەویست وەری بگرێت، بەڵام کاتێک دادەی پێداگریی کـرد، تونـد باوەشـی کـرد و مـاچی کـرد، دواتـر جەژنـانەکەی وەرگـرت. هەمـوو ماڵبـاتەکە بەدەم گفتوگۆیەکی پڕکەیفەوە قاوەڵتییان کرد.

تـا نیـوەڕۆ سـەردانە دووسـەرییەکانیان لەگەڵ دراوسێکانیان تەواو کرد. پیاوانی ماڵ بە جیا ڕۆیشتن و لە ماڵ وەدەر کەوتن. سێ سەعاتی مابوون بۆ وادەی ژوانەکەیـان لەگەڵ **خەیـری**، بەڵام هێشـتا بە دایکـی نەگوتبـوو دەچێـتە دەرەوە. **دایـکە سـوڵتان** زۆر وابەسـتەی منـداڵەکانی بـوو، بەڵام شـوێنی **سـەحەر** جیاواز بوو. **سەحەر** تەنها کچی نەبوو، بەڵکو هـاوەڵ و هـاوڕاز و هاودەردیشی بـوو. بەرانـبەر **سـەحەر** پتر لە منداڵەکانی دیکە لێبوردە بوو. دوای چەند هۆشدارییەک، کـچەکەی بەڕێ کـرد. پرسیاریشـی لێ نەکـرد بـۆ کـوێ دەچێت، بەڵام تا ڕادەی ئەوەی تەخمین بکات، **سەحەری** دەناسی.

لەو شـیرینەمەنییەی لە هەنـبەر *دادگـای ئەدەنە* بـوو، دیـدەنیی یەکـدییان کـرد. کـاتێکیش چـووە ژوورەوە، **خەیـری** بە تەنیا لەسـەر مێزێـک دانیشـتبوو، هەسـتا و دەستی **سەحەری** گوشی. "بەخێر بێیت، جەژنت پیرۆز بێـت." وای گـوت. **سـەحەریـش** بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بەرسـڤی دایەوە: "خـۆش بیـت، لە تـۆش پیـرۆز بێـت."



Scanned with CamScanner

**سەحەر** لەبەر خرۆشانی ئارەقەی کردبوو. یەکەم جارە ژوانی لەگەڵ کەسێکدا هەیە، هیچ نەیدەزانی چی بکات و چۆن هەڵسوکەوت بکات. ساڵانێکە ژیانی عیبارەتە لە چوونە سەر کار و گەڕانەوەی بۆ ماڵێ. کچانی کارخانە جار جار باسی ئەمەیان دەکرد، بەڵام خۆت تێیدا بژیت شتێکی ترە. هەر باش بوو **خەیری** ئارام بوو، تا ئەو دەمەی ترپەکانی دڵی **سەحەر** هێور بوونەوە باسی لە ئاووهەوا کرد. دواتر کەمێک باسیان لە ماڵباتی خۆیان و ڕابردوویان کرد. تا قسەیان دەکرد **سەحەر** زیاتر دەکرایەوە و ئارام دەبووەوە. وا خۆی لە تەناهی و ئاسوودەییدا هەست پێ کرد، دەتگوت ساڵانێکە لەگەڵ **خەیری** بە یەکەوەن. هەڵبەت لەم هەستەدا ڕۆڵی **خەیری** دیار و بەرچاو بوو، دەتگوت بە قسەکانی سیحر لە **سەحەر** دەکات. ڕوون بوو کە **خەیری** لەم باسانەدا ئەزموونددار بوو. بەڵام قەیدی نییە، ئاسایی بوو، دواجار **خەیری** پیاو بوو؛ هەڵبەتە لەگەڵ کچانی تریش ژوانی بەستووە. ئەوە گرنگ بوو ئێستا لەگەڵ خۆی ئاوا جوان و کاریگەر قسان دەکات. **خەیری** دەما کو دەئاخڤی سەری بۆ پێشەوە ڕادەتەکاند، **سەحەریش** ئەم دەرفەتەی دەقۆستەوە و ورد کونجکۆڵی ویی دەکرد. دوای دوو سەعات کە لە شیرینەمەنییەکە هاتنە دەرەوە و ماڵئاواییان لە یەک دەکرد، **سەحەر** قاچی بە زەوییەوە نەدەنووسان. وا دیار بوو عاشق بووە. بەرەو خانووەکانی **شاکر پاشا** بە پێڕەوت گەڕایەوە ماڵێ.

بەدەم ڕێگاوە جگە لە **خەیری** بیری لە هیچ شتێکی تر نەکردەوە.

ساتێک هەستی دەکرد ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕاون، ساتێکیش سەرەگێژەی دەگرت. سیحری ئەو ژوانە نهێنی و پەنهانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەماڵەوە، شوێنی خۆی بۆ ترس چۆڵ کرد. ئەگەر باوک و **هادی**ی برای پێی بزانن، قاچەکانی دەشکێنن. بۆیە دەبوو بەئاگا بێت، وا نەکات کەسیان هەست بە هیچ شتێک بکەن. بۆ ئێستا نیازی نەبوو لای دایکیشی ئاشکرای بکات. کە گەیشتەوە ماڵەوە پیاوەکان هێشتا نەگەڕابوونەوە. دایکیشی بە مەبەستەوە هیچ شتێکی لێ نەپرسی، هەرچۆنێک بێت ڕۆژی خۆی دێت و هەموو شتێکی بۆ باس دەکات.

هەر زوو جێگەیان ڕاخستن. **قەدەر** و **پنار** بە هۆی ماندووبوونی ڕۆژەکە وەک ئەوەی لە هۆش خۆیان چووبن، هەر زوو خەوتن. **سەحەر**یش لە پاڵ وان ڕاکشا، بەڵام چەند سەعاتێک بیرێ لە **خەیری** کردەوە و خەیاڵی دەچنین. بیری لە ئاهەنگەکەیان کردەوە، لە کراسی بووکێنییەکەی، کەلوپەلی ماڵەوەی خستنە شوێنەکانیان، بیری لە پێکەوەبوونی خۆی و **خەیری** کردەوە لە ماڵەکەیاندا بە تەنێ... لە شەرمان گۆناکانی ئاڵ ئاڵ بوون. هەر نەشیزانی کەی چاوانی چوونەتە خەو.

بۆ قاوەڵتی دیسانەوە هەموو ئەندامانی ماڵبات بە یەکەوە بوون. وەک ڕۆژی یەکەم چێژی نەبوو، بەڵام



Scanned with CamScanner

هێشتا بەکەیف بوون. **سەحەر** هێندە بەئاگا بوو، تا هیچ کامیان نەزانن لەگەڵ کەسێک ژوانی هەبوو، سەیری چاوی هیچ کامیانی نەدەکرد. لەسەر خوانەکە دوو کەسی تریش هەبوون کە لێک ڕانەدەمان: **باوکە غانی** و **کاکە هادی**. دوێنێشەو لە سۆزانیخانەی *ئەدەنە* ڕێکەوتی یەکتریان کردبوو، خۆیان لە یەکدی لە بای گێلی دابوو و ڕۆیشتبوون. بەڵام هەردووکیشیان دەیانزانی یەکتریان بینیوە. لەو کاتانەدا پیاوان بەپێی ڕێککەوتننامەیەکی شاراوە و نەنووسراو وا هەڵسوکەوت دەکەن، وەک ئەوەی شتێکی لەم جۆرە هەر ڕووی نەدابێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر قاوەڵتییەکە سەیری ڕوخساری یەکدییان نەکرد، تاکە وشەیەکیش بێت قسەیان بە یەکەوە نەکرد. هەرچی قسەکردن بوو لەبارەی ئاهەنگی بووکگواستنەوەی **هادی**، کە ساڵێکە دەسگیراندارە، هەردووکیانی پەست کردبوو.

دوای جەژن **سەحەر** بە هۆی ئەو ئەتوارانەی لەسەر کارەکەی دەیکردن، دڵی کەوتبووە سەر هەژ و خرۆشان. بە درێژایی ڕۆژ چاوی لە **هادی** نەدەبڕین، بۆ نیوەڕۆش لە خواردنگەکەدا لەسەر هەمان مێز ڕۆدەنیشتن. بە ڕوانین لە پیاوانی دیکەی کارگە خۆی بە بەبەخت دەبینی، چونکە **خەیری** قۆزترین و دڵباشترینیان بوو، هەروەها لە نێو ئەو هەموو کچانەی کارخانەکەشدا ئەوی هەڵبژاردبوو. بە هەستی ئەوەی لە نێو حیکایەتی پەرییەکدا بێت، حەزی نەدەکرد کات

تێپەڕێــت. ئێــوارە کە کــار تەواو بــوو، بە یەکەوە لە کارخانە هاتنە دەرەوە. کاتێک **سەحەر** ویستی ماڵئاوایی لێ بکات، **خەیری** بە ئاکارێکی شەرمێونەوە، "هاوڕێکانم بە ئوتۆمبیل بە دوامدا دێن، ئەگەر حەز دەکەیت با تۆش بگەیەنیــنەوە مــاڵەوە." وای گــوت. **ســەحەر** گــوتی: "زەحمەت مەکێشن." **خەیری** بە گوتنی "زەحمەتی چی، هەر خۆی ئێمە بەوێدا دەڕۆین"، ڕازیی کرد. سەحەر گوتی: "کەوابێ باشە، بەڵام هەر لە سەری کۆڵانەکە دام بگرن." وەک ئەوەی لە نیگەرانییەکەی تێبگات، **خەیری** گوتی: "هەڵبەتە، کوێت ویست لەوێ دابەزە."

کە لە ئوتۆمبیلەکە سەرکەوتن، **خەیری** بە هاوڕێکانی نەناساند، تەنها سڵاویان لە یەکدی کرد. جار جار ئاژۆوان و ئەوەی لە پێشەوە ڕۆنیشتبوو، بە چرپە قسەیان بە یەکەوە دەکرد. **خەیری**یش زۆر قسەی لەگەڵ **سەحەر** نەکرد، هەر بە کوڕێژگەی ئاژۆوانیشی نەگوت بۆ کوێ دەچن. کاتێک لە شەقامی سەرەکییەوە چوونە دووڕیانی *باڵجاڵی*، دنیا تاریک داهات. **سەحەر** شڵەژا. "بە هەڵە ڕۆیشتن، من لە *شاکر پاشا* دادەنشیم." وای گوت. "خەمت نەبێ، گوتمان دەورێک بە شەقامی بەنداوەکەدا لێ دەدەین و هەوایەک وەردەگرین، دواتر دەتگەیەنینەوە ماڵەوە، هەوایەکیش دەگۆڕین." **خەیری** بە گوتنی ئەمە ویستی ئەهوەنی بکاتەوە. "بەڵام با زۆر نەمێنینەوە، لە ماڵەوە چاوەڕێم دەکەن." **سەحەر** بە ڕاڕاییەوە ئەمەی گوت.



Scanned with CamScanner

دوای ئەوەی قەیـری ڕۆیشـتن، ئوتـۆمبیلەکە خـۆی بە ڕێگـایەکی دارسـتانیدا کـرد. **سـەحەر** دڵەخـورپەی پـێ کەوت. دوای ئەوەی مەودایەک لە نێـو دارسـتانەکەدا ڕۆیشتن، وەستان. **خەیری** گوتی: "با دابەزین کەمێک هەوای دارسـتان هەڵمـژین، هەوای دارسـتان زۆر خۆشـە." **سـەحەر** بە ترسـێکەوە گـوتی: "نەخێـر مـن دانـابەزم، دەبـێ هەر ئێسـتا بگەڕێمەوە مـاڵێ." **خەیـری** پـڕی بە قۆڵیـدا کـرد و بـۆ دەرەوە ڕای کێشـا. "ئەگەر دانابەزیـت ئەی بـۆچی سـواری ئوتۆمبیـل بوویـت، هـا!" دەم بە هـاوارەوە ئەمەی گـوت. **سـەحەر** نەیزانـی ئەم دەنگە لە گەرووی **خەیری**یەوە یان لەوانی دیکەوە هـاتە دەر؛ ڕێـی تێنـاچی ئەمە دەنگـی **خەیـری** بێـت. دوانەکەی تـر لە ئوتـۆمبیلەکە دابەزیـن و هـاتنە لایـان. یەکێکیـان باوەشی بە قەدیدا کرد و ئەوی تریش قژی بە مشتیەوە گرت. بە هاوکاریی **خەیری** لەسـەر ئەرز پاڵیـان خسـت، یەکێکیـان دەسـتەکانی و ئەوی دیـیش قاچەکـانی گـرتن. هەناسەی بۆ نەدەدرا، دەیویست هـاوار بکـات، دەنگی لە گەرووییەوە نەدەهاتە دەر. دنیا وەستابوو، هەموو شتێک وەستابوو، تەنها **خەیری** دەجووڵایەوە.

کاتێـک لە لێـواری پلیکـانەیەک وەهـۆش خـۆی هـاتەوە، سـەرەتا وای زانـی خەون دەبینێـت. هەوڵـی دا بەئاگـا بێتەوە، بەڵام خەواڵـوو بـوو. جلوبەرگەکـانی دڕابـوون، لاق و بەلەکـی خوێنـاوی بـوون. "وادیـارە ئوتۆمبیلێـک خۆی پێدا کێشاوم." وا بیری کردەوە. دەبوو ئەوە بێت،



Scanned with CamScanner

نەدەبوو ئەو شتە بێت کە بە بیریدا هات. "وادیارە ئوتۆمبیل لێی داوم و کابووس دەبینم." ئەمەی لە بەر خۆیەوە گوت. کۆڵانەکە زۆر بێدەنگ بوو، شوێنێکی بچووکی ناوچەیەکی پیشەسازی بوو. بە تەواوی نەیزانی لە کوێیە. بە ئاڕاستەی دەنگی ئوتۆمبیلەکان، ڕووەو شەقامی سەرەکی ڕۆیشت. کە گەیشتە سەر شەقامەکە ئینجا زانیی لە کوێیە. شوێنێک بوو لە نزیک ماڵەوەیان. پێی هەڵێنا، هەوڵی دا بیر لە هیچ شتێک نەکاتەوە. دایکی دەرگای لێ کردەوە، هەر ئەوەی دەرگاکەی کردەوە قیژەیەکی کرد، لە باوەشی گرت، بێ وەستان لێی دەپرسی: "چیت بەسەر هاتووە کچەکەم؟ چی بووە ڕۆڵەم؟" **سەحەر** هیچی نەگوت، دەنگی لە گەرووی قەتیسمابوو.

پیاوانی ماڵەوە هێشتا نەگەڕابوونەوە، لە بازاڕ دوکانی سەوزەواتیان هەبوو، بەیانیان زوو دەردەچوون و شەوان دەهاتنەوە. دایکی **سەحەری** بردە بانیۆ. **پنار** و **قەدەر** بە چاوی پڕ ترسەوە لە دادەیان ڕامابوون. **دایکە سوڵتان** جلەکانی داکەندن و کە شوێنە شین و مۆربووەکانی سەر جەستەی و خوێنی بینی، نەیتوانی بەر بە فرمێسکەکانی بگرێت. ڕووی بە قژی کچەکەی داپۆشی، گریا و گریا... جام جام ئاوی گەرمی بە سەری کچەکەیدا کرد، هەر وا فرمێسکی دادەبارانادن، تێکەڵ بە ئاوەکە بوون؛ کچەکەی بە فرمێسکان شۆرد. قژی بۆ شانە کرد و دیسانەوە کچەکەی شۆردەوە.



Scanned with CamScanner

**سەحەر** کەمێک هاتەوە سەر خۆی، فریادوفیغانێکی وەها هاتە بەرگوێ، دڵی دەبرژاند. ئەو یەکەم دەنگەی لە گەرووی **سەحەر** هاتە دەرەوە، هەموو کۆڵانەکە بیستی. دایک و کچ یەکدییان لە ئامێز گرت؛ بۆ خۆیان، بۆ ئەوەی ڕووی داوە گریان و گریان...

**سەحەری** وشک کردەوە و بیجامەکەی کردەوە بەری، لەسەر چرپاکە ڕای کشاند و بەتانییەکەی پێدا دا، دایکی لە پاڵ سەری ڕۆنیشت و بەدەم دەستهێنان بە قژیدا نزای دەخوێند. **پنار** و **قەدەر** خۆیان نابووە قوڕنەیەک و سەیری ئەوانیان دەکرد. **سەحەر** خەوت. خەوێکی شیرین و ئارام خەوت. لە باوەشی دایکیدا وەک منداڵێک وا بوو، تەنها ڕوخساری ماندوو دیار بوو. دایکی بە هێواشی دەستی لە کچەکەی بەردا و هەستا، کچە بچووکەکانیشی ڕەگەڵ خۆی دان و بە بێدەنگی چووە دەرەوە.

دوای قەیرێ دەرگا بە توندی کوترا. پیاوانی ماڵ بوون، دراوسێکان پەیوەندییان پێوە کردبوون و ئاگاداریان کردبوونەوە. یەکێ **سەحەری** بە خوێنەوە لە کۆڵان بینیبوو، یەکێ باسی ئەو قیژە و فیغانەی بۆ کردبوون کە لە ماڵەکەیانەوە بیستبوویان. بە شڵەژاوییەوە ڕایان کردبووەوە ماڵێ. "سەحەر چیی لێ هاتووە؟" **باوکە غانی** پرسیی. **دایکە سوڵتان** گوتی: "ئێستا خەوتووە، باشە." باوکە دیسان پرسیی: "باشە چی بووە؟" "هەرچی بووە تازە بوو ئیتر." **دایکە سوڵتان** بە

سەرکەشییەوە وای گوت. **باوکە** و **هادی** سڕ بوون، **ئێنگین** تێنەگەیشت چی بووە. باوکە وەرسووڕایەوە بۆ **هادی** و بێ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە، گوتی: "پەیوەندی بە مامەکانتەوە بکە، با هەر ئێستا بێن." **دایکە سوڵتان** پاڕایەوە: "بەم وەختە پەیوەندی بە کەسەوە مەکەن، با ببێتە بەیان و خێر دەبێت." باوکە گوتی: "ئەم کارە خێر و شەڕی نییە." دواتر ئەمەشی بۆ زیاد کرد: "چارەی بێچارەیی ناکرێ." **دایکە سوڵتان** دەستەوداوێنی مێردەکەی بوو: "کچەکەی من بێگوناهە **غانی**، ئازاری مەدە." ئاوا پاڕایەوە، بەڵام پیاوەکەی بچووکترین دڵنەرمیی لێ بەدی نەکرا.

زۆری پێ نەچوو، دوو مامی **سەحەر** کە لە هەمان گەڕەک دادەنیشتن، گەیشتنە ماڵێ. پیاوەکان خۆیان پەستایە ژوورێکەوە و ماوەیەک بە داخراوی گەنگەشەیان کرد. **دایکە سوڵتان** لای کچەکەی بوو و بەجێی نەهێشت، بەدەم ماچکردن و بۆنکردنی قژی و بەدەم گریانەوە بە بێدەنگی لە ژوورسەری ڕۆنیشت. مامەکانی بەبێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێن لە ماڵ دەرچوون. **هادی** هاتە ئەو ژوورەی **سەحەر** تێیدا خەوتبوو: "دایکە، تۆ بڕۆ دەرەوە." **دایکە سوڵتان** بە پێداگرییەوە مەیدانخوازیی کرد و گوتی: "کوڕەکەم! ناچمە دەرەوە، کچەکەم بەجێ ناهێڵم، دەیبەنە هەر کوێ منیش لەگەڵ وێدا ببەن." **هادی** گوتی: "تۆ تێکەڵی ئەم باسە مەبە دایکە، ئەمە کاری تۆ نییە، ناموس

ناموسی ئێمەیە." **دایکە سوڵتان** هاواری کرد: "هەی ناموستان کەوێ! کچەکەی من بێگوناهە، لێی دوور بکەونەوە." **سەحەر** بە نیوەهۆشەوە چاوەکانی کردنەوە، لەگەڵ کاکی نیگایان یەکانگیر بوون. هەردووکیان چاویان پڕ ئاو بوو، بەڵام **هادی** ئەتوارە سەختەکەی خۆی نەشێواند. **سەحەر** لە هەموو شتک حاڵی بوو، هەستایەوە و بە هێواشی چوو لە بانیۆ جلەکانی کردنەوە بەری. دوای جلپۆشین گەڕایەوە لای دایکی، بۆ ماڵئاوایی داوای مۆڵەتی لە کاکی کرد. **هادی** لە ژوورەکە چووە دەرێ، **سەحەر** توند توند دایکی لە ئامێز گرت، لەبەر گریان قسەیان پێ نەکرا. **پنار** و **قەدەر** ترسابوون و دەگریان. **سەحەر** خوشکۆڵە بچووکەکانی چەند جارێک لە ئامێز گرتن، بۆنی پێوە کردن، ماچی کردن. "دادەتان لە بیر مەکەن، باشە؟" وای گوت. ئەگەر نەشیانزانیبێت چی دەقەومێ، بەڵام منداڵەکان دەیانزانی شتێکی خراپ ڕوو دەدات؛ نەیاندەویست لە باوەشی دادەیان بێنە دەرەوە. باوکیان لە دەرەوە دەنگی لێ هەڵێنان: "وەرە دەرەوە، دەڕۆین!" **دایکە سوڵتان** کچەکەی لە پشت خۆیەوە پەنا دا، بە تووڕەییەوە گوتی: "سەرەتا من بکوژن!" مێردەکەی بە زللەیەک دایکی **سەحەری** تخێڵی[٤] ئەرز کرد: "لاچۆ لە بەردەمم!" وای گوت و جنێوی دان. بەبێ ئەوەی لەسەر

---

[٤] تخێڵ: تەخت، ڕاکشان

ئەرزەکە هەستێتەوە، دەستەودامانی مێردەکەی بوو، پاڕایەوە، لالایەوە، هەوڵی زۆری دا، وەلێ سوودی نەبوو، دەتگوت هەر لەگەڵ ئەویشیان نییە مێردەکەی...

بەبێ ئەوەی سەیری ڕوخساری بکات، دەرگای پیشانی **سەحەر** دا. **سەحەر** سەری دانەواند و ڕۆیشت. پێکرا سواری ئەو کامیۆنەیان کرد کە لە دەرەوە ڕایان گرتبوو. دراوسێکان لە توێی پەردەوە بە بێدەنگی سەیری بردنی **سەحەر**یان دەکرد.

بە درێژایی ڕێگا هیچ کامیان ورتەیان لێوە نەهات. **سەحەر** لەگەڵ **ئێنگین** لە دواوە دانیشتبوون، توند دەستی **ئێنگین**ی گرتبوو بەری نەدەدا. **ئێنگین** ئەگەر لە ترسی باوکی نەبوایە، حەزی دەکرد دادەی لە باوەش بگرێت. لە دەرەوەی شار لە لێواری پەرێزێک وەستان. سەرەتا **سەحەر** دابەزیی، چاوەڕوان بوو ئەوانی دیکەش دابەزن. ڕوخسارە جوان و ڕوونەکەی بە تریفەی مانگ ڕۆشن بووبووەوە. لە پێشەوە باوکی، لە دوای ئەوەوە **سەحەر**، لە دوای **سەحەر**یشەوە **هادی** و لە پشتی پشتەوەش **ئێنگین**: بە یەک ڕیز بەرەو ناوەڕاستی پەرێزەکە دەڕۆیشتن. زوقم و سەرمای *ئەدەنە* وای کردبوو زەوییەکە بیبەستێ. کاتێک پێیان بەسەر خاکە ڕەقەکەوە دەنا، جگە لە کرمەی دەنگی پێیان هیچ دەنگێکی تر نەدەهات. باوکیان وەستا، ئەوانەی دوای ئەویش... **باوکە غانی** وەرچەرخا، دەمانچەکەی لە بەرکەمەری دەرکێشا و بۆ **ئێنگین**ی



Scanned with CamScanner

ڕاگرت. **سەحەر** سەری لار بووەوە، بۆ یەکەم جار بوو داهێـزرێ. **سـەحـەر** بەدەم پـاڕانەوەوە گـوتی: "بـاوکە! قوربانـت بـم بـا **ئێنگـین** تێـوەنەگلێ، ئەو هێشـتا منداڵە باوکە، بەرگەی زیندان ناگرێ، من خۆم خۆم دەکوژم باوکە، ڕێگام بدە خۆم بکەمە قوربانی تۆ، **ئێنگین** مەکە قوربانی من."

**بـــاوکە غـــانی** لە دەمێکـــدا هەوڵـــی دەدا بەر بە فرمێسکەکانی بگرێت، "بگرە کوڕەکەم، وەرگرە **ئێنگین**، بـا ئەم کـارە لێرە تەواو بێت"، بە تونـدی ئەمەی گـوت. **ئێنگـین** دەسـتی ڕاهێشـت و دەمـانچەی دەسـتی بـاوکی وەرگـرت؛ تـرس و سـام لە ڕوخسـاری بەدی دەکـرا. هەواکەی سـارد بوو، **ئێنگین** منداڵ بـوو، دەمـانچەکەش سەنگین، دەستی دەلەرزین. **هادیی کاکی** بە **سـەحەری** گوت: "چۆکت دابدە!" بە جۆرێک کە هەستەکانی خۆی بشارێتەوە ئەمەی گوت. **سەحەر** بە حاڵێکی پەرێشانەوە گـوتی: "ڕێگـام بـدە دەسـتت مـاچ بکەم بـاوکە!" بـاوکی دەسـتی درێـژ کـرد، لە کاتێکـدا دەسـتی مـاچ کـرد و بە هەنیەی خۆیەوە نا، "گەردنم ئـازاد بکە بـاوکە"، سـەحەر وای گــوت. بـــاوکی کە بە دەســـتێک فرمێســـکەکانی دەسڕین، "گەردنت ئازاد بێ کچەکەم، تۆش گەردنی من ئـازاد بـکە"، بە زۆر هەر تـوانیی ئەمە بڵـێ. **سـەحەریش** گوتی: "گەردنت ئازاد بێت." وەرچەرخا و **هادیی کاکی** لە بـاوەش گـرت. داوای گەردنئـازادیی لـێ کـرد، وەلـێ **هادی** وەک بت بێ دەنگ و جووڵە بوو. دوایین کەس

**ئێنگین**ی له باوەش گرت، **ئێنگین**یش چەکەکەی لەسەر ئەرزەکە دانا و توند توند ئامێزی له دادەی وەرێ نا. **سەحەر** چەند جارێک براکەی ماچ کرد، قوول قوول بۆنی بە قژیەوە کرد و بەری نەدەدا.

**سەحەر** لەسەر ئەرزەکە ئەژنۆی دادایەوە، **ئێنگین** چەکەکەی لەسەر ئەرزەکە هەڵگرتەوە، لوولەی بە پشتەملی دادەیەوە نا، لوولەکە لەرزایەوە. "من قوربانت بم ئێنگینەکەم." **سەحەر** وای گوت. "مەترسە، دادە بە قوربانت، له هیچ شتێک و له هیچ کەسێک مەترسە، له زیندان ئاگات له تەندروستیت بێت." بەم قسانە ورەی وەبەر براکەی دەنا.

**ئێنگین** چاوەکانی توند نوقاندن و هاواری کرد: "دادە سەحەر!" دەنگی تێکەڵ بە دەنگی تەقینەکە بوو. له دوورەوە پۆلێک قەلەڕەشی نێو کوولەکان فڕین. **سەحەر** لەپەوڕوو کەوتە سەر ئەرز، خوێنە گەرمەکەی ڕژایە سەر خاکە بەستووەکە، تکایە سەر سەهۆڵەکە، دەستی کەوتە نێو خوێنەکەی خۆی.

سێ پیاو ئێوارەیەک له نێو دارستان خەیاڵەکانی **سەحەر**یان دزی.

سێ پیاو له نیوەشەودا له پەرێزێکی چۆڵ گیانی **سەحەر**یان سەند.



Scanned with CamScanner

## نازۆی پاککەرەوە

ئەو ڕینـــۆ ستەیشـــنەی دەیبینـــی، ئەوە ئوتـــۆمبیلی گەڕەکەی ئـێمەیە. سەرنشینەکانیشـی منداڵانی گەڕەکن. ئەمـانە منـداڵەکانی **پـووره حەلـیمە**ن، ئەوەی لە پشـت سـووکانەکەیە گەورەترینیـانە و نـاوی **یوسـف**ە، سـێی تـریش براکـانی **یوسـف**ن، یەکێکـیش کـوڕی مـامەکەی **مـوهیتین**ە، ئەو گـرگنەی لە سـندووقەکەدایە **سـلێمان**ی کـوڕی **مـوهیتین**ە. کـاری دروسـتکردنی کـارتۆنی قسـڵ دەکەن، کەلوپەلەکانی نێو سندووق بـۆ ئەو مەبەسـتەیین. هەر کە کاریـــان دۆزیـــیەوە وەک ژەهـــر کـــار دەکەن، تـــاقمێکی زۆر باشیشـــین. بەردەوام کاریـــان دەســـت ناکەوێـــت، بەڵام **یوســـف** کـــار دەدۆزێـــتەوە، زۆربەی بەڵێنـــدەرەکان **یوســـف** دەناســـن، خـــۆرتێکی باشـــە. لە ناوەندی وازی لە خوێندن هێناوە، **سوهەیلای** گەڕەکیان



Scanned with CamScanner

دەسگیرانیەتی. **سوهەیلا** کچی **مامە ئۆرهانە**، **مامە ئۆرهان** فەڕاشێکی خانەنشینە. لەو ساتەدا ترافیکەکە سەوز بوو، ئاژۆتمان. **سلێمان** لە دوایین ساتدا هەستی پێ کرد، لە سندووقەکەوە دەستی بۆ ڕاوەشاندم. منیش لە نێو *دۆلمووش*ەوە دەستم هەوا دا بۆی.

ناوی من **نازانە**، هەژدە ساڵانم، ناوەندیم تەواو کرد، بەڵام نەچوومە دواناوەندی. دوو برای لە خۆم بچووکترم هەن. دایکمان ئێمەی گەورە کرد. باوکم لە *شارەوانیی ماماک* کاری دەکرد، کاتێک من پێنج ساڵان بووم مرد. وەستایەکی زۆر باشی ماکینە بوو، لە خزمەتگوزاریی چاککردنەوەی شارەوانیدا کاتێک لە ژێر ئۆتۆبووسێکدا کاری دەکرد، جەگ کەوتە سەر لا. کە باوکم مرد دایکم هەشت مانگ بوو دووگیان بوو. لە باوکمانەوە مووچەی هەتیوکەوتن، هەروەها گۆڤارەکانی ئۆتۆمبیلمان بۆ مایەوە؛ زۆر خولیای ئۆتۆمبیل بوو، هەموو مانگێک گۆڤاری ئۆتۆمبیلی دەسەند و لە ڕۆژنامەکانیش وێنەی ئۆتۆمبیلەکانی دەبڕینەوە و کۆی دەکردنەوە. ئۆتۆمبیلەکەی خەیاڵی ئەو *موستانگ*ێکی ڕەش بوو، تابلۆکەی بە دیواری نانخانەکەوە هەڵواسیبوو. بەردەوام، هەموو ڕۆژێک بە دایکمی دەگوت ڕۆژێک هەر دێ ئۆتۆمبیلێک دەکڕم. دایکم هەرگیز تابلۆی *موستانگ*ی لە دیوارەکە نەکردەوە، هێشتا بەوێوە هەڵواسراوە. من بە خوێندنەوەی ئەو گۆڤارانەی ئۆتۆمبیل کە لە دوای باوکمەوە بەجێ

مابوون، گەورە بووم. خولیای ئوتۆمبیلم لەوێوە چاوگە دەگرێت.
دایکم بۆ پاککردنەوە دەچووە مالان، چونکە مووچەی هەتیوانە بەشی نەدەکرد. دوای ناوەندی منیش هەندێک جار لەگەڵ دایکم دەچوومە مالان بۆ پاککردنەوە. **نەبیلە** و **گوڵبەهاری** خوشکمان لە لای **پوورە حەسرەت** بەجێ دەهێشت لەو کاتانەدا. دوای ئەوەی بە باشی فێری کاری پاککردنەوەی مالان بووم، بە دایکمم گوت: "چیتر تۆ مەچۆ، من کار دەکەم." ئەوە ساڵێکە کاری پاککردنەوەی مالان دەکەم.
ماڵی ئێمە لە *ماماکە*، لە گەڕەکی خانووە بێتاپۆکانە. لێرە هەموو کەسێک یەکتری دەناسن. لێرە هەموو کەسێک هەژارە، بەڵام کەس لێرە بە هەژاری پێناکەنێ. تەنها ئەو کاتانەی دادەبەزینە نێو شار هەژاریمان بە ڕوودا دەدرێتەوە، کاتێک بۆ پاککردنەوەی مالان دەچم سواری ئۆتۆبووسی گشتی دەبم. هەڵبەت لە لای پەنجەرەوە دادەنیشم؛ خووی سەیرکردنی ئوتۆمبیل و کەسەکانی ناویم هەیە. لەو کاتانەدا کە ترافیکەکە سوورە یان بە هێواشی دەچنە پێشەوە، بە تەماشاکردنی ئوتۆمبیلەکانەوە بەسەر دەبەم. بۆ نموونە ئێستا ئەوەی لە پاڵمان وەستاوە کامیۆنی *فارگۆی* مۆدێل ٨٦ی **مامە حەیدەرە**. بار بار دەکات، هەڵبەت ئەگەر دەستی بکەوێت. بەردەوام لەو کۆڵانەی بەسەر شەقامی گشتیدا دەکرێتەوە دەوەستێت. خەڵکی



Scanned with CamScanner

چۆرپوومە، دوو کچی هەن، لە زانکۆ دەخوێنن. **پوورە بەسیمەی** خێزانی کەفتەکار و لە جێدا کەوتووە، سێ ساڵ بەر لە ئێستا ئوتۆمبیل لێی دا. ئەو کەسەی لێی دابوو هەر وا ڕای کردبوو، وای زانیبوو مردووە. یەکێک لە کچەکانی ساڵی ڕابردوو دەستگیر کرا، گوایە لە خوێندنگە نارەزاییان دەربڕیوە بۆ ڕووداوەکەی *ماماک*. ترافیکەکە سەوز بوو.

نیشتەجێبووەکانی گەڕەکی ئێمە ئوتۆمبیلەکانیشیان دیارن، لە یەک دەچن. هەموویان ماندوون، ئەمەکدارن، بۆنی هەژارییان لێ دێ، چەمیونەتەوە، سەروقژیان شێواوە، مۆدێل کۆنن، سووکانەکە بە دوو دەست دەگرن؛ سووکان دەرگای ڕزق و ڕۆزییە. کاتێک دێیتە سەر شەقامی سەرەکی، ئوتۆمبیلەکان و خەڵکەکەی نێویان جیاوازن. فەرمانبەر هەن، پیاوانی کاریش، ئاژۆوانی ژن، منداڵانی پۆشتەش. لەچاو ئوتۆمبیلەکانی گەڕەکەکەی ئێمە ئوتۆمبیلەکان نوێن. بۆ نموونە سەیری ئەو *پاسات*ە خۆڵەمێشییەی ئەم ژن و پیاوە بکەن کە بە لاماندا تێپەڕی... بێشک هەردووکیان کار دەکەن. ڕەنگبێ ژنەکە لە بانک کار بکات، پیاوەکەش وادیارە لە شوێنێک بەڕێوەبەرە. سەرەتا ژنەکەی دەگەیەنێتە بانک، دواتر خۆی دەچێتە سەر کار. وادیارە ماوەیەکی زۆرە هاوسەرگیرییان کردووە، وا دێنە بەرچاو بە ناچاری لە نێو یەک ئوتۆمبیلدان. جار جارە چەند وشەیەک بە یەکەوە قسە دەکەن، بەبێ ئەوەی لێک بڕوانن.



Scanned with CamScanner

هاوژینییشان بووەتە ناچاری. ئوتۆمبیلەکەیان بە قیست کڕیوە، هەردووکیان بە یەکەوە قیستەکان دەدەن، بەڵام پیاوەکە وا خۆی پیشان دەدا وەک ئەوەی ئەو خاوەنی ئوتۆمبیلەکە بێت؛ ئەمە سوودی بەدەستەوەگرتنی سووکانەیەکە ئیتر. ترافیکەکە بەربوو، ئێستا *شاهین*ێکی سپی (فیاتی ١٣١، *تۆفاش شاهین*)، لە پاڵمانەوە دەڕوات، چاککارییەکی خراپی بۆ کراوە. چوار گەنجی لە نێودان، گەنجانی گەڕەکەکەی ئێمە نین، بەڵام هیی ئەو دەوروبەرەن. دیارە کە دەچنە سەر کار. لەو گەنجانەن کە کۆتاییەکانی هەفتە لە گەڕەکدا پۆز لێ دەدەن و دەخولێنەوە. لە ڕێڕەوەکەی تەنیشتمانەوە، لە ترافیکەکەدا بی ئێم *دەبلیو*ێکی ٤٠,٧ وەستاوە. ئوتۆمبیلێکی تا بڵێی جوان. خاوەنی ئەو ماڵانەی کە بۆ پاککردنەوەیان دەچم لە هەمان ئوتۆمبیلیان هەن. تابلۆکانیشیان هەمانن. بوەستە! خۆ ئەوە **موراد بەگە** لە نێویدا! بەڵام ئەو ژنەی لە پاڵ دانیشتووە **خاتوو سێڤگی**ی خێزانی نییە. وادیارە هاوڕێیەکی کۆمپانیایەتی. ئای خوایە! خۆ لێوەکانی ماچ کردن! سەوز هەڵبوو. وادیارە بە هەڵە هاتە بەرچاوم، یان باشترە کە هەر نەمبینیبێت. **خاتوو سێڤگی** پزیشکە، لە بەشی فریاکەوتنە. **موراد بەگ**یش کۆمپانیای بیناسازیی هەیە. چوار ساڵە هاوسەرگیرییان کردووە. منداڵیان نین، بەڵام زۆر هۆگری یەکترین، واتە ئاوا بوون پێشتر. ترافیکی *مەیدانی کزڵای* داخراوە. لە ئۆتۆبووسەکە دادەبەزم، بە



Scanned with CamScanner

ناچاری بە پێ دەڕۆم. لە *کزلای* دەبێ دیسان سواری ئۆتۆبووس ببمەوە. ماڵی **سیڤگی خانم** لە *چوکورامبار* لە بینایەکدا لە نهۆمی سیازدە نیشتەجێن. لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ دەچم بۆ پاککردنەوەی ماڵەکەیان. سوپاسیان دەکەم، هەقەکەم بە زیادەوە دەدەنێ.

وادیارە لە *کزلای* خۆپیشاندان هەیە، گازی فرمێسکڕێژیان باراندووە، بۆنەکەی تا ئێرە دێت. چاوەکانم دەزووڕێنەوە، تا دێ هەناسەم تەنگتر دەبێت. لە دەوروبەرم هەموویان وەک ئەوەی خنکابن دەکۆکن، بە ڕاست و چەپدا ڕادەکەن. تۆبڵێی منیش ڕاکەم؟ باشتر وایە بچمە نێو کۆڵانەکە و بە کووچەکاندا تێپەڕم. لەپڕ شتێک بەر سەرم کەوت. وادیارە سەرم دووکەرت بووە. کەوتمە سەر ئەرز. لە لایەکیشەوە وەختە بخنێکم. وادیارە هەموو شت تا ئێرە بوو. باشە ئاخر من بۆچی ئێستا دەمرم؟ کێیە دەمکوژێت؟ دەی ئیتر، مەسەلەی ئەوانەی تریش هەر وایە. لەبەر ئەوەی لەپەوڕوو کەوتووم، وابزانم لووتیشم شکاوە. لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا کەوتووم و هەر وا لێیان ڕاماوم؛ تا ڕادەی ئەوەی ڕاست نەبێت هەقیقەتە. ئەو خوێنەی لە لووتمەوە دەتکێ دەمم پڕ دەکات. ژنانێک کە بە قژ ڕایان دەکێشن، ئەو گەنجانەی لەژێر زەبری تێلا هەوڵ دەدەن دروشم بڵێنەوە، ئەوانەی بەرد دەهاوێژن، ئەوانەی هەوڵ دەدەن بە داردەستی پانکارتەکەیان خۆیان بپارێزن، زرێپۆشەکان، ئەو ئاوەی دەڕشێنرێت، ئاژێرەکان، ئاژێرەکان...

ئێستا له نێو ئامبیولانسدام، ماسکی ئۆکسیجینیان خستووەته سەر دەمم. ئامبیولانسەکه چەند برینداریکی تریشی تێدان، بەلام هەموویان به پێوەن، تەنها منم ڕاکشاوم لەسەر قەرەوێڵەکه. سێ یاوەری تەندروستیم لەگەڵدان، وادیاره یەکێکیان پزیشکه. یەکێک له تیمی فریاکەوتنی نێو پاسەکه کوڕێکی قژجیڵاوییه. ناتوانی بڵێی قۆزه، زۆر ڕوونه مووچەکەی بۆ خۆدەرخستن و خۆبادان خەرج دەکات. تەخمین دەکەم ئوتۆمبیلی نەبێت، بەلام هۆقەیەک جێڵی هەیه. له لایەکەوه کاری خۆی دەکات، له لایەکیشەوه سەرژمێرمان دەکات بۆ لێدەرەکان. ڕوونه سەر به سەندیکایه، ڕووی تۆسن دیاره، بەلام چاوەکانی گەرمەنیگان. "باشیت؟" ناوبەناو ئاوا پرسیارم لێ دەکات. سەرم به مانای "باشم" ڕادەتەکێنم. ئوتۆمبیلی نییه، بەلام هاوسەرگیریی کردووه؛ ڕەنگبێ پیاوەکەی ئوتۆمبیلی هەبێت. هەرچی پزیشکه ژنەکەیه لەچاو دوو کەسی تیمەکه گەنجتره. دوو کەسەکه بەردەوام "خانمی دکتۆر، خانمی دکتۆر" دووپات دەکەنەوه، بەلام وادیاره ئەو لەبەر شڵەژاویی خۆی له بیری چووەتەوه پزیشکه. وەک سەڵت و بێئوتۆمبیل دەنوێنێ. ئەوی سەر به سەندیکای جوانی خۆڕاگر، ئەو سەرکاری ئامبیولانسەکەیه.

وابزانم گەیشتین. دەرگای ئامبیولانسەکه کرایەوه، به قەرەوێڵەکەوه دایان بەزاندم. به هەنگاوی خورتەوه دەچینه نێو فریاکەوتن. ئەو دوو کەسەی هەردوو لای



Scanned with CamScanner

قەرەوێڵەکەیان گرتووە، تا بڵێی ئارامن. دانیشتووی گەڕەکی ئێمە نین، بەڵام هیی ئەو دەوروبەرەن. هەر دەڵێی لەوەتەی لە دایک بوون بە قەرەوێڵەی فریاگوزارییەوە نەخۆش ڕووەو فریاکەوتن پاڵ دەنێن. هەردووکیان سەڵتن، ڕەنگە یەکێکیان مۆتۆڕی هەبێت. وادیارە کە هەموو ڕۆژێک لە فریاکەوتن ڕووبەڕووی واقیعێک دەبنەوە؛ ڕاهاتوون. ئەگەر بڕوانیتە ئەدای هاوارکردنیان بە ڕاست و چەپدا، وادەزانی پرۆفیسۆر دکتۆرن. وادیارە سەرکارەکانی ئێرەش ئەمانەن. فریاکەوتن زۆر قەرەباڵغە، پڕ بووە لەوانەی هاوار دەکەن و دەلاڵێنەوە. هەردوو "پرۆفیسۆرەکە" بەدەم گوتنی "هۆپپا" بەرزم دەکەنەوە و دەمخەنە سەر قەرەوێڵەیەکی تر، دواتر قەرەوێڵەی خۆیان دەبەن و دەگەڕێنەوە دواوە.

ماوەیەک هەر وا لە نێو چرپاکە چاوەڕێم کرد. دەستم بۆ پشتەسەرم برد، پێدەچێ مێشکم پژابێت. وەک ئەوەی ئێستا پارچەیەک مێشکی خوێناوی دەبینم، لە دەستی خۆمم ڕوانی. پاک بوو. دیسانەوە بە چاکی دەستم پێدا هێنایەوە؛ ئەرێ، سەرم بە خوێن نەهاتووە، بەڵام هێندەی لەپی دەستم پڕ بکات ئاوسابوو.

تیمی پزیشکی بە ڕووپۆشەوە، لە ژنان و پیاوان، لە دەورم کۆ بوونەوە. وا بە پەلەپڕووزێ کاریان دەکرد هەر تێنەگەیشتم کێ کامەیە. هەموویان زۆر گەنج بوون، گومانی تێدا نییە خوێندکارانی سەڵت و



Scanned with CamScanner

بێئوتـۆمبیلی بەشـی پزیشـکی بـوون. "مامۆسـتام، ئەم نەخۆشـە زەبرێـک بەر سـەری کەوتـووە، ڕەنگبـێ لووتیشی شکابێت." یەکێک لە گەنجەکان وای گوت. ئەو پزیشکە ژنەی بە "مامۆستام" ناوی هێنا، بە ڕووپۆشە سپییەکەیەوە خۆی بۆ سەرم چەماندەوە، دەموچاومی پشکنی، کاتێکیش نیگاکانمان یەکانگیر بوون، هاوارم کرد: "**خاتوو سیڤگی**!" بە حەپەسانەوە لێم ڕاما. "تۆ کێـی؟ ناتناسـم." وای گـوت. وادیـارە لە دۆخێکـدام نەناسـرێمەوە، دەنـا دەیناسـیمەوە. گـوتم: "مـنم، **نـازان**!" هاواری کرد: "ئای خوایە! **نازان**! ئەوە تۆ چیت بەسـەر هـاتووە؟!" هەردوو دەسـتەکانم کـردنەوە، وەک ئەوەی بڵێم "چـوورزانم". گـوتی: "باشـە، تێگەیشـتم. هەر ئێسـتا بیبەنە بەشـی تیشـک." فیلمیـان لـی گـرتم، هێنامیـانەوە. **سیڤگی خانم** لە کاتێکدا بە ژوورسـەرمەوە لە فیلمەکان ڕادەمـا، "دەی، شـتێکی وا نیـیە. شـکان، زامـداری و خوێنبەربوونی ناوەکیی نییە، بەڵام ئەمشەو دەبێ لەژێر چاودێریـدا بمێنیـتەوە، بەیـانییش دووبـارە فیلمـی لـێ دەگرینەوە و سـەیری دەکەینەوە. ئێسـتا تیمـاری دەکەن و ئاوگت وەسەر دەخەن، کەمێک ئێشت کەم دەبێتەوە"، وای گوت. گوتم: "دایکم، دەبێ دایکم ئاگادار بکەمەوە." گـوتی: "خەمـت نەبـێ، مـن ئاگـاداری دەکەمەوە." لەو ساتەدا پۆلیسەکان بە بێتەلی دەستیانەوە هـاتنە ژووری. "کامەیانن ئەوانەی لە خۆپیشـاندانەکەوە هێنـراون؟" ئـاوا پرسـیاریان لە کارمەنـدانی فریـاکەوتن کـرد. هیچکامیـان



Scanned with CamScanner

وەڵامیــان نەدایەوە. فەرمانــدەکەیان تــوورە بــوو. "کــێ بەرپرســی ئێرەیە؟" هــاواری کــرد. **ســیڤگی خــانم** هــاتە پێشــەوە و گــوتی: "مــنم." خـۆی ناسـاند. فەرمانـدەکەیان دووبارەی کردەوە، **خاتوو سیڤگی** گوتی: "ئێمە نازانین." ئەمەشـــی خســـتە ســـەر قســـەکانی: "کـــاری ئـــێمە چارەســـەرکردنە، کامەیـــان کێیە پەیوەنـدیی بە ئـێمەوە نییە." فەرمانـدەکەیان نیگایەکی ئاگرینی لە **سیڤگی خانم** گرت. "ناسنامەی هەموو نەخۆشەکان کۆ بکەنەوە." ئـاوا فەرمــانی بە پۆلیســەکانی تــر دا. **ســیڤگی خــانم** خــۆی تێوەردا و گــوتی: "لێرە خەریکن رێگری لە کارەکانمـان دەکەن، تکــایە دەتــوانن ئێســـتا بـــرۆنە دەرەوە، دوای ئەوەی کــاری فریــاگوزاری تەواو بــوو دواتــر ئێــوەش دەتـوانن کارەکەتـان بـکەن." فەرمانـدەکە فەرمـانی کـرد: "ناوی **خانمی دکتوریش** وەربگرن." ئەمەی بە هەوایەکی هەرەشــەکارانەوە گــوت. **ســیڤگی خــانم** هــات و لە پــاڵ قەرەوێڵەکەی مــن وەســتا. کــاتێ یەکێــک لە پۆلیســەکان داوای ناسنامەی لە منیش کرد، گوتی: "ئەوە کـارەکەرە لە ماڵەکەی مندا، کاتێک کاری پاککردنەوەی مـاڵەکەمی دەکرد لەسەر پەیژە کەوتووەتە خوارەوە." پۆلیســەکە وا رامــا وەک ئەوەی رەزامەنــد بوو بێــت. زۆر گەنــج بــوو، نیگاکـــانی هەژارانە دیــار بـــوون، ئوتــۆمبیلی نەبـــوو. فەرماندەکەیان لە دواوە هاواری کـرد: "ناسـنامەی وێش وەرگـرن!" فەرماندەکەشـیان لە هەژاریــیەوەرا هــاتبوو، بەڵام بە ئوتــۆمبیلەکەی کەمێــک هەژاریــی تێپەرانــدبوو؛

ڕەنگبێ *فۆرت مۆندیۆ*، دەستی دوو. **خاتوو سێڤگی** بارێکی ناڕازیی پیشان دا. "ئەگەر وەک گوتتان وا بێت، هیچ کێشەیەک نابێت **دکتۆر خانم**، خەمتان نەبێ." فەرماندەکە بە ماناداریییەوە وای گوت. **سێڤگی خانم** ڕووەو من وەرسووڕا: "مەشڵەژێ، ناسنامەکەتم بدەیە، من ئێستا پەیوەندی بە **مورادەوە** دەکەم، ئەو هاوڕێی پارێزەری هەن، چارەسەری دەکەن." کە وای گوت حاڵ و باری **کاک موڕادم** لە نێو *بی ئێم دەبلیوەکە* هاتەوە بیر. خۆم لە بیر کرد و بۆ حاڵی **خاتوو سێڤگی** خەمگیر بووم. ناسنامەکانیان کۆ کردەوە، لە قاوشی فریاکەوتنەکەدا دوو پاسەوانیان بەجێ هێشتن و ڕۆیشتن. دوای ئاوگەکە کانوولەی و دەرمانە هێورکەرەوەکان کەمێک ئازاریان کەم کردمەوە. باندجیان لە لووتم بەست، هەستم دەکرد دەوروبەری چاوەکانم ئاوساون. کڵاوەی ئەژنۆشم کاتێک بەربوومەتەوە ڕووشاون، زۆر دەبرژێنەوە.

دوای چەند سەعاتێک فەرمانده و چەند پیاوێکی دی گەڕانەوە، بە منەوە هەشت برینداریان دەستگیر کردن. **خاتوو سێڤگی** زۆر ناڕەزایی دەربڕی، بەڵام گوێیان پێ نەدا. لە نێو *دۆلمووشی* پۆلیسدا لە پاڵ پەنجەرەکەدا ڕۆنیشتم، بەڕێ کەوتین. ئەو منداڵەی بە تەنیشت ئێمەوە *ئاودیۆ Q7ی* دەئاژۆت، وا دیار بوو پارەی باوکیەتی تەڕاوبەڕای دەکات. دەنگی دابووە گۆرانییەکە و بە دەستی ترپەی لە سووکانەکە هەڵدەستاند. ڕەنگبێ

له زانکۆیەکی تایبەتدا بە پارە بخوێنێ. ساڵی داهاتوو لێی وەڕز دەبێت، داوای مێرسێدیس CLX دەکات، پێدەچێ باوکیشی بۆی بسەنێ. کوڕێژگە شایانی بوو، دواجار خۆ یەکێک نەبوو لە کوڕانی گەڕەکەکەی ئێمە. سەوز هەڵبوو.

شەوەکەم بە تەنیا لە ژوورۆچکەیەکی ئاسایش بەڕێ کرد. کابووسەشەوێک بوو لە نێوان لەهۆشخۆچوون و خەوتندا. بۆ بەیانییەکەی گوتیان: "پارێزەرەکەت هاتووە." **موراد بەگ** ناردبووی. هەموو شتێکم بە پارێزەرەکە گوت. "باشە." پارێزەرەکە وای گوت. "خەمت نەبێ، هەرچی لە دەستمان بێ دەیکەین، هەوڵ دەدەم لە دادگا بتسەنمەوە." پارێزەر خێزاندار بوو، بە ژیانی سەردانی گەڕەکی ئێمەی نەکردبوو. دیار بوو کە ڤۆڵڤۆی S70ی هەیە. "یانی چی دادگا؟" من گوتم. "خۆ من هیچم نەکردووە بگاتە دادگا!" "هەڵبەتە لێت تێدەگەم، بەڵام لە ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆدا وێنەی تۆ بڵاو کراوەتەوە." لە جانتا چەرمەکەیدا ڕۆژنامەیەکی دەرهێنا، لە لاپەڕەی یەکەمدا، لە ژێر مانشێتی "گێرەشێوێنەکان!" وێنەیەکی من هەبوو کاتێک لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا بە ڕوویەکی خوێنینەوە دانیشتووم. "ئێ باشە، بەڵام خۆ من هیچم نەکردووە!" بە ترسەوە ئەمەم گوت. پارێزەر داوای لێ کردم لە دادگا "مافی بێدەنگبوون/وەڵامنەدانەوە" بە کار بهێنم و دادوەر هەرچی پرسیاری لێ کردم، وەک خۆی بۆی باس بکەم. بەدەم



Scanned with CamScanner

گـوتنی ئەگەر ڕەوانەی زینـدانم بـکەن دووبـارە یەکتـر دەبینینەوە، دەستی گوشیم و ڕۆیشت. لە دوایەوە دەنگم هەڵێنا: "بە دایکم بڵێن کە من باشم، تکایە!" بە دەستی ئامـاژەی "باشـە"ی بـۆ کـردم. ژنە پۆلیسـەکە دەستی نایەوە بەر قۆڵم و دووبارە منی بردەوە ژوورۆچکەکەم.
ژنە پۆلیسـەکە لە گەڕەکەکـانی دەوروبەری ئـێمە بـوو، پێـدەچوو دایکـی بە پـاککردنەوەی مـاڵان خەرجیـی خوێندنەکەی دابین کردبێت. هێشـتا شـووی نەکردبـوو، بۆ ئێستا تەنها خەیاڵی کڕینی ئوتۆمبیلی دەچنین.
پـاش دوو ڕۆژ ئێمەیـان لە ژوورۆچـکەکە دەرهێنـا و گوتیـان: "دەبـرێنە دادگـا." لەگەڵ مـن چـوار ژنـی دیکەشیان دەستگیر کردبوو. لە ئۆتۆبووسی پۆلیسدا لە پاڵ پەنجەرەکە ڕۆنیشتم. ئۆتۆبووسـەکە پڕ بـوو، وەڕێ کەوتـین. کاتێـک لە *ئولـوس*ەوە بەرەو *سیهیە* داگەڕایـن، نیگام کەوتە سـەر ئەو ژنەی *فۆرد فۆکەس*ی دەئـاژۆت. مەنـدووبی دەرمـان بـوو. بە ڕێکپۆشـی، مینیـژۆپ و چاویلکەی خۆری دەیگوت: "من مرۆڤی گەڕەکێکی ترم." ئوتـۆمبیلەکە هیی کۆمپانیا بـوو. ژنە شـووی نەکردبوو، لە ژێـر ماسـکی بەختەوەرییەکەیـدا دەتگـوت نەهـامەتیی خـــۆی مەلاس داوە. دەیزانـــی بەختەوەرییەکەشـــی هاوشـێوەی ئوتـۆمبیلەکە ئەمـانەتی کۆمپانیـایە. سـەوز هەڵبوو.
داواکـاری گشـتی کورتەپرسـیاری کـردن، منـیش بە کـورتی وەڵامـم دایەوە. داواکـاری گشـتییە گەنـجەکە



Scanned with CamScanner

هێشــــتا بــۆنی هەژاریـــی لە خـــۆی نەتەکانـــدبوو هاوسەرگیریی کردبوو، *نیسان ئالمێرای* دەستی دووی هەبوو. نەفرەتـی لە هەژاری و نەبوونی دەکرد، وا دیار بـوو بـیەوێ بە ئوتـۆمبیلەکەی بە خێرایـی لێـی دوور بکەوێتەوە. تەنها یەک جار سـەیری ڕوخساری کردم. پارێزەرەکەشم چەند شتێکی گوت لە شێوەی "با ئازاد بکرێـت". داواکـاری گشـتی گـوتی: "لە دەرەوە چـاوەڕێ بـکەن." چـوار پێـنج سـەعات لە ڕێـڕەوەکەدا چـاوەڕێی داواکـــاری گشـــتیمان کـــرد. دوای ئەوەی هەموویـــان گوتەیان لـێ وەرگیرا، بەدەم گوتنی "ڕەوانەی زینـدانیاز بکەن"، مـن و دە پـازدە بیست کەسێکیان جیـا کـردەوە. لەگەڵ گـوتنی "زینـدانیکردنی چـی؟" دەسـتم بە گریـان کرد. پارێزەر هەوڵـی دا ئەهـوەنم بکـاتەوە. دوای کەمێک لە بەردەم دادوەر بـووین. دادوەریـش هەمـان پرسـیاری ئاڕاستە کردینەوە، دیسان هەمان وەڵامم دانەوە. دادوەر خێزاندار بوو، هەژاریی لە بیر کردبوو، پێدەچوو *شکۆردا سوپەربی*یەکی نوێی هەبێت؛ کورسییەکی چەرم، ڕەش. لە نێو تـاریکیی سـەرلەئێوارەدا بەرەو زینـدانی *سـینجان* دەڕۆیشتین. ڕێگایان نەدا لە پاڵ پەنجەرەی *دۆلمووش*ی پـۆلیس دانیشـم. بە درێژایی ڕێـگا پەسـت بـووم، لە نێـو *دۆڵمـووش*دا جـگە لە دەنگـی بێـتەل هـیچ دەنگێکـی تـر نەدەهـات. لە دەروازەی زینـدانەکەدا پاسـەوانە ژنەکـان داوایان کرد جلەکانمـان داکەنـین و دەسـتیان بە پشـکنین کـرد. هەموویـان دانیشـتوانی کۆڵانەکـانی دەوروبەری

ئێمە بوون، دەیانزانی کە ناتوانن لە هەژاری دەرچن. لە خەیاڵکردن بۆ ئوتۆمبیلیش دوور بوون. هۆکاری هەژاریی ئەوان ئێمە نەبووین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا ڕەفتاریان دەکرد ئێمە بین.

شەش مانگە لە زیندانم. شەش هاوڕێین لە ژوورێکدا. هەموویان ژنە چالاکەکانی گەڕەکی ئێمەن. دوای دوو مانگی تر دەبریمەوە دادگا. دایکم هەموو هەفتەیەک دێتە سەردانم. دووبارە دەستی کردوەتەوە بە چوونە سەر کاری پاککردنەوەی ماڵان. **سێڤگی خانم**یش سڵاوی هەیە بۆم. لە سەردانەکانی بەراییدا دایکم دەگریا، بەڵام ئێستا باشترە. هەفتەی ڕابردوو ڕۆژی لەدایکبوونم بوو. هاوڕێیانم لە بسکویت کێکی لەدایکبوونیان لە شێوەی ئوتۆمبیل بۆ ئامادە کردبووم. زۆر پێکەنیین.

من کچی باوکی خۆمم، کچی ئەو پیاوەی کە خەیاڵەکانی بۆ *موستانگ* لە ژێر ئۆتۆبووسێکی شڕوشەقی شارەوانیدا کۆتایی پێ هات. وەک ژنێکی کارەکەر هاتمە ئێرە. بە ژیانم بەشداریی هیچ ناڕەزایەتییەکم نەکردووە، بەڵام لێرە بە ڕوویەکی دیکەی گەڕەکەکەی لەمەڕ خۆمان ئاشنا بووم. ڕەنگبێ زۆر لە زیندان نەمێنمەوە، بەڵام ئەم شەش مانگەش بەشی ئەوەی کرد خۆم بناسم. هەروەها شتێکی گرنگیش لێرە فێر بووم: ئەگەر بە پێداگری و بوێرانە ڕێگا بگریتە بەر، هەندێک جار خێراتر لە ئوتۆمبیل ڕێگا دەبڕیت. ناڤا من **نازۆی پاککەرەوەیە**، چاوەڕێم بکە *ئەنقەرە*.



Scanned with CamScanner

## وەک تێیگەیشتوون ئاوا نییە

کەمەندەکەم کردە مل و بەبێ ئەوەی هیچ دوودڵییەکی لێ بکەم، شەپێکم لە تەپڵەکەکە هەڵدا. لە کاتێکدا کە تەپڵەکەکە لەسەر ئەرز گینگڵی دەدا، چاوەکانم لە بنمیچەکە بڕین و دووبارە بیرم کردەوە. ویستم هەموو ژیانم وەک شریتی فیلمێک بێتەوە بەرچاوم، بەڵام وا نەبوو. بەم شێوەیە نزیکەی دە خولەک تێپەڕی. لە هەر پارچەیەکی شریتەکەدا ڕووی خەندانی ئەو بوو. ئەو ژیانەم کە لەو و لە هەمان پارچە شریت پێک هاتبوون، لێرە کۆتایی پێ دەهات، ئەگەر لەسەر ئەرزەکە لەسەر پشت نەکەوتبام... مرۆڤ ناتوانێ خۆی بە ڕاکشاوی هەڵبواسێ. درککردن بەمە دووبارە ویستی ژیانی لە ناخمدا زیندوو کردەوە. هەستامەوە سەر پێ، کەمەندەکەم لە ملم کردەوە، بەو ئارامییەی کە تەواوکردنی هەوڵی خۆخنکاندنم پێی دابووم، چوومە



Scanned with CamScanner

نانديْنەكە. سێ هێلكەم شكاندن و قاوەڵتیم خوارد. ڕیشم تاشی، جلەكانم كردنەوە بەرم و لە ماڵێ دەرچووم.
لە نێو ئەسانسۆرەكەدا ڕێكەوتی سەرۆكی خانەنشینكراوی مافیا، **مامە قادرم** كرد. "بەیانیت باش **مامە قادر**." سڵاوم لێ كرد. گوتی: "بەیانیت باش **موستی**، چاكی؟" "باشم **مامە**، دەیگوزەرێنین." وام بەرسڤ دایەوە. ویستم بڵێم: "دەزانی **مامە قادر**، لە ڕاستیدا كەمێك پێش ئێستا هەوڵی خۆكوشتنم دا." حەزم كرد لە باوەشم بگرێت و دەستی بە قژمدا بێنێ، بێ ئەوەی دریغی لە بەزەییەكەی بكات میهرەبانیم پیشان بدات. بەڵام نەمگوت. تەنها وەك كەسێك كە تازە هەوڵی خۆكوژیی دابێت، لێی ڕامام. ویستم خۆی حاڵی بێت. هیچ شتێكی نەگوت، دەهری بووم. دوای ئەوەی لە ئەسانسۆرەكە چووە دەرەوە، وەستا، وەرچەرخا. "كوڕەكەم، شتێك لە چاوانتدا هەیە؟" وای گوت. بۆ ئەوەی نەگریم زۆریم لە خۆم كرد. "نا مامە، چی هەبێت." "ئێ، ئەدی بۆچی لە نێو ئەسانسۆر چاویلكەی خۆرت لە چاو كردوون تەرەس؟" وای گوت. خۆم وەك ئەو كەرە بینی كە لە نێو پەندی "ئەو شووتییەی لە كەر دەكەوێتە خوارەوە"[٥]، باسی دەكرێت.
بێ مەبەست بە چەند كۆڵانێكدا گەڕام. بە خۆمم گوت ئەوەتا، ئەمڕۆ بۆ نەڕۆیشتن هۆكارێكی شایستەم هەیە،

---

[٥] ئەم پەندە بە مانای حەیریبوون و سەرسامی دێت. (وەرگێڕ)



Scanned with CamScanner

چونکە بێکارم. ئەوە دوو مانگە ئاوام. کە دەڵێم بێکار، ماوەیەک شاگرد بووم لە پیزافرۆشییەکدا، واتە ڕۆژێک بوو. لەو ڕۆژەی دەستم بە کار کرد، هەر کە مۆتۆڕسکلێتی خزمەتگوزارییان لێ دزیم، پێیان گوتم: "ئیتر تۆ مەیەرەوە سەر کار!" بەر لەو کاتەش خۆم هەر بێکار بووم. بە سوپاسەوە باوکم هەموو مانگێک پارەی بۆ دەناردم. کاتێک لە پیزافرۆشییەکە دەستم بە کار کرد، بە باوکمم گوت: "ئیتر پارە مەنێرە، پێویستم نییە." ڕۆژی دواتر شەرمم کرد تەلەفۆنی بۆ بکەم و پێی بێژم لە کار دەریان کردم. باوکم هێشتا وادەزانێ من پیزاچیم، ڕاستتر بڵێم وادەزانێ دوکانی پیزافرۆشیم کردووەتەوە. هەفتەی ڕابردوو تەلەفۆنی کرد. "کوڕم، هەر لە بیرم دەچێ بپرسم، ئەرێ پیزا چییە؟" پرسیی.

لە کوێستانەکانی *کاڕلیئۆڤان*، لەوێ تەلەفۆن بە باشی کار ناکات، لە نێو خشەخشدا، "کەلوپەلی داقمی ددانە"، ئاوام گوت، تەلەفۆنەکە داخرا. دوای کەمێک دووبارە تەلەفۆنی کردەوە، گوتی: "تاقمی ددان چییە؟" تەلەفۆنەکە داخرایەوە.

بڕۆ و بڕۆ و ئاوا بە پێ تا بەردەم ماڵی **بێرنا** هاتم. **بێرنا** بەم کاتە لە ماڵ نابێت. لە بانک کار دەکات، یان ئەوەی کار بۆ بانکێک دەکات. "فەرموون بەڕێز، با کرێدت کارتێک بۆ دروست بکەم." وای گوت. گوتم: "نا." پێداگرییشی کرد، بەڵام من نەمویست. "تەنها فۆتۆکۆپییەکی ناسنامەکەتی گەرەکە، ئەوەی تر خۆمان



Scanned with CamScanner

چارەسەری دەکەین." ئەم جارە پێدارگریم نەکرد، گوتم: "باشـــە." گــوتی: "پیــرۆزە." لە پــێش ئەو ســتاندەی لە بەردەم مــارکێتەکە دانرابــوو، دەستبەجێ کارەکـانی بـۆ تەواو کــردم. بە نیشــانەکەی بەرملــیەوە نووســرابوو "**بێرنـا**". بەم هـۆیەیە نـاوی دەزانـم. ئەویـش نـاوی مـن دەزانێت، جارێک کاتێک فۆتۆکۆپییەکی لێ وەردەگرتم، سەیری ناسنامەکەی کردم. ئەوە حەوت مانگی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام دڵنیام لە بیری نەچووەتەوە. زۆر جوان بە ڕوومـدا پێکەنیی. ڕۆژی دواتـر دیسـان چوومەوە بـۆ دیدەنیی، تا ماڵەکەی بە دوایدا چووم، بەڵام هەستی پێ نەکردم. دواتر بۆ چەند ڕۆژێک لە بەردەم مـارکێتەکەدا نەمبینـی. چـوومە بانـک پرسـیم، گوتیـان لە مـاکینەکە ژمــارەیەکی نــۆرەگرتن ڕاکێشـــە و چـاوەڕێ بــکە. کە نۆرەم هـات دووبـارە پرسـیمەوە. گوتیـان جـارێکی تـر نەیەیتەوە. جارێکی دییش **بێرنام** نەبینییەوە. هەموو ڕۆژ سپێدە تا ئێوارێ لە بەردەم ماڵیان چاوەڕێم کرد، چیتـر ڕێکەوتیم نەکردەوە. پێکەنینەکەی لە لام جێ ماوە.

بــاوکم وادەزانێـت مــن لە *ئیســتەنبووڵ* لە ئەنـدازیاریی بیناســازی دەخــوێنم. ئەوە بــووە چــوار ســاڵ، دەبـێ ئەمســـــاڵ تەواوی بــــکەم، بەڵام بە هــــۆی ئەوەی دواناوەنـــدیم تەواو نەکـــرد، نەمتـــوانی بچـــمە نێـــو تاقیکردنەوەکـانی وەرگـرتن لە زانکـۆ. سـاڵی ڕابـردوو کاتێـک بـاوکم سـەربانە خـۆڵەکەی تێـک دا و دووبـارە دروسـتی دەکـردەوە، ڕای منـی پرسـی. گـوتم: "هێشـتا



Scanned with CamScanner

نەگەیشتووینەتە ئەم باسە." **بێرنا** پرسیی: "پیشەت؟"
گوتبووم: "ئەندازیاری بیناسازی." کرێدت کارتەکە
هێشتا وا لە گیرفانمدا. هەر مانگی یەکەم کە قەرزەکەم
نەدا داخرا. دڵم نەهات فڕێی بدەم، خستمە زەرفێکی
نایلۆنەوە و لە جزدانەکەمدا هەڵم گرت. مانگی ڕابردوو
چەند پۆلیسێک هاتنە ماڵەکەم: "ئێوە کاک **مستەفان**؟"
"فەرموون" وام گوت. کەلوپەلی ماڵەکەمیان کۆ کردنەوە
و بردیانن. لە ڕاستیدا ئەگەر **بێرنام** دۆزیبایەوە، پێم
دەگوتن بۆچی نەمداوە. شەرمەزاری کچەش بووم.
ئەوەی ڕاستی بێت من ئەو مرۆڤە نیم وەک ئێوە بیرم
لێ دەکەنەوە، من بەر لە **بێرنا نێرگزم** خۆش دەویست.
واتە ویستم خۆشم بوێ. کچی **کاک غیاسەدین** بوو، کە
لە ئەپارتمانی بەرانبەرمان دەژیان. لە زانکۆ دەیخوێند،
هێشتاش هەر لەوێ دەخوێنێ. جارێکیان لە کۆڵان
ڕێکەوتی یەکتریمان کرد، زۆر جوان بە ڕوومدا
پێکەنیی. منیش ماوەیەک چوومە زانکۆ بۆ بینینی **نێرگز**.
تا **نێرگز** لە وانەکەی دەهاتە دەرەوە لە نێو باخچەکەدا
چاوەنۆڕی دەبووم. لە بەر خۆمەوە گوتم: "پێم بێژە
**نێرگز**، من تۆم چۆناهی خۆش بوێ؟"
ببمە بیمارت، ناوت بە مووس لەسەر سینگم هەڵکۆڵم؟
کە هێشتا جارێکیش چییە دەستتم نەگرتووە، هەستم
دەستی هەموو ئەو پیاوانە بشکێنم کە تەوقەیان لەگەڵ
دەکەیت؟ لە دەرگای دەرەوەی زانکۆکەتدا هەڵقووتێم،
بێزارکەرت بم، قۆڵت ڕاکێشم و بێژم "وەرە پێکڕا

بیگــوزەرێنین"؟ ئەو هاوڕێیــانەت کە ڕێگــری دەکەن، کەللەم بکێشم بە نێوچاویاندا؟ کاتێک دەڵێیت: "بڕۆ لە کۆڵم ببەوە، بەڵای سەری منی چیت؟" من زێدەتر ببمە بەڵای سەرت؟ تا نیوەی شەوان لە بەردەم ماڵەکەتاندا هەڵنووتێم؟ لە پەنجەرەی هۆشتەوە بە دزییەوە ڕامێنە و هەم ڕابچڵەکێ و هەم دڵخۆش بە، پۆلیسانم وەدوا بخە، با ڕاپێچی قەرەقۆڵانم بکەن، لەگەڵ هەر زەبرێک تێمدەسرەوێنن ناوت دەهێنم، لەگەڵ هەر هاوارێکیشدا زۆرتر پەیوەستت دەبم. یان هیی منی یان هیی خاک **نێرگز**. ژیانت لێ بکەم بە زیندان؟ چێژی ژیانت نەهێڵم؟ بەدەم گریانەوە کە دەڵێی: "تکایە وازم لێ بێنە، خۆشم ناوێی، تەنها لێت دەترسم. نابینیت ژیانت وێران کردووم؟" ئەودەم لەو ڕاستییە تاڵە حاڵی ببم؟ ئەڤینی خۆم بە مووس لەسەر لاق و لەوەرم هەڵکۆڵم؟ نامەیەک لە دوای خۆم جێ بهێڵم، بەدەم خوێندنەوەی چاوانت نوقمی ئەسرین ببن؛ ئەودەم تێبگە چەندەم خۆش ویستووی. بە چەپکێک گوڵەکێویلکەوە بێرە سەر گۆڕم، با لەسەر کێلی گۆڕم نووسراوی "ئەوە هاتوویتە لای من **نێرگز**؟" هەبێت.

پێم بێژە چۆناوچۆن **نێرگز**؟

ئەگەر پێت خۆش بێ هەموو ڕۆژێ پێکەوە لە زانکۆ دێینە دەرێ، بەدەم باوەشگرتنەوە پیاسە دەکەین، مینا قومرییەکان. با هەموان بەغیلییان بە ئێمە بێت، با هەموو ئەڤینداران بەم هۆیەوە شەڕ بکەن و لێک جیا

ببنەوە. من تۆ بە "ئەڤینم" بانگ دەکەم و تۆش بە "تاقانەکەم". دروست وەک خودی سێوێک بین. دواتر بە یەکەوە لە ماڵێک بژیین، بەدەم خەوتنەوە کۆتایی بە ئازاری لێجیایی بهێنین. با دیوارەکانمان بەو شیعرانە بڕازێنەوە کە بۆ تۆم نووسیون. وەک حیکایەتی پەرییەکە هەموو ساتەکانمان تێپەڕن. لە ڕوانین لە یەک بێزار نەبین، با خۆشترین بۆنی دنیا بۆنی پێستت بێت. با بە جۆرێک بژیین وەک ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی وڵات دوو کەس بن. دواتر ڕۆژێک لەهیکڕا بزانە ژمارەی دانیشتوانەکە سێ کەسە؛ گوایە دیاری بۆ **جەیدا** کچێک دەنێرم. یەکەم جار کە دەبیستی قەت بڕوا مەکە، بێژە ناشێ، بڵێ شتی وا ناکات. دواتر هەرچۆنێک بێت بڕوا دەکەیت کە درۆ نییە. با دنیات سەراوژوور بێت، چەند هەفتەیەک خۆت لە کونجی ماڵێ بنێ. متمانەت بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی نەمێنێ. بەرگەی بینینی ڕوخسارم مەگرە. کاتێک من لەسەر پردەکەوە بە ئاڕاستەی ئاوە ساردەکەی بۆسفۆر شۆڕ دەبمەوە، تۆ ئەو نامەیەی لە دوای خۆم جێم هێشتووە بخوێنەوە. بەدەم خوێندنەوەیەوە نوقمی فرمێسکەکانی خۆت بە. وێ دەمێ بزانە کە **جەیدا** خوشکم بووە، ئەودەم تێبگە تۆم چەندە خۆش ویستووە. بە دەسکێک گوڵەکێویلکەوە بێرە سەر گۆڕم، با لەسەر گۆڕم "ئەوە تۆیت هاتووی نێرگز؟" نووسرابێت.

ها **نێرگز**؟ دەتەوێ چۆنم خۆش بوێی؟

با لەسەر بنەمای پیرۆزیی هەوڵ و ئارەقەی نێوچاوان، زێدەتر بێت خۆشەویستیمان. کاتێک لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر ڕادەکەین، با بۆنی ئارەقەمان تێکەڵ ببێت. تا شەڕمان زێدەتر دەبن با زۆرتر هۆگری یەکدی ببین. کاتێک دەست لە نێو دەست ڕێگای شکۆمەندیی خەبات دەگرینە بەر، هەموو ڕۆژ لە نوێ پەنهانی یەکدی وەدۆزین. با لە لێپێچینەوەی ئەشکەنجەدەر بگوزەرێین، ئەڤینی ئێمە ببێتە پۆڵای ڕەقاوکراو، با لەو دنیای بۆ چەوساوەکان دروست دەکرێت، ئێمەش ئەرکێکمان هەبێت. خۆشەویستی بە هەوڵدان و ئازادییش بە بەرخودانەوە بەدی بێنین. با بوێری و فیداکاری ببێتە تاقە یاسای ژیانە نایاساییەکەمان. دواتر ڕۆژێک لەژێر ئەشکەنجەدا با زمانت بکرێتەوە و ئەدرەسی ئەوماڵەی خۆم تێدا حەشار داوە، بدە. بەیانییەک کە هێشتا خۆر شەوقی خۆی لە ئەستێرەی بان هەنیەم نەداوە، با هەڵبکوتنە سەرم و بە نێوچاوانمدا بکێشن، با ئەو نامەیە بدۆزنەوە بۆ تۆم جێ هێشتووە. کە دەیخوێنیتەوە لە ئەشکی خۆتدا نوقوم بە. ئەودەم تێبگە چەندەم خۆش ویستووی. بە قەفێک گوڵەکێویلکەوە بێرە سەر گۆڕم، با لەسەر کێلی گۆڕم نووسرابێت "ئەوە دیسان تۆیت؟"

من خۆشم دەوێی، تۆ جۆرەکەی بێژە **نێرگز!**

با ڕۆژێک پەیوەندییە بێفیزەکەمان ئاشنای جگەرەی پێچراوە بێت، دەبا "بە بایکە و گوێی مەدێ" ببێتە فەلسەفەی ژیانمان. لە کاتێکدا دەڵێین با شێوازێکی



Scanned with CamScanner

بۆهیمیمـان هەبێـت، بـا گـوو بە ژیانمـان وەربێـت. بـۆ کۆکردنەوە پارە بۆ کڕینی پەریوانە، بە یەکەوە دەبینە مەیگێـڕی مەیخانەکـان. بە یەکەوە دەبیـنە مەیگێـڕی مەیخانەکان. هەموو ڕۆژێک ناڕەزایی بەرانبەر بێدادی و نایەکسانی دەردەبڕین، تەنها بۆ ئەوەی ببێتە هۆکاری خواردنەوەمـــان. هەمـــوو ڕۆژێکمـــان بە شـــکاندنی تـابۆیەکەوە تێـپەڕێ. لەگەڵ تێکشکاندنیشـی بـا بگەیـنە تامی ئەڤینی بێچارە. نە لێپێچینەوەی ڕۆژانی ڕابردوو هەڵگرین، نە بۆ داهـاتووش خەیـاڵ بچنین. ئەو سـاتەی تێیدا دەژین بەبێ ئەوەی لە هەنبەر بەهای دۆلار پێوانی بکەین، چێژی لێ ببینـین. نەک لەبەر ئەوەی لە *ئالاچاتی* کـولێرەبەقیمەیەک بە پەنجـا لیـرە دەفرۆشـرێ، بەڵکـو لەبەر ئەوەی بەو بەهایە وەردەگیرێ با جنێوان بدەین. با لە هەنبەر *ئۆلۆمپیۆس* سەراسیما نەبین **نێرگز**. دواتر ڕۆژێـک کە لە ماڵێـدا بە تەنیـام، وەڕز بـبم. دواتـر بڵـێم دەژیـان ڕیـم و بچـم بخـۆمەوە. دوای خـواردنەوەی چـواردەیەمین کـۆنەبیرە، لە بـاڕدا گۆبەنـد سـاز بـکەم. ماخۆیـانی بـاڕەکە چەقۆئەنگـازم بـکەن، لە گیرفانمـدا نامەیەک دەرهێنن، کە دەیخـوێنیتەوە... دەی ئەم بەشـەی دەزانیـت. لەسـەر کێلـی گـۆڕەکەم "دەنـا ئیتـر **نێرگـز**" نووسرابێت.

لە دەمێکدا من ئاواهی دانیشتبووم و خەیاڵم دەچنین، **نێرگز** لەولاوە دەرکەوت. کاتێک ڕووەو مـن دەهـات، هەسـتم کـرد ئەژنۆکانم دەلەرزن. هەر بـاش بـوو دانیشـتبووم و نەکەوتم.

کاتێک بە لامدا تێپەڕیی سەیری من نا، بەڵکو بۆ لای منی ڕوانی. بە دڵنیاییەوە بۆ بینینی من ئاوڕی دایەوە، بەڵام نەیبینیم. پێکەنینەکەی لای من مایەوە.

من کەسێکی ئاوا نیم، وەک بیرم لێ دەکەنەوە بە هیچ شێوەیەک نیم. هەرچی بەسەرم هات لە خۆشویستن سەمراوە بوو.

لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی *قەیسەری*دا، کە بۆنی بەهارات و بۆنی قوماش تێکەڵ بووبوون، لەناکاوێکدا ئەوم بینی. کە هەستی بە بوونی من کرد سڕ بوو، منیش هەروا. ماوەیەک هەر بە چاوانمان قسەمان کرد. دەتگوت هەراوزەنای کۆڵانەکە لەپڕ کپ بوو. وێدەچوو هەموویان لەپڕ لە نێو چووبن، تەنێ من و تۆ ماینەوە. هیچ نەگۆڕابوو، وەک چەند ساڵێک پێش ئێستا هەر وا سیحراوی بوو. سەرەتا هەردووکمان ڕاڕا بووین. دەکرا خۆمان لە یەک لە بای گێلی بدەین و بڕۆین، وامان بکردایە وەک ئەوەی هەر یەکترمان نەدیوە و ئەو برینانەمان نەکولاندبانەوە. بەڵکە تەنها هەستکردن بە تەزووێک و چیتر نا. تا کۆتایی کۆڵانەکە تەزووەکە کەم دەبووەوە، لە دوای دوورکەوتنەوەش هەرە زۆری دەبووە بزەیەکی بەسوێ. بەڵام وامان نەکرد، بە ئاڕاستەی یەکتر چووین. لە بەردەم فرۆشگەی فرۆشتنی دۆشاوی بیبەری تیژدا ڕوو لە یەکدی وەستاین. بۆنی دۆشاوەکە لووت، کونەلووتەکانمی دەبرژاندنەوە. هەستم کرد لەبەر تیژییەکە چاوەکانم ئاوتێزاو بوون. لە ترسی

ئەوەی هەڵەتێگەیشـــتن دروســـت ببێـــت، بەرم بە فرمێسکەکانم گرت. فرمێسکەکانی وێ داباری‌ن، ڕەنگبێ بە هۆی دۆشاوەکە بووبێت. شینایی چاوەکانی نوقمی فرمێسک بوون و ڕەنگی هەنگوینیان وەرگرت.

تۆبڵیی بۆچی تیژی فرمێسک لە چاوانمان دێنێ؟ هەڵبەت ڕوونکردنەوەیەکـی زانسـتیی بـۆ هەیە. خـۆزگە ئەودەم بمزانیـایە. بە لایەنـی کەمەوە لەوەوە دەسـتم بە قسـان دەکرد. لە حاڵێکدا بووم نەمدەزانی چی بڵێم، وەک ئەوە بوو هەرچی پەیڤە لە یادگام سڕابێتنەوە. لە نێو دەنگ و هەرای *قەیسەری*دا تەنها سڵاوکردن: "سڵاو." هۆسەیەک بوو هەر دەنگییشم نەبیست. تەنها بە لێوەکانیدا زانیم. منیش گوتم: "سڵاو." "چەند تیژە." گوتم. ئەویش بەدەم سەیرکردنی دۆشاوەکانەوە گوتی: "بەڵێ، زۆر تیژە."

بنمیچی قەیسەرییەکە بە گوڵینگە داپۆشرابوو. لە نێو سووف و گلۆڵەکاندا گورزە تیشکێک ڕێگای خۆی دۆزیبووەوە، ئەو ڕێگایەی بە ملیۆنان ساڵ دەیبڕی، لەسەر قژە قاوەییەکەی وێ کۆتایی پێ دەهێنا. کێ دەیزانی ئەو گورزە ڕووناکییە دوای ئەوەی لە خۆر دەبێتەوە و ڕێگای دنیا دەگرێتە بەر، هەموو ژیانم سەراوژێر ناکات؟ دەتگوت دوو ساڵ بەر لە ئێستا جیا نەبووینەتەوە. وەک ئەوە بوو بە یەکەوە هاتبینە بازارکردن، وەک ئەوەی خۆر لە توێی قژی بکەمەوە، دەستم هەر لە خۆیەوە بۆ قژی برد. گوتی: "وامەکە." بەڵام دەنگیم نەبیست. هەموو تیشکی سەر قژیم خستە

چنگمەوە. دەستێک مەچەکی توند گرتم. هەردووکمان بە یەکەوە بۆ خاوەن دەستەکە وەرچەرخاین. خۆشەویستەکەم هاواری کرد: "نەکەی!" هەموو قەیسەرییەکە خۆی ڕادەستی هاوارێکی بەژان کرد. لێوەکانیم نەبینین، بەڵام دەنگی پەردەی گوێیەکانمی دڕی. خۆشەویستەکەم خۆی دادایەوە سەر جەستە خوێناوییەکەم. دواتریش دەنگێکی تر. قژی کەوتە سەر ڕوخسارم، قاوەییەکەی خوێنین بوو. لە چاوەکانیەوە دڵۆپێک هەنگوین تکایە سەر لێوانم. بۆنی بەهارات و بۆنی خوێن تێکەڵ بوون، خرۆشی قەیسەرییەکە وەرچەرخایە سەر فیغان و هاوار. وامەزانن ئاوا دەیگێڕمەوە، منیش هەر لەوێ گیانم بەخشی. خۆشەویستەکەم لێی دا ڕۆیشت، گیانی منی لەگەڵ نیگا خەمگیرەکانی خۆی برد. ئێستا گۆڕم چاوە خوێنینەکانیەتی، هەرچی گۆڕی **سەمرایە** لە گوند لە ژێر درەختێکدایە. پێکەنینەکەی لای من جێ ما.

هەرچی بەسەرمان هات خۆشەویستی بەسەری هێناین. ئێستا بە سەرەگوللەیەک کە لە سەرمدایە، مەحکوومی ژیانم. خەڵاتی براکەی **سەمرایە**؛ هەندێک جار هۆشم دێتەوە و دەڕوات، هەندێک جاریش هۆشم دەڕوات و قەت نایەتەوە. هەر بزەیەکی جوان دەمباتەوە لای **سەمرا**. ئیتر کاتم نییە لێپێچینەوە بۆ ئەو ژیانانە.بکەم بوونە قوربانیی خەندەیەک. ئاوا سەیر مەکەن، هیچ شتێک وەک تێیگەیشتوون ئاوا نییە.

# سڵاو له چاوه ڕەشەکان

کاتێــک زەنــگ لێــی دا، ســەعات ٦:٠٠ی بەیــانی بــوو. **حوسێن** زەنگەکەی داخســت و لەســەر جێخەوی قــاتی سەرەوە هاتە خوارەوێ. کە هاتە خوارەوە **جەماڵ**یشی بە نقــوچکە لە خەو ڕاپەڕانــد، کە لە قــاتی ژێــرەوەی جێخەوەکە نوســتبوو. لەگەڵ **جەمــاڵ** هــاوڕێی منــداڵی بــوون، خەڵکــی هەمــان گونــد بــوون. تــا پۆلی ســێی ســەرەتاییش بە یەکەوە خوێنــدبوویان، دواتــر **حوسێن** وازی لە خوێنــدن هێنــابوو. هەرچــی **جەمــاڵ**ە تــا پۆلی چواری خوێندبوو، هەر ئەمەش هۆکار بــوو تــا **جەماڵ** ئەو بە نەخوێنــدەوار بزانێــت و جــار جــارە مــامەڵەی جاهیلێکی لەگەڵدا بکات.

هەر کە لە ڕازگەکەی هــاتە خــوارەوە و هێنــدە کە پێیەکانی گەیشــتنە ســەر ئەرزەکە و نەگەیشــتن، ئەوەی



Scanned with CamScanner

به بیر هێنایەوە کە ئەمڕۆ زۆر جیاوازترە لە ڕۆژانی دیکە. ئەوەتا ئێستا گەیشتبوونە کۆتایی ئەو ڕۆژەی کە هەر تەواو نەدەبوو و وا دەهاتە بەرچاو ئەو دوازدە سەعاتەی کارکردن و شەوی بێخەوی، تا تەمەن تەواو دەبێت ئەو ماوەیە تەواو نابێت. پازدە مانگە لەم بینایە کاریان دەکرد. بە هیوای دۆزینەوەی کار گوندەکەیان جێ هێشتبوو و ئەوە ئێستاش بووە ساڵ و نیوێک. سێ مانگی سەرەتا لە *ئیستەنبووڵ* بە یەکەوە کاریان دەکرد، دواتر بەخت یاوەریان بوو، لەم بیناسازییە کاریان دۆزییەوە. بە هۆی ئەوەی تەمەنیان شازدە ساڵان بوو، سەرەتا سەرپەرشتیاری بیناسازییەکە کەمێک دوودڵ بوو، دواجار بەبێ بیمە و بە کرێیەکی کەمەوە کاری پێ دان. لەو بیناسازییەدا بە کۆی گشتی هەشت منداڵ هەبوون. هەر خۆی لە کۆی شەست کرێکار تەنها بیستوشەشیان بیمەیان بۆ کرابوو. ئەوانی دی بە کاری ڕەش و بەبێ بیمە قبووڵ کرابوون کار بکەن. هەر خۆی ئەوەی منداڵ بیت سەخت بوو، ئەدی کرێکارێکی منداڵ و قاچاخیش بیت، سەختتر بوو. بەڵام هیچکام لەمانە بۆ **حوسێن** هێندەی حەسرەتی **بەفرین**، کە لە گوند جێی هێشتبوو، سەخت نەبوو.

لە خەوگە بۆن ئارەقاوییەکەی دەرچوو و لە خواردنگەکەدا بە خێرایی شۆرباکەی خوارد و دواتر وەک چۆن ئەوە پێنج مانگە لەباتیی ئەوەی بچێتە سەر کارەکەی، چووە ڕیزەوە بۆ ئەوەی ئەو کرێی



Scanned with CamScanner

مانگـــانەیەی کـــۆی کردبـــوونەوە، لە حیســـابداری وەربگرێت. ڕیزێکی درێژ، ماندوو، بێهیوا و پەرێشـان. بەو پارەیەی دەستیان دەکەوێت دووبارە دەگەڕێنەوە ئیستەنبووڵ و بە دوای کارێکی تردا دەگەڕێن.

خۆشەویستییەکەی **حوسێن** بۆ **بەفرین**، ئەویش هەر قاچاخ بوو. منداڵ بوو، متمانەپێنەکراو بوو. دوای ئەوەی لە گوند ڕۆیشتبوو دوو جاران نامەی نهێنیی بۆ **بەفرین** نووسیبوون. ئەوی ڕاستی بێت لەبەر ئەوەی نامەکانی ڕاستەوخۆ بۆ **بەفرین** نەنووسیبوون، بۆ **زولەیخای** خوشکی ناردبوون. "**زولەیخا** کچێکی ژیرە، هەرچۆنێک بووە هەواڵ دەگەیەنێتە **بەفرین**..." ئاوا بیری کردبووەوە. ئەگەرچی لە هیچ ڕستەیەکی نامەکەدا ناوی **بەفرین** نەهاتبوو، وەلێ هەرچۆنێک بێ **زولەیخا** دۆخەکەی پێ ڕادەگەیەنێت و حەسرەتی کاکی بە **بەفرین** دەگەیەنێت. بەڵام لە نامەکەدا وشەی "حەسرەت"یش نەهاتبوو. بۆ ئەوەی هیچ کەسێک گومان نەکا، هەموو نامەکانی بە ڕاز و ڕەمزەوە دەنووسین. تەنها ئەوەی لە کۆتایی هەموو نامەیەکدا متمانەی بەو ڕستەیە هەبوو کە دەینووسی: "سڵاو بۆ چاوە ڕەشەکان..." ئەگەرچی هەموو گوندەکە چاوڕەش بوون، بەڵام ڕەشیی چاوی هیچکامیان نەدەگەیشتە ڕەشیی چاوانی **بەفرین**. نامەکانی بە **جەمال** دەنووسین، هەرچۆنێک بووە **جەمال** پیاوێکی خوێندەوار بوو. دوای

ئەوەی هەردوو نامەکە وەڵامیان نەهاتەوە، داخی لەوە دەخوارد کە داخۆ خوێنراونەتەوە یان نا.
کاتێک قەرەپەستە و جەنجاڵی لە ڕیزی پێشەوەی نۆرەکەدا دروست بوو، هەموویان خەیاڵی خراپیان کرد و لەگەڵ **جەمال** نیگامان یەکانگیر بوون. هۆکاری ئەو قەرەپەستەیە بە چرپە دەهاتە بەرگوێ و لە ڕیزی پێشەوەی نۆرەکەدا گەیشتە گوێ. حیسابدارەکە لەوێ نەبوو! هەموویان لەبارەی ئەوەی چی دەبێت، فیکرە و ڕای خۆی هەبوو. ئەوانەی پازدە مانگ دەبوو بێ ئەوەی نقەیان لێوە بێ وەک کۆیلە کاریان کردبوو، لەپڕ کەوتنە سەر بزاقی نارەزاییدەربڕین، بە تووڕەییەوە مقۆمقۆیان دەکرد. ئەم چاوەڕوانییە لە مانگان درێژتر بوو. دواتر بێدەنگییەکی خەمگین دای گرتنەوە.
**جەمال** لە بیری کردبوو ناونیشانی خۆی لەسەر نامەکان بنووسێت. لەوەش خراپتر **جەمال** ئەوەشی بیر نەبوو ناونیشانی گوند بە دروستی لەسەر زەرفەکە بنووسێت. نەهاتنەوەی وەڵامی نامەکان کاریگەرییان لە خەوی **حوسێن** کرد. وێڕای ئەوەی هەموو ڕۆژێک دوازدە سەعات وەک کۆیلە کاری دەکرد، ئەمجاش شەوانە خەوی لێ نەدەکەوت. لە بنمیچی سەرووی چرپاکەیدا بە قەڵەمجاف ناوی **بەفرینی** نووسیبوو. لە تاریکەشەویشدا دەیتوانی نووسینەکەی ببینێت. لەسەر کارەکەیدا کاتێک ماڵنجکاریی دەکرد، بەردەوام ناوی **بەفرینی** دەنووسییەوە و دووبارە ماڵەی دەکردەوە.



Scanned with CamScanner

**جەمال** بەم حاڵ و بارەی **حوسێن** دەهری دەبوو، هەوڵی دا ئەهوەنی بکاتەوە، دڵنەوایی بکات. دەم و نادەم کفری دەکردن، هەتا جارێک شەپێکیشی لە **حوسێن** هەڵدا. وەلێ **حوسێن** هەر گوێشی پێ نەدا و هەر وا لە خەیاڵی خۆیدا بوو.

ئەو قسانەی دەهاتنەوە بیر کاتێک لە گوند بوو، لە ژوانی بە دزیدا لەگەڵ **بەفرین** دەیکردن. ئەویش تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندبووی، دواتر بەوەی کە "گوایە" خوێندن کاری کچان نییە، لە خوێندنگە دەریان هێنا. هەرچۆنێک بوو وادەی شووکردنی نزیک دەبووەوە. لە گوندێکی بچووکی مووش‌دا سەخت بوو منداڵ بیت، ئەگەر کچە منداڵێک بوایەیت سەختتر بوو، ئەدی ئەوەی بووکێکی بچووک بیت هەر زۆر سەخت بوو. **بەفرین** گوڵێکی یاخی بوو، ملکەچی هیچ سەختییەک نەدەبوو، هەرگیز ڕێگای نەدەدا بە شووی بدەن و ئەو ناوەی دەشێواند. ئەویش بە دزییەوە سەوداسەری **حوسێن** بووبوو، بەڵام وێ چاوی لە زیاتر بوو. زۆر زیاتر. لەم بارەیەوە کەمێک لەگەڵ **حوسێن** دەمودووی کردبوو. باسی لە ڕۆیشتن کردبوو. لە خۆڕا نەبوو کە ئەڤینەکەی هێندە سووتێنەر، هێندە بێڤەگەڕ و لە هەمان کاتدا هێندە نائومێدانە بوو. **حوسێن** ئەو نهێنییەی بۆ **جەمال**یش باس نەکردبوو.

کاتێک سەرکارەکە لە ئۆفیسەکەی هاتە دەرەوە و بەرەوڕووی ئەوانەوە چوو، ڕیزەکە خرۆشانی تێکەوت.



Scanned with CamScanner

گوێیـان هەڵخسـت. پیـاوەکە بەبـێ ئەوەی دەنگـی بەرز بکـاتەوە، "ئەو کرێیەتـان کە لە ژوورەوە کۆ کراوەتەوە، لە ناوەنـدی سـەرەکی لە *ئیسـتەنبوڵ* وەری بگـرن"... کاتێـک وای گـوت، سـەرەتا بێـدەنگییەک هـاتە ئـاراوە، دواتـر غەڵبەغەلـب دەسـتی پـێ کـرد. کاتێک سەروەسـتا پشـتی لـێ هەڵکـردن و لەوەدا بـوو بـڕوا، وەسـتا. "خزمەتگـوزاری دە خـولەکی تـر وەڕێ دەکەوێ. کێشـەیەکتان هەیە؟" کە وای گـوت غەڵـبە نەمـا. کرێکارەکان ملیان کەچ کرد و پەرتەیان لە ڕیزەکە کرد و بە هەنگـاوی گـرانەوە، هەرکەس چـووە لای ئەو مینیبووسـەی کە بەرەو شـارەکەی وی دەچـوو. نـاخی **حوسێن**یش نائارامی و کەسەرێکی توند دای گرت.

لەم دنیایەدا کەسێک هەبێت هێندەی **حوسێن** بە کەسەر و دڵبرژاوییەوە بیر لە **بەفرین** بکـاتەوە، دایکی **بەفرین** بـوو. دوو هەفـتە دوای ئەوەی **حوسێن** گونـدی بەجـێ هێشـت، **بەفـرین** ون بووبـوو. "برژانگەکانـت دانەوەرن کچەکەم..." دایکی وای گوتبوو، دوای ئەوەی ڕۆیشتبوو. لەوێ ڕۆژێـوە هەمـوو بەیـانییەک چاوەکـانی لە ئاسـمان دەبڕێت، نزا بۆ کچە نازەنینەکەی، بۆ **بەفرین** دەکات.

کاتێک مینیبووسەکە بە هێواشی لە نێو قوڕەکەدا ڕێگای گرتە بەر، **حوسێن** سەری وەرچەرخاند و لە پەنجەرەی دواوە دوایـین جـار ئـاوڕی بـۆ ئەو بینـایەی تەواویـان کردبـوو، دایەوە. ڕێـک لە سـەرووی دەرگـاکەوە تـابلۆیەکی گەورە هەڵواسـرابوو: "زینـدانی پیتـی ف،

*تەناهیی بەرز*"، نووسرابوو. **جەمال**یش لێی ڕوانی، سەیری هەمان شوێنی کرد. ساتێک نیگایان یەکانگیر بوون. دواتر هەردووکیان وەک ئەوەی بەسەر تاوانێکەوە گیرابن، نیگایان یەکلا کرد و دەکرێ بڵێم بە شەرمەوە سەریان وەرچەرخاندەوە. مینیبووسە قوڕاوی و کۆنەکە لەسەر ڕێگا قوڕینەکەوە، کاتێک چووە سەر ئەو لاڕێیەی بە شەقامە سەرەکییەکەوە بەسترابووەوە، کرێکارە بیمەکراو، قاچاخ، پیر و منداڵەکانی لە باوەش گرتبوو و لە ڕابردوویەکی خەمگینەوە ڕووەو داهاتوویەکی نادیار ئاژۆترا. **حوسێن** لە ناخی خۆیدا سڵاوی لە چاوە ڕەشەکان دەکرد. **جەمال**یش لە ناخی خۆیدا جنێوی بە **حوسێن** و تابلۆکە دەدا.



Scanned with CamScanner

## نامەیەک بۆ کۆمیسیۆنی خوێندنەوەی نامەکانی زیندان

کۆمیسیۆنی خۆشەویست!

ئەم ڕستانەتان لە ژووڕۆچکەیەکی پیتی ف بۆ دەنووسم. ئەگەر دەپرسن "بۆچی؟"، چونکە زیندانیین بۆیە! ئەگەر بڵێن: "باشە ئەمە دەزانین، بەڵام بۆچی بۆ ئێمە دەنووسی براکەم، چاومان دەرهات هێندەی نامەکانت بخوێنینەوە!" بەڵێ، دروست لەم بارەیەوە دەنووسم. ئاخر بۆ خاتری خوا برادەرینە، ئەوە چ پیشەیەکە بۆخۆتان هەڵتان بژاردووە؟! خوێندنەوەی نامەکانی میللەت چ کارێکە ئاخر؟ کێ چووزانێ، ڕەنگە بۆ ئەم کارە پارەشتان پێ بدەن (پارەیان پێ دەدەن، مانگانە دووسەد و شەست لیرە، لێی خەرج بکە و بکە، تەواو نابێت!) بەڵام قسە لەسەر ئەمە نییە. قسەمان



Scanned with CamScanner

لەســـەر چیـــیە، بە دروســـتی نـــازانم (ئومێـــدەوارم بە بیـــانووی ئەوەی دوایـــین ڕســـتەکان لە چیرۆکەکـــانی **ئالگۆر** (دزرا) وەرگیراون[٦]، نەیسڕنەوە).

ئەگەر بە تەواوی ســـەرنجم پەرت کـــردبن، دێمە ســـەر باســـــەکە. ئەوانەی لە دەرەوەن (ڕاســــتتر بڵــــێم ئەو هاوڕێیـــانەی وادەزانـــن لە دەرەوەن)، داوای دوایـــین دانە چیرۆکیـــان لـــێ کـــردووم. منـــیش گـــوتم لەوەتەی مـــن دەســـتگیر کـــراوم، کۆمیســـیۆنی *خوێنـــدنەوەی نامەکـــان* پەســـتن، بـــۆیە گـــوتم بـــا نـــامە و نووســـراوی درێـــژ نەنووســـم. بە هـــۆی مـــنەوە بە ئـــارەقەڕێژییەوە "وەک کۆیلە" کار دەکەن. جگە لەمە خۆ من ئەدیب و شتی وا نیم دەڵێم. ئەگەرچی کاتێک مرۆڤ لەماڵێکدا بێت دایک هونەرمەند و باوک ئەدیب بێت، بخوازێ یان نا شتێکی بۆ جێ دەمێنێت.

بەم شێوەیە: کە منداڵ بووم هەمـوو بەیانیان بە دەنگی ئەو پیـــانۆیەی دایکـــم دەیژەنـــد، وەئاگـــا دەهـــاتمەوە. ماڵەکەمـــــان دوو ژوور بـــــوو، خوشـــــک و براکـــــانم

---

[٦] لە دەقە تـورکییەکەدا یـارییەکی جـوانی زمـانەوانی بە وشـەی "çalıntı" کراوە؛ وشـەکە بە مانـای دزراو دێت، بەڵام نووسـەر پیتی یەکەمـــی وشـــەکەی خســـتووەتە نێـــو کەوانەیەک: "(ç)alıntı". ئەو پیتـــانەی دەکەونە دەرەوەی کەوانەکە، بەبـــێ پیتـــی "چ" مانایـــان دەگۆڕێ و بە مانای "وەرگیراو" دێن. لە تورکیدا هەردوو وشـەی "çalıntı" و "alıntı" لە یەک نـــزیکن، بەڵام لە کـــاتی وەرگێڕانـــی بـــۆ کوردی ئەم یاریە زمانییە ون دەبێت. (وەرگێڕ)



Scanned with CamScanner

هەموومان لە ژوورێکدا دەخەوتین. پیانۆکەی دایکیشم لە هەمان ژووردا بوو. دایە گیانم هەموو بەیانییەک بێ ئەوەی بێزار بێت، دەچووە سەر پیانۆکە و دەیژەند. بڕواتان بێت هێشتا ئەو دەنگەم لە گوێدا دەزرینگێتەوە. دواتر کاتێک کەمێکی تر گەورە بووین، دایکم گوتی: "کوڕە پیانۆی چی! گێلی، ئەوە ماکینەی دروومانە، بۆ ئەوەی کەمێک دەستهاتم هەبێت درووومان دەکەم." بەڵام قەیدی نییە، دواجار ئێمە بە نیەتی پیانۆ گوێمان هەڵدەخست. وانییە؟ *کۆمیسیۆنی* خۆشەویست، خوا لەوانەی ئێوەش خۆش بێت، ئەگەر بتانەوێ منداڵەکانتان ببنە خودان گوێچکەیەکی باشی موزیکی، ئەوا بە گوێگرتن لە گۆرانی نا، بە گوێگرتن لە ڕیتم پەروەردەیان بکەن. بڕوانن بۆ ئەوەی **ئاریف ساغ** ببێتە یەکێک لە ئوستادەکان، کاریگەریی ئاسنگەریی گوندەکانی بەسەرەوە بوو.

باوکی منیش بەردەوام قسەکانی وەک شیعر وا بوون. چەند جوان ئاوا قسەی دەکرد. پاش ئەوەی کەمێک گەورە بووین تێگەیشتین ئەمانە شیعر نین، بەڵکو جنێون. باوکم پیاوێکی جنێودەر و گەپجاڕ بوو، ئێستاش هەر وایە. بەڵام ئەها هەندێک مرۆڤ هەن جنێو لە دەمیان دەوەشێتەوە، ناجۆر دیار نابێت. باوکیشم ئاوایە. جارێکیان کاتێک قسەی لەگەڵ هاوڕێیەکی فەرمانگەکەی دەکرد، جنێوی نەدان، کابرا لە دڵی گرت. "خێرە **کاکە تاهیر**، هەڵەیەکمان کردوە؟" ئاوای گوت.

باوکیشـــم، "چ هەڵەیەک دەکەیــت کــوڕە، بێشـــەڕەف!" بەرسقی دایەوە و هاوڕێکەی ئاسوودە بوو. دواجار تا گەیشتمە خوێنـدنگەی سـەرەتایی، بنەمـای کولتـووریی منیش بەم ئاوایە شێوەی گرت.

خوێنـــدنی ســـەرەتاییم لە *دیـــاربەکر*، لە خوێنـــدنگە نـوێیەکەی سـەرەتایی خوێند. خوێنـدکارێکی سـەعیکەر، سـەرکەوتوو، بگـرە هەر زۆر سـەرکەوتوو بـووم. بەڵام یەکەم نەبــووم، چــونکە یەکەمەکە **بــاهر** بــوو. **بــاهر** زیرەکتـرین و سـەرکەوتووترینی پـۆلەکە بـوو. یەکەمـی پـۆل بـوو، هەرچـی مـنم دووەمـی پـۆل بـووم. منـداڵێکی سـالار، پاکوخـاوێن، ڕێکوپێـک بـوو، دەستنووسـەکەی دەتگــوت گەوهەرە. هەرچـــی مـــنم لە هەمـــوو ئەمـــانەم هەنــدێک هەبــوون. مـــن لە خوێنـــدنگە زۆر هـــاوڕێم هەبوون، هەرچی **باهرە** یەک دانە، ئەویـش مـن بـووم. مـاڵی **بـاهر** لە شـارێکی تـرەوە هـاتبوون و لە *دیاربەکر* نیشـتەجێ بووبـوون، بە لایەنـی کەمەوە وادەزانـم. هـیچ کەسێک زاتـی نەدەکرد دەستی لێوە بـدات، چـونکە مـن هەبـووم. لە سـەرەتاییدا بچکـۆلەیەکی سـەربەگۆبەندی هاوشـــێوەی ســـەرۆکی "چەتەکـــان" بـــووم (ئەودەم هاوســـەرۆکی لە گۆڕێـدا نەبـوو). ئەگەرچـی هەر زوو زانـــرا کە "چەتەیــــیەکەم" ســـــەربەگۆبەند نیـــیە، ســـەربەگۆبەندی لە ئـــێمەش خراپتـــر هەبـــوون. بە هەرحاڵ...



Scanned with CamScanner

لە یادەوەریمدا زۆر کەم شت لەبارەی **باهر**ەوە ماون، ئەوەی کە باش لە بیرم ماوە، ڕۆژێک دوای خوێندنگە، کاتێک بەرەو ماڵ دەبووینەوە شتێکمان بەسەر هات. لە دەمێکـــدا کە برســـی و هـــیلاک بە نێـــو کـــۆڵانە تەنگەبەرەکاندا دەگەڕاینەوە ماڵێ، **باهر** لەپڕ گوتی: "ئۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆە! بۆنێکی چەندە خۆشی باسترمە هات!" منیش گوتم: "بۆنی چی؟ بۆنی چی؟" گوتی: "باسترمە، باسترمە." گوتم: "باسترمە چییە کوڕە؟" گوتی: "ڕۆڵە باسترمە ئیدی، ئەها ئەوەی گۆشتەکە." "شتێکی چۆنە؟" گوتم. ئەو، "ئاوا چین چین، ئەها بۆندارە"، وای گوت. من گوتم: "هاااا! باسترمەی چی ڕۆڵە، ئەوەی پێی دەڵێن پڕزۆڵە، شتێک نییە بە ناوی باسترمە کوڕم." بە درێژایی ڕێگا گاڵتەم بە **باهر** کرد، بەڵام خوای لێرەیە، **باهر** نە تووڕە بوو، نە زیز بوو، هەر ئەوەی بەسەر خۆی نەهێنا. من لە ژیانمدا شتێکم نەبینیبوو بە ناوی باسترمە. تۆ لە باسترمە گەڕێ، بگرە کەسێکیشم نەبینیبوو بێژێ "باسترمە". کە گەیشتمەوە ماڵێ بە قاقاوە بۆ دایکمم گێڕایەوە (پیانیستەکە دەڵێم). دایکیشم کە گوتی "کوڕەکەم، شتێک هەیە بە ناوی باسترمە"، قاقا پێکەنینەکەم بەسەر ڕوومەوە وشک بوو. ببوورە **باهر**، ئەمەم لەگەڵ تۆ نەبووە.

دوای ئەوەی کەوتمە زیندان، پێم وایە مانگی دووەم بوو، شەوێک بە ڕاچڵەکینەوە لە خەو ڕابووم. لە خەوندا **باهر** پێی دەگوتم: "باسترمە لە بیر مەکە، باسترمە."

بڕواکردنی کەمێک سەخت بوو، نەمدەزانی هێشتا لە خەوندام یان بێدار بوومەتەوە. دروست دوای سیوپێنج ساڵ **باهری** هاوڕێم، بە هەمان حاڵ و باری منداڵیی خۆیەوە لە ژوورۆچکەی پیتی *ف* شتێکی بیر دەخستمەوە. وەک دەزانن لیستەی هەفتانە لە زیندان ئامادە دەکەین. لەگەڵ **عەبدوللا زەیدان** ئەو بەیانییە قسەمان کردبوو کە ئەم هەفتەیە باسترمەش بنووسین.
لە جێگەکەم هاتمە دەرەوە، لە پەخشنامەکەدا سەیری لیستەکەم کرد. بەڵێ، لە بیرمان چووبوو باسترمە بنووسین. سوپاسی **باهرم** کرد، باسترمەشم نووسی.
لەوەتەی دەستگیر کراوم، تەنها ئەو شەوە کەسەرێکی قووڵ دای گرتم. **باهرم** تەنها بە ڕوخسارە منداڵییەکەی دێتە بەرچاوان، چونکە دوای قۆناغی سەرەتایی لە یەک هەڵبڕاین. دوای ئەوە هیچ هەواڵێکیم نەبیستەوە. ئەگەر هەڵە نەبم پێم وایە دە ساڵ پێش ئێستا بوو، کاتێک بە خێرایی چاوم بە ڕۆژنامەدا دەگێڕا، هەواڵێکی بچووک سەرنجی ڕاکێشام: "فەرمانبەرێکی *زانکۆی دیجلە* خۆی کوشت". بە وێنەیەکی بەڵگەداری بچووک و ناڕوونەوە. وردەکاریی هەواڵەکەم نەخوێندەوە، هەڵم دایەوە، دواتر وەستام و دووبارە گەڕامەوە سەری. سڕ بووم، گوتم ڕەنگبێ بە هۆی لێکچوونی ناوەکانیان بێت، بەڵام کەسی نێو وێنەکە خۆی بوو. بەڵێنم بە خۆم دا کە هەر دەبێ ماڵباتەکەیان وەدۆزم و هاوخەمییان بۆ دەربڕم، بەڵام نەمدۆزینەوە. لە ناخەوە خەمگین بووم. من ئەوم



Scanned with CamScanner

نەدۆزییەوە، بەڵام **باهر** منی دۆزییەوە؛ دوای چەندین ساڵ لە ژوورۆچکەیەک، لە خەونمدا. بمبەخشە **باهر**، گۆڕت پڕ نوور بێت برا جوانەکەم. تۆ هەمیشە یەکەم بوویت، لە دڵی مندا هەر یەکەم دەمێنیتەوە، قەت نەبوو ئەمەت پێ بڵێم.

نازانم چۆن باسەکە لە کوێوە بێرە گەیشت، بەڵام ئیتر ئاوا بوو *کۆمیسیۆنی* خۆشەویست. هاوڕێییان پێداگرییان کرد کە هەر دەبێ یادەوەریی ساتێکت بنووسیت و بۆمان بنێری، بەڵام من گوتم نانووسم، گوتم نامەوێ ناهەقی دەرهەق بە کارمەندانی *کۆمیسیۆن* بکەم. دواجار ڕێز لە ڕەنج و ڕەنجدەر دەگرین ئێمە. ئیتر ویستم ئەمە بزانن. لە ژیانی کارکردنتاندا سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

لەگەڵ ڕێزمدا...

## کچی دەریا

ناوی من مینایە، دوو مانگ لەمەوبەر لە *سووریا*وە، لە شاری *حەما*وە بەڕێ کەوتین. دایکم توند باوەشی لێ گرتبووم، بە درێژایی ڕێگا وازی لێ نەهێنام. مەودایەک پێڕەوەک بووین، جار جارەش سواری ئۆتۆبووسی قەرەباڵغ، یان لۆریی تۆزاوی دەبووین. ڕێگاکان هەموویان چاڵوچۆڵ بوون. بەدەم هەڵبەزودابەزینەوە ڕێگامان دەبڕی. لەگەڵ ئەوەشدا دایکم دەستبەردار نەبوو. خەڵکەکە لە نێو جەنجاڵیدا بەردەوام لەبارەی شتێکەوە قسەیان دەکرد. لە نێو ئۆتۆبووسەکەدا هەندێکیان زۆر گریان. لە ڕاستیدا منیش گریام؛ باوکمیان لە *حەما* کوشت. نازانم چما کوشتیان، ئەودەم دایکم زۆر گریا، منیش گریام.

ڕێبوارییەکەمان درێژەی کێشا. جارێک دوو منداڵ و پیرەپیاوێک بەدەم ڕێگاوە مردن. پیاوەکان لە قەراغ

ڕێگاکە گۆڕیان بۆ هەڵکەندن. گۆڕی زارۆکەکان بچکۆلە بوو، دایکەکانیان توند باوەشیان لە گۆڕەکانیان دەدا. زۆر گریان، خواستیان نەبوو درێژەی پێ بدەن، بەڵام پیاوەکان ئەوانیان بەکێش کرد.

کە گەیشتینە شوێنێک خەڵکەکە کەمێک بەکەیفتر بوون. هەندێک لە پیاوەکان گوتیان کە تاریکان کەوت دەچینە کەنار دەریا و لەوێ سواری بەلەم دەبین. بە دایکمیان گوت ئێوە ناتوانن بێن. دایکم زۆر پاڕایەوە. دواتر سێ بازنەی لە مەچەکی دەرهێنا و دایە پیاوەکان، ئەودەم گوتیان دە باشە ئێوەش وەرن.

لە گوندی ئێمەدا دەریا نەبوو. لە ژیانمدا دەریام نەدیتبوو. دایکیشم نەیدیبوو. بەو تاریکانە کە چووینە کەنار دەریاش هەر نەمانبینی. پیاوەکان ئێمەیان سواری بەلەمێک کرد. زۆر قەرەباڵغ بوو. دایکم ئامێزی تێوەرهێنام، دەستبەردارم نەدەبوو. پیاوەکان گوتیان خۆتان توند بە لێوارەکانەوە بگرن، دایکم توندتر باوەشی پێدا کردم. بەسەر شەپۆلانەوە هەر دەلەنگاینەوە. بە هۆی ئەوەی تاریکییەکی ئەنگوستەچاو بوو، دەریام نەدی. ئاوی سوێر پڕژایە سەر دەموچاومان.

من لە خوێئاوک بێزار بووبووم. ژنانی بەتەمەن زۆر نزایان کرد، دایکیشم نزای کرد. دایکم پێی گوتم هیچ نەترسم. زۆری نەماوە، کەمێکی تر دەگەین. من هیچ ترسێکم نەبوو. بە هۆی خوێئاوکەکەوە ئاو لە چاوم



Scanned with CamScanner

هات، بەڵام گریاشم. پیاوەکان گوتیان کەوتووینەتە نێو گاپێلان[7]. هەر وا هاواریان دەکرد، هەروەها گوتیان هەمووتان خۆتان شەتەک بدەن. دواتر گەمییەکەمان وەرگەڕا.

لە گوندەکەی ئێمەدا دەریا نەبوو، جۆگەلەیەکی بچکۆلەمان هەبوو. ماسییەکانی نێوی زۆر بە خێرایی مەلەیان دەکرد. لە ڕاستیدا جۆگەلە ئاوەکەمان هێندەش بچووک نەبوو، کەمێک گەورە بوو. لە قەراغەکانیدا درەختەکانمان ڕوابوون، جارێک باوکم بە درەختێکەوە جۆلانێیەکی بۆ هەڵواسیم. ماڵەکەشمان لە لێواری جۆگەکە بوو. دایکیشم لە گۆرەوییە کۆنەکانی بووکێکی بۆ چێ کردبووم. بەڵام بوکەکەمم لە نێو ئۆتۆبووس لێ جێ ما. ماڵەکەمان زۆر جوان بوو.

هەمووومان کەوتینە نێو دەریا. دایکم توند باوەشی لێ دام. بە هۆی ئەوەی دەریا لە گوندەکەی ئێمەدا نەبوو، نەماندەزانی چۆن مەلەوانی بکەین. دایکیشم نەیدەزانی. لەگەڵ دایکم ژێرئاو کەوتین. دواتر کەمێک هەڵکشاینەوە سەر ڕووی ئاوەکە. بەڵام وەژێر پێشێلی پیاوگەل کەوتین. دواتر دیسان ژێرئاو کەوتینەوە. دایکم دەستبەردارم نەبوو، توند توند باوەشی کردم. بە هۆی ئاوە سوێرەکەوە گەرووم دەبرژایەوە. دایکم باوەشی کردبووم، منیش لە هەناوی خۆمدا بە دایکمم دەگوت

---

[7] گاپێل: شەپۆلی بەرز و بەهورووژم



Scanned with CamScanner

دایکە مەگری، تەنها ویستم کەمێک بگریم، ئەویش هیچ نەترسا، هەر وا لە چاوەکانی منی دەڕوانی. ئیتر لە ژێر ئاوەکە نەهاتینە دەرەوە.

ناوی من **مینا**یە. پێنج ساڵانم، دوو مانگ لەمەوبەر لە حەمماوە وەڕێ کەوتین. ئێمە لە ژیانماندا دەریامان لە ڕووی دەرەوەڕا نەبینیوە. هەفتەیەکە لە قووڵایی دەریادایین؛ ئیتر من پەریی دەریام. پەریی دەریای سپی. ئیدی دەریا دایکی منە. دایکم توند توند باوەشی کردم. قەت جێم ناهێڵێ. ئاخر هەموو دایکەکان کچەکانی خۆیان خۆش دەوێ.



Scanned with CamScanner

## کولێرەبەقیمەی حەلەب

"بە هەڵەدا چووبووم، ژیان زۆر درێژە..."

دۆخێکی نائاسایی هەیە؟ پێم وانییە. ئەوەتا ڕەوشی هەمیشەیی *ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست*ە: لە شوێنگەلێک تەقینەوەی خۆکوژ و بۆمباکان، ئەوی لە دوای خۆیەوە بەجێی هێشتووە بە دەیان جەستەی پارچەپارچەبووی مرۆڤەکان، فرۆشگەیەکی هەژارانەی وێرانبوو. ژمارەی کوژراوان ٦٨، بە نووسین شەستوهەشت.

لە تەقینەوەی سێ ڕۆژ لەمەوبەر ٤٣ بوو. ئایا مردن هەر بە ڕاستی شتێکی زۆر ئاسایی بوو و ئێمە زیادەڕەویمان کردووە و کردوومانەتە شتێکی نائاسایی؟ ئەوە نییە مرۆڤەکان دەمرن، بگرە زۆریش. ئەو بۆمبایەی لە نیوەڕۆدا لە حەلەب تەقییەوە، لە هەمان کاتدا ئەو خەڵکەی بۆ شامی شەو لە سینی لە



Scanned with CamScanner

ڕێســـتۆرانتەکان کـــۆ بـــوونەتەوە، وادیـــارە هـــیچ کـــاریگەرییەکی بەســـەرەوە نەبـــووە. ئەو خەڵـــکەی *کەنەداش* کە لە *تۆرێنتۆ* هەڵپەی چوونە سـەر کاریانە، هێشتا ئاگاشیان لێ نییە. کەمێکی تـر پێی دەزانـن، وەلـێ بـۆ زۆربەیـان ئەو تەقینـەوەیەی "ڕووی داوە"، بەشـی خوێندنەوەشـی بەهـای نییە لە لایـان. نزیکتـرین شـار لە *حەلەب*ەوە *هاتـای*یە. ئەگەر کەمێـک گـوێ ڕادێـرن، هاتاییەکـان هێنـدەی مەودای بە گـوێی خۆیـان بیسـتنی تەقینەوەکە، لە *حەلەب*ەوە نزیکن.

مەزەکانی *هاتای* نـاودارن، خوانیـان دەوڵەمەند. بە هۆی ئەوەی لە هەر کولتوورێـک پارێکیـان لەو جوگرافیـا کەڤنـارەدا کـۆ کـردووەتەوە، "نیـیە" لە چێشـتخانەی *هاتـای*دا نیـیە. عەرەب، ئەرمەنـی، سـوریانی، تورکمـان، کورد، تورک، فارس، ڕۆم و بە درێژایی مێژوو خـواردن و خـواردنەوە هەرچـی هەبێـت، هاتاییەکـان هەموویـان سەرەقەڵەم کردووە بەوەی کە ڕۆژێک پێویست دەبێت. بێگومان بۆ هەموو ڕۆژێک لازم بوو. ئەوانەی ڕێگایان دەکەوێـتە *هاتـای*، ئەگەر بەبـێ تـامکردنی ئەو تـامە خۆشانە باژێڕەکە جێ بهێڵێ، وەک ئەوەیە زۆر شتی لە دەست دابێت.

٦٨ قوربانی.

باشـترین خـواردن کە عەرەبەکـان دروسـتیان کـردووە، بەڵکە دەتوانین بڵێین بەرهەمێکی ڕاستەقینەی هونەری، کەبـــابی عەرەبیـــیە. لە *ئێســـکی چارشـــی*دا لە لای



Scanned with CamScanner

چێشتخانەیەکی فەقیرانە، پێویستە کەبابەکە بخۆن. **وەستا حەمدوللا** بە تەواوی نموونەی زیندووی ئەو خاوەنکارە نەرمانەیە کە لە ڕۆمانەکاندا نووسراون. دوای ئەوەی ناونیشانی بە باشی بیسترا، گەشتیارەکانیش ڕەغبەتیان کەوتە سەر **وەستا حەمدوللا**. ئەم دۆخە کەمێک وەستاکەمانی خرۆشاندووە، کە پێویستی کرد بە ناوی ڕێکخستنی دوکانەکەیەوە چوار پێنج دارگوڵی پلاستیکی لە ڕاست و چەپی دوکانەکەی دانان. ئەم بیرۆکەیەش **سەدرەدینی دەلاک**، کە لە بەرانبەر دوکانەکەی بوو، پێی دابوو. "کاکە، دە تۆش کەمێک شێوە و ڕووکارەکەی بگۆڕە، گەشتیار وا دەڕژێنە کۆڵانەکەوە، ئەگەر هەر خاوەنکارێک دەستێک لە دوکانەکەی وەربدات، بە ئیمانم دەبینە شەقامی گەشتیاران." وای گوت. **حەمدوللا وەستا** بە مێشکیدا چوو. لەو چوارچێوەیەشدا دارگوڵە پلاستیکییەکان گوێزرانەوە. خواردنەکان هەمان خواردن بوون، بەڵام لە کەشێکی سەوزتر و لە سای هەوای دارستانیدا خواردنەکە دەخۆن. بەڵام پلاستیکبوونی دارگوڵەکان هێندەی دی خەندەهێن بوون، هەر ئەو نایلۆنە هەرزانباییە بوون. لەبەر ئەوەی بە تەواوییش تۆزگرتوو بووبوون، ئەو کەشوهەوایەی ئامانج بوو بە پێچەوانەکەی کەوتەوە، بەڵام قەیدی نییە، هێشتا خواردنەکان بیۆینەن.

٦٨ گیانی مردوو.



Scanned with CamScanner

له چێشتخانەکەدا تەنێ یەک گارسۆن هەیە. سەختی نابینێ لە پێڕاگەیشتن بە ٧ مێز. خوارزای **وەستا حەمدوڵلایە**. لە منداڵییەوە، ڕێک ١٩ ساڵە لێرە کاری گارسۆنی دەکات. ناوی **بەرەکەتە. بەرەکەت** دوو زارۆکی هەن، ژنەکەی ساڵی ڕابردوو بە ڕووداوی هاتوچۆ مرد. کە دەڵێین ڕووداوی هاتوچۆ، مەبەست لەوە نییە ئاوا بە خێراییەکی زۆر بە ئوتۆمبیلەکەی تەقلە و مەقلەی لێ نەداون. لەسەر شەقام ئۆتۆبووس خۆی پێدا کێشا، ژنیژگە هەر لەوێ گیانی سپارد. وەک دەزانن ئەمەش کاری هەژاران و مردنێکی هەژارانەش بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆوە. زۆر لە گوێ و فەرمانی وەستاکەیدایە. **بەرەکەت** بە شەوقەوە کارەکانی خۆی دەکات. تەنێ بۆ ئەوەی تنۆکێک ڕەزامەندی لە چاوی میوانەکانیەوە ببینێت، وەک ئەوەی هونەر پێشکەش بکات، بە لێهاتوویەکی جوانناسانەوە خواردنیان پێشکەش دەکات. هەموو شتێک زۆر بەتامە، بەتایبەت گۆشتی برژاو، ناوازەیە.

٦٨ جەستەی پارچەپارچەبوو.

نرخەکەیان تا ڕادەی سەرسامکردنی ئێوە هەرزانن. بەشی سێ کەس خواردنمان لە ترش و شیرینییەکەی خوارد. حیساب هات، هێندەی نەمابوو نارەزایی لە حیسابەکە دەربڕین، کە بۆ هێندە کەمە. ئەوەی کە زۆر منی سەرسام کرد، هێمنیی **وەستا حەمدوڵلا** بوو. دوکانەکەی چەندە قەرەباڵغ دەبوو، ئەو بێ ئەوەی خۆی

بشێوێنێ، بەبێ ئەوەی ملیمێک لە ئاماژەی ڕوخساری بگۆڕێ، بە هێمنی خواردنە داواکراوەکانی دەخستە سەر دەورییەکان و لە پشت مێزەکەوە دەیدانە **بەرەکەت**. لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژ چوومە لای وەستا حەمدوڵڵا، ئەم تابلۆیە بۆ جارێکیش بێ نەگۆڕا.

**حەمدوڵڵا وەستا** بە ڕەسەن حەلەبییە. باپیرەی لە *هاتای* نیشتەجێ بووە. زێدەتر لە ٦٠ ساڵە لە *هاتای* دەژین. لە *هاتای* لە باپیرەوە بۆ باوکی وەک خودان چێشتخانە ناسراون. مامەکانی لە *بازاڕی دیرۆکی حەلەب*دا دوکانی قوماشفرۆشییان هەیە. بەر لە شەڕ زۆر سەردانی یەکدییان دەکرد، کە شەڕیش دەستی پێ کرد خزم و کەسەکانی لە *حەلەب* هاوشێوەی زۆرانی دی ڕایان کردە *هاتای*. **وەستا حەمدوڵڵا** لە باخچەی خانووە دوونهۆمییەکەیدا خێوەتێکی هەڵدا، کۆی گشتی ٤٨ کەس لە ماڵێکدا ژیان. **وەستا حەمدوڵڵا** بە هۆی ئەو دۆخەوە، دوای ئەوەی بە تکاوڕجا داوای لە کرێچییەکەی نهۆمی ژێرەوە کرد کە چۆڵی بکات، هەنگێ کەمێک ئاسوودەتر ژیان. **وەستا** هاوسەرگیریی نەکردووە. کاتێک منداڵ بووە و لەگەڵ باوکی هاتوونەتە *حەلەب*، شێتانە سەوداسەری **ڕوقیە**ی کچەپووری دەبێت و کاتێکیش لە تەمەنی ١٦ ساڵان بە شوو دەدرێ، ئەمیش پشت دەکاتە ژیان و جارێکی تر کەسێکی تری خۆش نەویستووە. **ڕوقیە** لەگەڵ دوو منداڵ و مێردەکەی لە ژوورێکی نهۆمی ژێرەوەی خانووەکەی **وەستا**دا دەژین. بۆ

ئەوەی ڕێکەوتــی نەکــات، زۆربەی بەیانیــان **وەســتا** بە ڕاکــردنەوە لە مــاڵ دەردەچێت. ئەگەرچــی **ڕوقــیە**ش لە بیری نەکردووە، وەلێ تـازە هـیچ شـتێک نـاکرێ. هێشـتا زۆر جوانە، دڵت نایە سەیری بکەیت، چاو لە بینینی تێر نابێت. کە دەڵێین بینینی، خۆ لە چەند ڕۆژێک ڕێکەوت و ڕووبەڕووبــوونەوەیەک و لە چــرکەیەک نیگـا لێکئــاڵان زێدەتر نییە. لەگەڵ ئەوەی هەر بڵێ "دەی!" وەک ئەوەی هەمــوو شــتێک لە دوای خۆیــانەوە جــێ دەهــێڵن و ڕادەکەن، هەروەها دەڵێی بە یەکەوە ئەو پلانەیان داناوە و لە هەمـوو کەسـێکی دەشـارنەوە، بەم هـۆیەوە **وەسـتا** ڕاڕا بوو.

کوڕە! ٦٨ مردوو.

جــــگە لەوەی دوای خەوتنــــی هەمــــوان، بێــــدەنگانە دەگەڕێـتەوە مـاڵێ و بە هێمنـی خـۆی دەخـزێنێتە ژێـر چرپـاکەی و بەو هۆکـارەوە هـیچ پەیوەنـدییەکی دیـکەی وای لەگەڵ ماڵەکەیـدا نەمـاوە، زەنـدەقی لەوە چووبـوو یەکێــک پێــی دەزانــێ کە ئەم خەیــاڵانە لە ســـەری **وەستادان**. دوای چەند سـاڵێک خۆگرتن لە ترسـی نەکا گــڕی ئەڤینــی **ڕوقــیە** لە دەرەوەیــڕا ببینــرێ، بــۆیە قســەکردنە ســنووردارەکەی لەگەڵ **بەرەکەت**یشــدا تــا ئاســــــتی ســــــفر هێنـــــایە خـــــوارەوە.

با پێی نەزانن، بەڵام ژووری نهۆمی خوارەوە، بۆ چەند چرکەیەکـی بینینـیش بێـت بـا گەورە بێـت، ئەو دنیـا بێــدەنگەی خــۆی دابخــات و ئــاوا بــخەوێ. لە نێــو

شانەهەنگێکی ٤٨ کەسیدا، زانینی ئەوەی کە هەناسەی ئەوە ئەشکەنجە، یان بەختەوەرییە؟ ئەوەتا وەڵامی ئەو پرسیارە نییە. هاوشێوەی لە ئاسمانێ چی بارییبێت، خاک قبووڵی ناکات... دوای ئەو هەموو ساڵە، ئەوەتا لە ژێر هەمان بنمیچدان. کاتێکیش دۆخەکە بەم جۆرە دەبێت، هەرچی دەکەی بیکە، ئەو باڵندەی ئومێدەی لە ژێر ئەو بنمیچەدا کۆسەی کردووە، ناتوانی بێدەنگ بکەیت. لە ڕۆژدا بێدەنگکردنی ئەو باڵندە زۆرخوێنە ئاسانە، وەلێ کاتێک بە تەنیا دەچیتە نوێنەوە و چاوانت دادەخەیت، دەفەرموو بێدەنگی بکە. لەخەوڕاچوون و ڕزگابوون لێی نییە. لە خەونەکاندا هێندەی دی بوێرە، هێندەی دی بێشەرمە. خراپترینیشی، بێداربوونەوە و دەستپێکردنی ڕۆژێکی نوێیە. کەمێکی تر خۆی گیر بکات و بگنخێنێ، بەڵکە ئەم بەیانییەش چەند چرکەیەکی تر... نەکەی!

لە بازاڕی *حەلەب* لەسەر مێزەکان تەنها حوزن دەفرۆشرێ، هاوشێوەی سەکۆی فیلمێکی خولخواردووی دووپاتبووەوە. لەوەتەی شەڕ دەستی پێ کردووە تا ئێستا، کەیف و خۆشی لە بازاڕەکاندا نەماوە. بێڕەنگە، بێبۆن. بووەتە شوێنێکی ناچاری بۆ کڕینی شتێک بۆ تێربوون و تێرکردن. هەروەک قاوشی نەخۆشخانەیەکی بێگیان بوو. ٦٨ جەستەی پارچەپارچەبووی مرۆڤ. ڕوقیەش لە نێویاندا. دوو ڕۆژ پێشتر منداڵەکانیان لە *هاتای* جێ هێشت و لەگەڵ

مێردەکەی هاتبوون بڕێکی تر لە کەلوپەلی ماڵەکەیان ببەن. بۆ خواردنی ئێوارە، بۆ کڕینی هەندێک شت چووە بازاڕ. کونافەی *هاتای*یش بەناوودەنگە.

بە گوتنی "ئەڵلاهوئەکبەر"، بکوژەکە لە نێوەندی بازاڕدا خۆی تەقاندەوە. کاتێک جەستەی **ڕوقیە** لە *حەلەب* پارچە پارچە بوو، **وەستا حەمدوڵلا** لە دواوەی دوکانەکەیدا لەسەر تەختەبەرماڵێک نوێژی دەکرد. کاتێک لەگەڵ گوتنی "ئەڵلاهوئەکبەر" چووە ڕکووعەوە، هەستی بە برووسکەیەک کرد لە سینگیدا. لە باڵەخۆیدا گوتی وادیارە پیر بوومە.

تایبەتمەندیی کونافە لە پەنیرەوەیە. هەڵبەتە تەکنیکی ئامادەکردن و برژاندنی لە *هاتای* جیاوازە. بەڵام **وەستا حەمدوڵلا** بۆ ئەو میوانانەی کە ئارەزوویان لێ بوو، کونافەی لە لای کونافەفرۆشی تەنیشتی، لای **وەستا جەمیل**ەوە دەهێنێ. خۆیشی کونافەچییەکی باشە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ڕزقی دراوسێ، وازی لە دروستکردنی کونافە لە دوکانەکەی هێناوە. بەڵام ئەگەر دەڵێن نا، من باشترین کونافەی *هاتای* دەخۆم ئەو کاتە... دەتوانن بچنە کونافەی ناوداری *هاتای* و بە دانی هەقەیەکەوە کونافە بخۆن.

مێردەکەی لە نێو پارچەی لاشەکاندا چەند پارچەیەکی دۆزینەوە، کە قوماش پێیانەوە نووسابوون. ناسینیەوە و پارچە ماوەکانی **ڕوقیە**ی هێنانەوە. **وەستا حەمدوڵلا** نە توانیی بە دوای تەرمەکەیەوە بڕوات و نە بەرگەی

ئەوەی گرت بچێتە سەر گۆڕەکەی. دوای ڕۆژێک لە بەخاکسپاردنی، ئێوارە دوکانەکەی لە ژوورەوەڕا داخست و لە نێو دۆلابی دەواکاندا چەند حەب و شرووب هەبوون، هەموویانی خواردەوە. دوکانەکەی سێ ڕۆژ بە بیانووی پرسەوە بە داخراوی مایەوە. ئێستا **بەرەکەت** کاری دوکانەکەی دەکات. ئێستا مێردی **ڕوقیە**، **جومعە**، گارسۆنی **وەستا بەرەکەت**ە. دوو منداڵەکەی **ڕوقیە**ش کاری خاوێنکردنەوەی دوکانەکە ڕایی دەکەن. ئەگەر ڕێگاتان کەوتە ئەوێ، سەردانی **وەستا بەرەکەت** بکەن. ئەگەر دەشخۆن، بخۆن؛ کەبابی عەرەبی هێشتا زۆر بەتامە.

هەرچۆنێک بێت *حەلەب* چێشتخانەیەکی زۆر دێرینی هەیە.



Scanned with CamScanner

## ئاه، ئاسومان!

بەدەم لەرینەوەی ئۆتۆبووسەکەوە وەئاگا هاتمەوە. لە دووەم ڕیزی پشت ئاژۆوانەکە ڕۆنیشتبووم. سەعات ٢:٠٠ی شەو بوو. لە پشت ئەو کامیۆنەی بەردەممان هێواش هێواش هەورازەکەمان دەبڕی. بە نیازی دووبارە خەوتنەوە چاوەکانم داخستن. دوای دوو سێ خولەک کە چاوەکانم کردنەوە، بینیم هێشتا لە پشت هەمان کامیۆن بە هەمان خێراییەوە ڕێگا دەبڕین. هەموو ئوتۆمبیلەکانی دی بە خێرایی بە لاماندا تێدەپەڕین. پێدەچوو ئاژۆوانەکەی لەمەڕ خۆمان سەیروسەفا بکات. بەرگەم نەگرت، بە بێدەنگی هەستامەوە، خۆم بۆ پەناگوێی شۆفێرەکە لار کردەوە. "خێرە **کاپتن**، کێشەیەک هەیە؟ بۆچی لێی تێناپەڕی؟"



Scanned with CamScanner

وام پــێ گــوت. بەبــێ ئەوەی ڕووم تێبکــات، لە ئاوێنەکەیەوە لێم ڕاما.

"نـا گیرمـان خـواردووە، ئەوەتـانێ دەڕۆیـن، کێشـەیەک هەیە؟" ئەو گوتی.

"نا نەخێر، تەنها ویستم بزانم، لە کاتێکدا هەموویان بە لایدا تێدەپەڕن چەندێکە ئێمە..."

بە سەر ئاماژەی بۆ کورسیی جابییەکە کرد و گوتی: "دانیشە."

دوای دوودڵییەکی کورت، کورسیی جابییەکەم کردەوە و دانیشتم.

"خوێندکاریت گەنجۆ؟" **کاپتن** وای گوت.

گوتم: "بەڵێ، لە *ئەنقەرە* یاسا دەخوێنم."

گوتی: "باشە، بەشێکی خۆشە."

"خراپ نییە." ئەمەم بە کەمێک شانازییەوە گوت.

"سەیرکە برا..." **کاپتن** بە سەر ئاماژەی بۆ کامیۆنەکەی بەردەممان کرد: "دەیبینی؟" بێ ویستی خۆم ئاوڕم دایەوە. بەڵێ، شتێک نەبوو نەیبینم، کامیۆنێکی زەبەلاح بوو.

"بـاش سـەیری بـکە." وای گـوت. "لەوێ چـی بەدی دەکەیت؟"

گوتم: "چی؟"

گوتی: "ئەو ژنە!"

دیسـان ئـاوڕم دایەوە و سـەیری دواوەی کـامیۆنەکەم کـردەوە. بەڵێ، لە هەردوو دەرگـای دواوەی کـامیۆنەکە



Scanned with CamScanner

وێنەیەکی چوارگۆشەی ژنێک هەبوو. ڕاستتر بڵێم دوو وێنەی هەمان شێوە کێشراوی ژنێک بوو. بە گشتی شێوازی کلاسیکیی ڕازێنەرەوەی زۆربەی کامیۆنەکان بوو.

گوتم: "چییەتی؟"

گوتی: "ئەوە **ئاسومان**ە!"

گوتم: "ژنە ناوی **ئاسومان**ە؟"

گوتی: "بەڵێ." ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا. "ئەو ژنە دەناسم، بگرە زۆر باشیش دەیناسم."

خەنیمەوە. "هەموو کامیۆنێک ئەم وێنەیەی پێوەیە." گوتم.

گوتی: "ڕاستە، بەڵام هەموویان **ئاسومان** نین، وێنەگەلێکی جیاواز هەن."

گوتم: "ڕەنگە، هیچ سەرنجم نەداوە."

گوتی: "منیش زۆر سەرنجم نەدەدا، تا ئەو کاتەی **ئاسومان**م ناسی."

بە سەرسامییەوە گوتم: "هەر بە ڕاستی دەیناسیت؟"

"لە *ئیستەنبوڵ*، لە پارکێکدا یەکتریمان ناسی."

"بە ڕاستتە **کاپتن**؟ گاڵتە مەکە."

نیگایەکی بەکەمزانانەی تێگرتم، لە لاوە پاکەتە درێژەکەی *پەرلەمانی* هەڵگرت، جگەرەیەکی بۆ ڕاگرتم، دوودڵ بووم، گوتی: "وەرگرە، وەرگرە." دانەیەکم وەرگرت، بۆ خۆیشی جگەرەیەکی دەرهێنا، جگەرەکەی بە لالێویەوە گرت. نێوەڕاستی سمێڵی بە هۆی جگەرەوە



Scanned with CamScanner

ڕەنگی قاوەیی بووبوو. جگەرەکەی خۆی داگیرساند و چەخماخەکەی بۆ من ڕاهێشت. مژێکی قووڵی هەڵکێشا، لە کونەلووتەکـــانیەوە دووکەڵێکـــی زۆر داگەڕایە نێـــو ئۆتۆبووســـەکە. دوگمەکەی داگرت و پەنجەرەکەی لای خۆی کەمێک داکێشا. لەسەر کوشنەکە خۆی هێنا و برد تا جێگەی دانیشتنەکەی خۆی خۆش بکات. دیار بوو خۆی بۆ **ئاسومان** ئامادە دەکات. منیش خۆم وا پیشان دا کە ئاسوودە لێی دانیشتووم و گوتم: "دەی، با گوێ بگرین." هەرچۆنێک بێت خەوم زڕا.

"ئەو کاتانەی بارمان بۆ *ئیستەنبووڵ* دەبرد، هەندێک شەو دەچووینە بارەکان..." بەمە چووە نێو باسەکەی. دووبارە مژێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا، بەبێ ئەوەی چاوی لە ژنەی پشت کامیۆنەکەوە بترازێنێت، درێژەی پێ دا: "لە *ئاکسەرای* لە بارێکدا گۆرانیی دەگوت، زۆر جوانیش دەستـرا. بڕوا ناکەیت، بەڵام ڕێک وەک نێـو فیلمەکان وا بوو، هەر کە بینیم سەوداسەری بووم. تا لەسەر شانۆکە هاتە خوارەوە چاوم لێ نەترازاند. ئەویش هەستی پێ کردم. دەی با درێژی نەکەمەوە، هەستام چوومە لای، گوتم: 'مـن **فەخری**م.' ئەویش گوتی: 'منیش **ئاسومان**م.' دەستی گوشیم. دەتگوت گڕی ئاگرێکیان خستووەتە دەستمەوە، هەموو جەستەم گڕی گرت. بە خۆمم گوت: 'ڕۆڵە **فەخری**، گووەکەت خوارد.' هەڵبەتە مرۆڤ خۆی لە هەموو کەس باشتر دەناسێ؛ هەر ئەودەم دڵـم چـزایەوە. گوتم: 'بـا بە یەکەوە

دەرکەوین.' گوتی: 'سبەی شەو وەرە.' گوتم: 'ناتوانم، سەفەرم هەیە.' گوتی: 'شۆفێری کامیۆنی؟' گوتم: 'نا، شۆفێری ئۆتۆبووسم.' گوتی: 'بۆ کوێ؟' گوتم: 'بۆ *دیاربەکر*.' گوتی: 'دەی، با بۆ سەفەرێکی تر بێت **کاپتن**.' گوتم نەکا ببێتە عەیب، پێداگریم نەکرد. دوای دە ڕۆژ دووبارە سەفەری *ئیستەنبووڵ*م بۆ هەڵکەوت. هەر بیریشم نەماوە چۆن لە *دیاربەکر*ەوە گەیشتمە *ئیستەنبووڵ*، هۆشم وەک **لەیلا** و دڵم وەک **مەجنوون** بوو."

مژێکی تری لێ دا، دووکەڵێکی چڕی لە دەمیەوە ئازاد کرد، بۆ ساتێک سەری لە نێو دووکەڵدا ون بوو. پەنجەی قلینجەی ئەو دەستەی جگەرەکەی پێ گرتبوو، خستە گوێچکەیەوە و کۆڵییەوە، بەدەم کۆڵینەوە درێژەی پێ دا.

"وەلحاسڵ چووم و دۆزیمەوە. ئەو شەوە بە یەکەوە لە بارەکە هاتینە دەرێ، بەدەم شۆربا و پاچەوە تەواو نێوانمان خۆش کرد. خوێنی وێش بۆ من خرۆشا، زۆر دەردەدڵیمان کرد. ئەو شەوە لەماڵی وێدا مامەوە. پاشنیوەڕۆ دیسان بەرەو *دیاربەکر* لێخوڕە. با درێژی نەکەمەوە، یەک دانە ساڵم ئاوا تێپەڕی. لە هەموو سەفەرێکمدا بۆ *ئیستەنبووڵ*، لە لای وێ دەمامەوە. گوتم؛ 'وەرە، دەتبەمە *دیاربەکر*، ماڵێک دەگرم، لەوێ ئاسوودە دەبیت، لازم نابێت کاریش بکەیت.' ڕێک ئاوام پێ گوت."



Scanned with CamScanner

بەدەم گوتنی "ئاە **کاپتن**، ئێ باشە، بەڵام خەریکی فیلمە تورکییەکانم بۆ دەگێڕیتەوە"، قسەکەیم پێ بڕی. بە هێواشی سەری بە ڕاست و چەپدا با دا و پێکەنیی.

بە نیگایەکی زویرەوە گوتی: "ئەگەر حەز دەکەیت با بۆت باس بکەم."

گوتم: "نا نا، ببوورە، مەبەستم ئەوە بوو ڕێک هاوشێوەی فیلمە تورکییەکانە."

گوتی: "بڕوام پێ بکە دروست ئاوا بوو برا."

بیستۆکی تەلەفۆنەکەی تەنیشتی هەڵگرت و بانگی لە جابی کرد، جابی بە چاوی خەواڵووەوە هات... "دوو قاوەمان بۆ دروست بکە و بێنە، با دەبڵ بێت." وای پێ گوت. بە کەمێک سەرزەنشتکردنیشەوە گوتی: "هەر وا مەچۆ بە پێوە بخەویت، کەمێک چاودێریی ڕێبوارەکانمان بکە." قاوەکانمان دەستبەجێ ئامادە بوون.

"بە هەرحاڵ براڵە، ماڵوحاڵی خۆمم وێران کرد بۆ **ئاسومان**؛ ژنەکەمم بە سێ منداڵەوە بە تەنیا جێ هێشت، تەرکەماڵ بووم، بۆ **ئاسومان** لە *دیاربەکر* ماڵێکم گرت. لای مەلا مارەشم بڕی. ژنەکەی خۆیشم تەڵاق نەدا، بەڵام خوای لێرەیە، نەفەقەکانم بێ کەموکوڕی دەدا. با سەرت نەئێشێنم، دواجار ئەم حاڵەم ئاوا بۆ نەچووە سەر، **ئاسومان** وازی لێ هێنام. ڕۆژێک گەڕامەوە ماڵێ، ماڵ چۆڵوهۆڵ، بەتاڵ. تەنها نووسراوێکی جێ هێشتبوو. 'کەلوپەلی ماڵێ وەک نەفەقە

حیساب بکە، بە دواشمدا مەگەڕێ. ئاسومان.' ئەو شەوە لە هۆتێل مامەوە، بەیانییەکەی چەپکەگوڵێکم کڕی و بۆ خانمەکەی خۆمم برد. 'خوای لێرەیە، خانمەکەم وەفادارە، ژنێکی ئەمەکدارە. لە بارودۆخ تێدەگات.' وام گوت. گوڵەکانی بە سەرمدا کێشان، ڕێک و ڕاست بە حەوت پشتمدا چوو. گوتم: 'ناهەقی نییە.' گوتم: 'کەمێک کات تێپەڕێت ئەهوەن دەبێتەوە.' بەڵام کوا، ژنەکەم لە دوو دانیشتندا لێم جیا بووەوە، هەر ئاوا لەو نێوەدا مامەوە."

نیگاکانی لەسەر دواوەی کامیۆنەکە گیر کردن و ئۆفێکی کرد.

"ئاه **ئاسومان**، ئاه! ماڵوحاڵت ویران کردم، وێرانت کردم... ئیتر ئاوا بوو گەنجۆ، ئەو **ئاسومان**ە ئەم **ئاسومان**ەیە." وای گوت. "ناوبەناو کاری فۆتۆمۆدێلیشی دەکرد، ئەم وێنەیەش یەکێکە لەوان. ئۆرجیناڵەکەشیم هەیە. لە دواوەی هەر کام کامیۆن ببینم ئاوا پشتی دەگرم و دەڕۆم، پشتی بەرنادەم. هەر باشە کە زۆر وێنەی **ئاسومان** نییە لە پشتەوەی کامیۆنەکاندا، ئەگەرنا بە ڕێگاوە هەر نەدەڕۆیشتم بەخوا." ئەمەی گوت و بە کەسەرەوە پێکەنیی.

گوتم: "باشە **کاپتن**، ئاوا دەڕۆیت ترسناک نییە، کە دەیگێڕیتەوە دڵغەت دەڕوا، چاوەکانیشت دادەخەیت."

"نا، نا، سەرنجم پەرت ناکەم، بەڵام مرۆڤ کە دەچێتە خەیاڵەوە چاوەکانی دادەخات، لە ڕاستیدا بۆ ئەوە

چاوەکانمان دادەخەین تا هیچ کەسێک خەیاڵەکانمان نەبینێت. کاتێک چاوەکانمان دادەخەین خەیاڵەکانمان لە خۆیشمان دەشارینەوە. لە ڕاستیدا خودی ڕاستەقینەمان، ئەو کەسەی نێو خەیاڵمانە."

"چ بێژم **کاپتن**، وەڵا حەیری ماوم. (**ئاسومان**ەکەی تۆش وەک **نیچە** کە گوتوویەتی، 'ئەگەر یەک جار کەشفم بکەیت بە ئاسانی دەمدۆزیتەوە، دوای ئەوە کاری سەخت ونکردنی من دەبێت'... بەتەما بووم وا بڵێم. نەمگوت) بەڵام وەک ئاژۆوانی ڕێگای درێژ، ئەو هەموو گیانە ئەمانەتی تۆن. دیسان خوا نەکات، بەڵام دەبێ هۆشیار بیت." وام گوت.

گوتی: "بێگومان، ئەمە جیایە، بەڵام هەندێک جار ئاوا بیر دەکەمەوە... مردن چەند جۆرێکی هەیە: بە سووتان، بە کەوتنەخوارەوە، بە خنکان، بە ئازارەوە، هەروا قارەمانانە، یان بەبێ هۆکار. ئەمانە لە هەمان کاتدا جۆرەکانی ژیانیشن. سەیرە، وانییە؟"

گوتم: "کەسێکی جیاوازیت **کاپتن**، مەبەستم سەرنجڕاکێش."

دیسانەوە ڕووم وەرچەرخاند، سەیری **ئاسومان**م کردەوە، ئاوا لەسەر لا ڕاکشابوو، ئانیشکی نابووە سەر سەرینێک، دەستی لە ژێر ڕوومەتیدا، نیگاکردنێکی عەیارانە، بە هۆی ماکیاژی زۆرەوە ڕووی سوور هەڵگەڕابوو. لە بەر خۆمەوە گوتم: "وای، **ئاسومان**، ها؟"

ڕووم کـردەوە **کـاپتن** و نیگاکانمـان لێک گیـر بـوون.
نیگایەکی شەیتانی بەسەر ڕوویەوە دیار بوو.
پرسیی: "تۆ دەبیتە پارێزەر؟"
گوتم: "بە ئەگەرێکی زۆرەوە."
"ماشەڵا دەڵێی جنۆکەی، پارێزەری بۆ هەر کێ بکەیت خوا یاریدەی بدات." وای گوت.
گوتم: "بۆچی **کاپتن**؟"
پێکەنیـی و گـوتی: "بـڕوانە چـاوەکەم، وادیـارە تـۆ خەوتبووی، ئۆتۆبووسەکە کێشەی تێکەوت، ئێمەش بەم کـامیۆنەی بەردەممـان بەسـتمانەوە، تـا سـەر *گـاوڕداغ* ڕامـان دەکێشـێ، ئەگەر کەمێـک خـۆت بـۆ پێشـەوە بچەمێنیتەوە پەتی ڕاکێشانەکە دەبینی."
سەرەتا نەمویست بڕوای پێ بکەم، بەڵام کاتێک کەمێک بە ئاڕاستەی جامەکە خۆم چەماندەوە، پەتەکەم بینـی.
هەر بە ڕاسـتی **ئاسـومان** لە ئێمە ڕامـابوو. لە نـاخەوە ویسـتم هـاوار بـکەم: "بوەسـتن کـوڕە، دادەبەزم مـن!" بەڵام تازە هیچم لە دەست نەدەهات، تازە بە قولاپەکەوە بووبووم. **کاپتن** زۆر قیزەون خەنییەوە، یان ئەوەتا من وام بینی. دووبارە گازی جابییەکەی کردەوە.
گوتی: "کەمێک قۆڵۆنیا بدەرە ئەم تەلەبەیە، با بچێت لە شوێنەکەی خۆی کەمێک هەناسەی بێتەوە بەر."
"ئافەرین **کاپتن**، هەر بە ڕاستی چاکت پێ کردم." وام گـوت و گەڕامەوە شـوێنەکەی خـۆم. جـابییەکەش وەک ئەوەی خوێ و بیبەری بەسـەردا بکات، هەر بە ڕاسـتی

کۆلۆنیای هێنا. چەند دلۆپێکی ڕژاندە سەر لەپی دەستم، بە خەندەوە گوتی: "سەلامەتییە کاکە." **کاپتن**یش لە ئاوێنەکەیەوە لێم ڕامابوو و هەر وا درێژەی بە پێکەنینەکەی ژێر سمێڵی دەدا.

چەند ساڵێک تێپەڕین. هەر کە هاتە نێو ئۆفیسی پارێزەریم ناسیمەوە: **کاپتن فەخری** بوو. فەرمووم لێ کرد و دام نیشاند، بانگی چاییم کرد. لاجانگەکانی بە تەواوی سپی بووبوون، سمێڵە قەیتانییەکانی تەواو زەرد بووبوو. لاواز بووبوو، کەمێکیش قەمبوور بووبوو. منی نەناسییەوە، ئەو هەموو ساڵەی بەسەردا تێپەڕیبوو، هەر خۆیشی لە دۆخێکدا نەبوو بمناسێتەوە. کوڕێکی کە لە زانکۆ دەخوێنێ، لە خۆپیشاندانێکدا دەستگیر کراوە، دوو مانگ دەبوو پارێزەری وەچنگ نەکەوتبوو. هەندێک لە هاوڕێکانی پێشنیاری منیان بۆ کردبوو. "باشە." وام گوت. "با چاوێک بە دۆسیەکەیدا بخشێنم، سبەی وەرەوە قسەی لەبارەوە دەکەین." هەستا، بە هەردوو دەستەکانی دەستی گوشیم و دانەوایەوە، منیش دانەویمەوە، بەڕێم کرد و ڕۆیشت. دۆسیەی کوڕەکەیم وەمل خۆم گرت. کوڕیژگەکەی دوای چوار مانگ ئازاد کرا، دواتریش بێگوناهیی سەلمێنرا. دوای ئازادبوون، کوڕەکەشی ڕەگەڵ خۆی دابوو گوڵ و شیرینییان هێنابووە نووسینگەکەم، هاتبوونە سوپاسگوزاری.

پرسیی: "بۆچی؟ بۆچی پارەت لێ وەرنەگرتم؟"



Scanned with CamScanner

گوتم: "منت نەناسییەوە، وانییە **کاکە فەخری**؟"

ماوەیەک چاوە سەرسامەکانی لە من بڕین، قەیرێ زۆری لە خۆی کرد تا بمناسێتەوە.

"قسوورم عەفوو بکە، دەبێ بە چیت بناسمەوە؟" گوتی.

گوتم: "بە **ئاسومان**."

ماوەیەک وەک ئەوەی سڕ بووبێ، ئاوا مایەوە. سەرەتا خەنییەوە، دواتر قاقا پێکەنیی. هەستا، لە باوەشی گرتم.

"وای! بەڵام من ئەو شەوە چیم بە تۆ گوت؟"

گوتم: "چیت گوت **کاکە فەخری**؟"

"نەمگوت دەبیتە پیاوێکی مەزن، ببیتە پارێزەری هەر کێ شادە، ئەدی نەمگوت؟"

"چۆن نەتگوت **کاکە فەخری**، بەڵێ گوتت."

کەیفی بە جۆرێک ساز بووبوو، ئیتر وەک دوو ئەحباب قسەمان دەکرد. بەدەم تەماشاکردنی کوڕەکەیەوە، "ئێمە لەو سەردەمەوە یەکدی دەناسین..." لەمەوە دەستی بە قسە کرد بە ڕێبوارییەکەی نێو پاس، بەبێ ئەوەی بەشە "هەستیار"ەکەی بگێڕێتەوە، هەمووی گێڕایەوە. هەستان، تا بەردەرگا بەڕێم کردن. کاتێک وەخت بوو لە دەرگا بچنە دەرەوە و بڕۆن، لە دواوەڕا بانگم کرد: "**کاکە فەخری**!"

گوتی: "فەرموو قوربان."

کۆڵۆنیای سەر مێزی سکرتێرەکەم هەڵگرت، لەپی دەستی ڕاگرت، کۆڵۆنیام ڕژاندە سەر دەستی.

گوتم: "سەلامەتییە کاکە."



Scanned with CamScanner

به خەندەیەکی لە ناخەوەڕا لێم ڕاما.
"دەزانم، دەزانم." وای گوت. "هێشتا ماویەتی، جا چۆن لەژێر ئەو بارە دێمە دەرەوە." بەدەم سەرڕاتەکاندنەوە ڕۆیشت.



Scanned with CamScanner

## حیسابات لەگەڵ دایکم

ساڵ ساڵی ١٩٨١، من هەشت و کاکیشم نۆ ساڵان بوو. بۆ من و کاکەم بە ڕاستی ساڵێکی ڕەش بوو. چەند مانگێک پێشتر کودەتایەکی سەربازیی بێئامان ڕووی دابوو. من و کاکم هێشتا ئەقڵمان پێ نەدەشکا. هەرخۆی باسەکەمان لەسەر ئەوە نییە دایکە.
لە ماڵەوە شەکری وردمان نەمابوو. بە زۆری بە کیلۆ لە دوکانی بەقاڵی ژێر ماڵەکەمان دەمانکڕی، بەڵام ئاوا زۆر گران دەوەستا. بۆ ئەوەی پێنج کیلۆ شەکر بکڕین، تۆ ئێمەت ناردە *تۆپتانجی*. *تۆپتانجی* یەک کیلۆمەتر لە سەرووی ماڵەکەمانەوە بوو. لە دوکانی بەقاڵییەکەدا پێنج کیلۆ شەکری ورد سێسەد لیرەی دەکرد، بەڵام ئەگەر لە *تۆپتانجی* بمانکڕیایە دووسەدوپەنجا لیرە بوو. دووسەد و پەنجا لیرەت پێ داین، لەگەڵ کاکم چووین و

لە تۆپتـــانجی شـــەکرەکەمان کـــڕی. لەبەر ئەوەی مـــن بچـــووکتر بـــووم، کـــاکم فەردە شـــەکرەکەی لە بـــاوەش گرت. تـازە چەنـد هەنگاویکمـان هەڵێنـابوو، مانـدوو بـوو، لەســـەر ئەرزەکە دای نـــا. دوای حەســـانەوە یەکێکمـــاز چمکێـک و ئەوی تـریش چمـکەکەی دیکەی بە دەستەوە گـرت و چەنـد هەنگـاوێکی تـریش هەڵمـان گـرت. دوای مانـدووبوون دیســـانەوە دامـــان نـــایەوە ســـەر ئەرزەکە. فەردە شەکرەکە لە هەڵگرتن نەدەهات. سەیرمان کرد وا نـــابێ، چـــووینە لای ئەو گـــارییەی لە قەراغ ڕێگـــاکە وەسـتابوو، کـاکم وەسـفی مـاڵەکەی بـۆ عەرەبـانچییەکە کـرد و پرسـیی: "بە چەنـد دەمانبەیـت؟" عەرەبـانچییەکە دوای ئەوەی بە ســـــەمەرییەوە جارێـــک لە ئـــێمە و جـارێکیش لە فەردە پێنج کیلـۆییەکەی شـەکری ڕوانـی، گـــوتی: "پەنجـــا لیـــرە." لەبەر ئەوەی تـــا ئەو کـــاتە هەواڵێکمــــان لەوە نەبـــوو شـــتێک هەیە بە نـــاوی مـــامەڵەکردن، دەســـتبەجێ گوتمـــان: "باشـــە." فەردە شـــەکرەکەمان خســـتە ســـەر عەرەبـــانەکە، خۆیشـــمان دانیشـــتین. قاچەکانمـــان ڕادەتەکانـــدن. بەم شـــێوەیە گەیشـتینەوە مـاڵێ. بە هـۆی ئەوەی ماڵمـان لە نهـۆمی پێـنجەم بـوو، عەرەبـانچییەکە فەردە شـەکرەکەی تـا بەردەرگای ماڵمان هێنا. لە ڕاستیدا ناچار بوو بیهێنێ، چونکە قرووشێکمان پێ نەبوو و بۆ ئەوەی پارەکەشی وەربگرێت، دەبوو تا بەردەرگا بیهێنێت. هەر کە دەرگـات کردەوە، دۆخەکەمـان بۆ ڕوون کـردیتەوە. سـەرەتا وات

زانی گاڵتە دەکەین، بەڵام هەر زوو لە ڕاستیی شتەکە تێگەیشتی. پەنجا لیرەت لە ژوورەوە هێنا، داتە عەرەبانچییەکە. ئەو شەکرەی لە *تۆپتانجی* کڕیمان، نرخەکەی وەک نرخی دوکانی بەقاڵییەکەی ژێر ماڵەکەمانی لێ هات. وادیارە ئەودەم من و کاکم دژی مۆنۆپۆڵکردنی سەرمایە بووین، بەرگریمان لەوە دەکرد کە سەرمایە بۆ بنکە، واتە بەسەر خەڵکدا دابەش ببێت؛ لەباتیی ئەوەی هەر سێسەد لیرەکە بدەینە بەقاڵەکە، دووسەد و پەنجا لیرە بۆ کابرای *تۆپتانجی* و پەنجا لیرەش بۆ عەرەبانچی. بەم کارەش یەکەم کاری جووڵانەوە سیاسییەکەمان ئەنجام دا. بەڵام بە هۆی ئەوەی تۆ بەم کارەی ئێمە ڕازی نەبوویت، جووڵانەوەکەمان بەرلەوەی دەست پێ بکات تارومار بوو. بە هۆی تۆوە *تورکیا* کەوتە نێو ئابووریی بازاڕی ئازاد، ببینە مەملەکەتەکەمان لە کوێ بە کوێ گەیشت. ئۆباڵی زۆرت لە ملە، زۆر!

دواتر ڕۆژێک هەندێک لەو ماستەی کە لە ماڵەوە هەوێنت کردبوو، خستتە سەفەرتاسێکەوە و گوتت: "ئەمە بۆ **بابە حاجی**تان ببەن." لەگەڵ کاکم بەدەم وازی و گەڕانەوە، لە چوار کۆڵان خوارتر چووینە ماڵی **باپیرە**. کە گەیشتین بووبووە نیوەڕۆ و تا بڵێی شەکەت بووبووین. **نەنە حاجی**، "ئێستا برسی بوونەتەوە"، وای گوت و کەمێک نانی لەگەڵ ئەو ماستەی هێنابوومان بۆ دانایین. لەگەڵ کاکم هەموو ماستەکەمان عافیەت کرد.



Scanned with CamScanner

نەنەم سەفەرتاسەکەی شۆرد و دایەوە دەستمان وەرمان گرتەوە و گەڕاینەوە ماڵێ. پرسیت: "بۆچی هێندە دواکەوتن؟" گوتمان: "لای **داپیرە** نانمان خوارد، بۆیە درەنگ هاتینەوە." گوتت: "چیتان خوارد؟" گوتمان: "ماستمان خوارد." بە هێدمەوە گوتت: "ناشێ ئەو ماستەی بردتان خواردبێتتان؟" وەک ئەوەی شتێکی ئاسایی بێت، گوتمان: "بەڵێ." ئەمەت بە سالان بۆ خەڵکی گێڕایەوە و پێکەنییت. ئەگەرنا هیچکات وەک دۆخێکی نائاسایی نەهاتە بەرچاوم. ئەگەرچی نەمدەتوانی لۆژیکەکەی شی بکەمەوە، بەڵام هەمیشە پێم وابووە شتێکی زۆر ئاساییە. بیر بکەوە، بیر بکەوە... دواجار ئەم مەسەلەیەم لە زیندان بۆ دەرکەوت. ئەو ماستەت بۆ ئەوە نەناردبوو بۆ **داپیرە** و **باپیرە** لەبەر ئەوەی پێویستیان پێیەتی، بەڵکو بۆ ئەوە ناردبووت تا دڵخۆش بن پێی. خۆی هەر کە ماستەکەمان گەیاندە دەستیان دڵخۆش بوون، بەڵام کاتێک کە ماستەکەیان دەرخواردی نەوە بێهاوتاکانیان دا، هێندەی دی دڵخۆش بوون. ئەو دانە دڵخۆشییەی تۆ پلانت بۆ دانابوو، ئێمە بەم شێوەیە دووقاتمان کردەوە، ئەرێ! دروست سیوشەش ساڵ ناهەقانە پێمان پێکەنین زاڵمینە.

ئەو ساڵە لەگەڵ تۆ دەچووینە کاری دروستکردنی کڵاوەقووچەی نوێژکردن. تۆ لە ماڵەوە بە شیش و کەڵافە کڵاونوێژت دروست دەکردن، من و **کاکە نوورەدین**یش دەمانفرۆشت. قەیدی نییە، ڕەنگە کارەکە

بە دڵی ئێمە نەبووبێت. لەو سەردەمدا لە سەرتاسەری دنیا وەستانێکی گەورە لە بازاڕی کڵاوقووچەی نوێژ هەبوو، بەڵام تۆ هەمیشە ناوەندەکانی وەبازارخستنت بە هۆکاری ئەمە دەزانی. بۆ نموونە نازانم بۆچی هیچ کاتێک ئەو کەموکوڕییانەی لە وەبەرهێناندا هەبوون، وەک هۆکار دامان نەنان. لەو وەرزەدا پتر کڵاونوێژی هەودا ئەستووری خۆڵەمێشی ڕەواجی هەبوو، بە لایەنی کەمەوە بژاردەی حاجییەکان ئاوا بوو. بەڵام تۆ هەر کڵاونوێژی هەودا باریکی، مارۆنی، خاکی، ڕەش و سوورت دەچنین. ئاخر دایکە کڵاونوێژی سەوز و سوور چۆن دەبێت! بەڵام هەر دەتچنین. خۆزگە لە بەردەم ستاندی *دیاربەکر* دەمانفرۆشتن، ئاخر لە بەردەم مزگەوتی *ئولو جامی* چی بفرۆشین! هەر ئەمە بوو وای کرد زۆربەی کڵاونوێژەکان بە **بابە حاجی**مان بفرۆشین. ئەو ڕۆژانەی فرۆشیشمان نەبوو، دەچووینە لای دوکانی بەقاڵی **بابە حاجی**. لەوێ هەم بسکویتی دەداینێ، هەم یەک دوو کڵاونوێژیشمان دەفرۆشت. بە لایەنی کەمەوە بیست لەو کڵاونوێژانەی تۆ دەتچنین، بە **بابە حاجی**مان دەفرۆشتنەوە. مەبەستمە زانیاریت لەمە هەبێت. هەروەها ئەوەشت بە بیر بهێنمەوە کە کۆی گشتیی ئەو کڵاونوێژانەی چنیبووتن، بیستوپێنج دانە بوون.

ڕۆژێک باوکم بۆ نانی نیوەڕۆ هاتەوە ماڵێ. ئەمە کارێک نەبوو بەردەوام بیکات، بەڵام ئەو ڕۆژە حەزی کردووە

له مـاڵەوە نـانی نیـوەڕۆ بخـوات. له کاتێکدا تـۆ بە پەلە سەرقاڵی ئامادەکردنی خـوانەکە بوویت، ئێمەشـت ناردە لای بەقاڵییەکە نان بهێنین. نازانم بۆچی، بەڵام وای لێ هـاتبوو هەر کە نـاوی بەقاڵت دەهێنـا، ئێمە بەقـاڵییەکەی **بـابە حـاجی**مـان دەهـاتە بەرچـاو. گەڕ گەڕ، بەدەم وازیکردنەوە دیسـانەوە چـووینەوە لای، بسـکویتەکانمان خـواردن. گەڕ گەڕ دووبـارە گەڕایـنەوە مـاڵەوە. کە گەیشتینەوە ماڵەوە سێ سـەعات تێپەڕیبوون. تۆ کە بە مەراقەوە هـاتیتە دەرەوە، "ئەوە ئێـوە لە کـوێ بـوون؟" پرسیت. گوتمان: "چـووینە بەقـاڵییەکەی **باپیرە**." هەر کە پرسـیت: "باشـه ئەدی کـوا نـان؟ وەک ئەوەی ئەو بەرپرسی نانەکە بێت و وەک ئەوەی بڵێم بۆچی لە من دەپرسـی، مـن سـەیری کـاکەم کـرد، بەڵام لە خشـتە نەچـووی. بـاوکم ئاشـەکەی بەبـێ نـان خواردبـوو و ڕۆیشتبوو. بڕوانە، تا ئێستا لۆژیکێکم نەدۆزیوەتەوە تا بـزانم بـۆچی ئـاوا بـوو، بـۆیە ئەم باسـە تێـدەپەڕێنم. دواجار ساڵی ١٩٨١ بۆ ئێمە ساڵێکی سـەخت بوو، بەڵام هەموو ساڵە سەختەکان ڕۆژێک دێ تێپەڕن. هەر تەواو دەبن دایێ. دەستی تۆ و هەموو دایکان ماچ دەکەم.

## هێندەی مێژوو تەنیا

هیچ کاتێک گفتوگۆکردنم لەگەڵ باوکم گەرموگوڕ نەبووە. دەگوترێ کە کچان هۆگری باوکیان دەبن، بەڵام من تا ئێستا هەستم بەمە نەکردووە. لەوەتەی فامم کردووەتەوە پیاوێکی داخراو بووە. تەنێ لە هەنبەر من وا نەبوو، دەرهەق بە هەموو کەسێک وا بوو. نەمدی هیچ کاتێک شەڕ لەگەڵ دایکم بکات، بەڵام هەستیشم نەکرد بە قووڵی هۆگری یەک بن. پێم وایە دایکیشم ئەوی بەم شێوەیە قبووڵ کردبوو، بە ژیانێکی وا ئارام ڕازی بووبوو. وەک خەیاڵێک ساتەکانی کەیفسازی و قسەکردنیان بە دڵخۆشییەوەم دێتەوە بیر. لە *ئیسپارتا* باخچەیەکی گەورەی گوڵانمان هەبوو، باوکم گوڵفرۆش بوو. لەگەڵ دایکم هەموو کاتەکەیان بە کۆکردنەوەی گوڵ و فرۆشتنیان بە بازرگانەکان بەسەر دەبرد. باوکم



Scanned with CamScanner

هەر بە زۆر ناوەندیی تەواو کردبوو، هەرچی دایکمە خوێندەواریی نەبوو. ئەو برایەم کە بەر لە من لە دایک بووبوو، هەر لە تەمەنی دوو مانگیدا مردبوو. لە دوای منیش منداڵیان نەبووبوون. کاتێک هێشتا منداڵ بووم، لە باخچەی گوڵاندا یاریدەم دەدان. بەڵام کەیفم بە کاری گوڵان نەهات. بەردەوام حەزم دەکرد بخوێنم، باوکیشم هانی دەدام.

دوای ئەوەی لە فاکەڵتیی بیناسازی وەرگیرام و چوومە *ئیستەنبوڵ*، ماوەیەکی زۆر نەگەڕامەوە *ئیسپارتا*. تەنها هاوینان بۆ ماوەیەکی کەم سەردانیم دەکردن. پێنج ساڵ بەر لە ئێستا کە دایکم کۆچی دوایی کرد، بۆ ماوەی هەفتەیەک لە *ئیسپارتا* لە لای باوکم مامەوە. نەمویست تەنیا بێت. لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا سێ جاریش بە چاکی قسەمان بە یەکەوە نەکرد. باوکم دەرد و ئازارەکەی دەخواردەوە، هەستم بەو بۆشاییە دەکرد کە دایکم بۆی دروست کردبوو.

لەگەڵ دایکم نزیکتر بووین، لە هەفتەیەکدا چەند جارێک دەردەدڵیمان دەکرد بە تەلەفۆن. لە ئەنجامی پێداگریی زۆرم، دوو جار لە *ئیستەنبوڵ* هاتە سەردانیم؛ دایک و کچ زۆر گەڕاین. باوکم حەزی نەدەکرد بێت، ئەمەم دەزانی، بۆیە هەر داواشم لێ نەکرد. لە هەنبەر مردنی لەناکاوی دایکمدا، خۆم زۆر بە بێکەسی بینی. هەستی هەبوونی باوکێک لە ناخمدا نەبوو. بۆیە چاوەڕوانیی ئەوەم لێ نەبوو شوێنی دایکم بۆ پڕ بکاتەوە. پێم

وانەبوو باوکیشم هیچ چاوەڕوانییەکی لە من هەبێت. دەمزانی منی خۆش دەوێت، بەڵام هیچکات هێندە نزیک نەبووین ئەمەم پیشان بدات. نایەتەوە بیرم، بە درێژایی ژیانم نەمدیوە خراپ مامەڵەم بکات، یان ئەوەی لێم تووڕە بێت. مرۆڤێکی ئارام و هێور بوو.

دوای ئەوەی هەفتەیەک لە لای مامەوە، گوتم: "باوکە، ئیتر من ناچارم بگەڕێمەوە *ئیستەنبووڵ*." گوتی: "هەڵبەتە کچەکەم، بگەڕێوە سەر کاروباری خۆت، خەمی منت نەبێت." ئەمە یەکەم جار بوو دەنگی هێندە بەسۆز بێت. پێم گوت: "ئەگەر حەز دەکەیت، بە یەکەوە دەچین، ماوەیەک لە لای من بمێنەرەوە، هەم جەوێکیش دەگۆڕێت." خۆیشم سەرسام بووم کە ئەم قسەیەم هێندە لە ناخەوە کرد، بەڵام وەک ئەوەی زۆر ئاسایی بێت، گوتی: "نا کچەکەم، سوپاس، بۆ ئێستا باشم. بەم زوانە دەبێ گوڵەکان بچنینەوە، با ئەمەش تەواو بێت، دوای ئەوە بزانم چۆن دەبێت." ماڵئاواییمان کرد. *ئیسپارتا*م جێ هێشت.

کە گەڕامەوە *ئیستەنبووڵ*، لە ئۆفیس دەستم بە کارە کەڵەکەبووەکانم کرد. خوودانم بە کار ئەهەوەنی دەکردمەوە. ئەو ئۆفیسەی لەگەڵ هاوبەشەکەم دامان نابوو، ڕۆژ بە ڕۆژ کارەکانی باشتر دەبوو. لە ماوەیەکی کەمدا هێندە پرۆژەمان وەرگرت کە خەیاڵیشمان بۆ نەدەچوو. لە کێکی ئەو شارانەی کە لە هەموو لایەکی *ئیستەنبووڵ* دروست دەکران، بەشی

ئـێمەش دادەنـرا. لەگەڵ **فـڕاتی** هاوبەشـم لە سـاڵانی زانکـۆوە هـاوڕێین، لە قۆنـاغی کۆتاییـدا دەسـتمان بە گەڕان کـرد، کە تەواویشـمان کـرد بە یەکەوە ئۆفیسـێکی بیناسازیمان دانا. کە دایکم هاتە *ئیستەنبوڵ* پێم ناساند. دوای ئەوەی بە باشی ناسیی، گوتی: "کچم ئەم کوڕە لە دەست خۆت مەدە." بە قسەم کردیت دایکە، لەگەڵ **فڕات** هاوسـەرگیریم کـرد. سـاڵێک پـاش کۆچی دوایـی دایکـم بـوو، پەیوەنـدیم بە بـاوکمەوە کـرد: "بـاوکە مـن شـوو دەکەم." گـوتی: "بەختەوەریـت بـۆ دەخـوازم کچـم، زۆر دڵخۆشـنم بـۆت." نەهـاتە ئەو ئـاهەنگە سـادەیەی خۆمـان هاوڕێیـانە سـازمان کردبـوو، بەڵام تەلەفـۆنی کـرد و پیرۆزبایی لە هەردووکمان کرد.

دوای مانگێـک لە هاوسـەرگیریمان تەلەفـۆنی کـرد: "کـچەکەم، مـن بـاخ و بـاخچەکەم فرۆشـت، لە شـوێنێکی بچووکی *فەنیک* نیشتەجێ دەبـم. دواتـر ناونیشـانەکەیت بـۆ دەنێـرم، خەمـی منـت نەبێـت." گـوتم: "لەسـەر خێـر باوکە، ئەگەر هەر ئاتاجێکت هەبوو پەیوەندیم پێوە بکە." نـزیکەی دوای دە ڕۆژ بە ناونیشـانی گونـدێکی ماسیگرانەوە پەیامێکی نارد، کە باشـە و ئەگەر ڕێگامـان کەوتە ئەوێ، حەتـمەن سـەردانی بکەیـن و چاوەڕێمـان دەکـات. وەڵامـم دایەوە کە "حەتـمەن لە دەرفەتێکـدا سەردانت دەکەین، ئاگات لە خۆت بێت". مـانگی جارێک تەلەفـۆنم دەکـرد، لە حـاڵ و بـاریم دەپرسـی. بەردەوام دەیگوت کە باشە و ڕاحەتە و سەری ئاسوودەیە لەوێ.



Scanned with CamScanner

لەگەڵ **فرات**، هاوشێوەی کار هاوسەرگیرییەکەشمان بە باشی دەڕۆیشت. هەفتەی شەش ڕۆژ کارمان دەکرد و ڕۆژانی دووشەممەشمان بە تەمبەڵی بەسەر دەبرد. ئێوارانی شەممەش لە *بەیئۆغلو* لەگەڵ هاوڕێ هاوبەشەکانمان چەند بادەیەکمان هەڵدەدا، دەچووینە سینەما و شانۆ و سەری خۆمان سووک دەکرد. هەروەها **فرات** هۆگرییەکی زۆری بۆ ئەدەب هەبوو، منیش حەزم لە خوێندنەوەیە، بەڵام **فرات** سەوداسەری ئەدەب بوو. ئاگای لە هەموو کتێبە نوێیەکان بوو، دوای ئەوەی بە باشی دیفچوونی بۆ دەکرد، هەموو کۆتایی هەفتەیەک دەچووە لای کتێبفرۆشییەکان ئامێزێک کتێبی دەکڕین. ئەو حەزەی ئەو کەمتازۆر پەڕیبووە منیش. بەتایبەت ئەو ڕۆمانانەی کە حەزی لێ بوو، دەیدایە منیش بیخوێنمەوە. منیش متمانەم بە بژاردەکانی ئەو دەکرد و قەتیش وەنەبووە تووشی خەیاڵشکان ببم. ڕۆژێک کە لەسەر جێگا ڕاکشابوو، ئەو کتێبەی کە تەواوی کردبوو دای خست، خستیە سەر سینگی. چاوەکانی لە بنمیچەکە بڕین و دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر: "وای! چەند جوانی نووسیوە!" دواتر گوتی: "حەتمەن بیخوێنەوە، بە دڵت دەبێت." وای گوت و کتێبەکەی بۆ من ڕاهێشت. ناوی کتێبەکەش کاریگەر بوو: *هێندەی مێژوو تەنیا*. نووسەرەکەی **حەسەن وەفا قەرەداغلی**یە، ئەندازیاری میکانیکیی خانەنشینکراوە، نووسەر کە لە فۆتۆکەیدا دەردەکەوێت، بە تەمەندا

چـووە، زانیـارییەکی وا لەبـارەی ڕابـردووی تـایبەتی ژیانیەوە نییە. هەر وا سەیرێکم کرد و لەسەر ئێتاژێیری پاڵ چرپاکەم دانا. "باشـە، دواتـر دەیخـوێنمەوە". وام بە **فرات** گوت.

لە لایەکەوە بە هـۆی شارسـازییەوە لە هەنـدێک شـوێن ڕووخاندن زۆر بە خێرایی بەردەوام بوو، بە شێوەیەکی دێوئاساش نرخی نشینگەکان بەرز دەبوونەوە. بەتایبەت بەو پـــارەیەی لە پـــڕۆژەی *فیکیـــرتەپەی کەدیکـــۆی* دەســتمان کەوت، بەشـــی ئەوەی دەکـــرد ســـەرلەبەری ستانداردی ژیانمـان بە زیـادەوە بگـۆڕێ. ئەو پـارەیەی کۆمـــان کردبـــووەوە، لە چوارچێـــوەی شارســـــازیدا دەمانخسـتە چوارچێوەی وەگەڕخسـتنی نەگـوێزراوەوە، دەمانگوت ئەگەر ئێرە بۆ شارسـازییش تەرخـان بکرێت، هەر لە دەستمان دەچێت و بەم هۆیەشەوە لە پاڵ کـاری پڕۆژەکـانی بیناسـازی، دووقـات قازانجمـان دەسـت دەکەوت. بەڵام ڕیتمـی خێـرای ئەم کـارە و پێـداگریمان لەسەر بەردەوام قازانجکردن، ئێمەی کردبووە ئـامێر و کاتمان بۆ خەرجکردن نەبوو. ئەگەر ئەو ڕێکخـراوانەی کـۆمەڵی مەدەنـی، کە دژی شارسـازی و گـۆڕانکـاری لە شـاردا بـوون، لـێ بەدەر بکەیـن، هـیچ شـتێک نەبـوو لە ژیان بێزارمان بکات. بەختەوەر بووم یان نا، بۆ ئەمەش کاتم نەبوو بیری لـێ بکەمەوە. دواجـار کارمـان دەکرد، قازانجمـان دەکـرد و دەژیـاین. لە نێـو ئەو ڕاکەڕاک و جەنجاڵییەدا شەوان بەر لە خەوتن، تەنێ دەمتوانی چەند

لاپەڕەیەک لە کتێبێـــک بخـــوێنمەوە. هەفـــتەیەک دوای ئەوەی **فرات** کتێبەکەی پێ دام، ئەمجا توانیم دەست پێ بکەم، دەست بە خوێندنەوەی *هێندەی مێژوو تەنیا* بکەم. سـەرباری ئەوەی زۆر شـەکەت بـووم، بەڵام کتێبەکە لە لاپەڕەی یەکەمەوە منـی یەخسـیر کـرد. تـا ئەو کـاتەی چاوەکانم لە خۆیـانەوە دادەخـران، دەتـوانم بڵێم نیوەیم خوێندەوە. ڕۆژی دواتـر هەر زوو لە ئۆفیس دەرچووم، هۆشـم بە لای کتێـبەکەوە بـوو. هەر پـێم نـایە مـاڵەوە دەسـتم بە خوێنـدنەوەی کـرد. **فـرات** تەلەفـۆنی کـرد؛ لەسـەر کـاری بیناسـازییەوە پێویسـت دەکـات سـەردانی ئۆفیس بکاتەوە و تا درەنگانی شـەو کار دەکات. منیش بە سـوودوەرگرتن لەم دەرفەتە، نـوقمی نێـو کتێـبەکە بووم. ئەو کاتەی **فرات** بۆ ئەوەی من بێدار نەکاتەوە بە کلـیلەکەی خـۆی بێـدەنگانە دەرگـای کـردەوە، خەریـک بـووم کۆتـا لاپەڕەم دەخوێنـدەوە. هـاتە سـالۆنەکە، کە گوتی "ئەوە هێشتا نەخەوتوویت؟" بۆ ئەوەی سەرنجم پەرت نەکەم، بەبێ ئەوەی چاوم لەسەر کتێبەکە هەڵبڕم، تەنها توانیم "نەخێر" بچرپێنم. هەر وا بە پێوە و بۆ یەک دوو خـولەک وەسـتا. دوای ئەوەی کۆتـا ڕسـتەم خوێنـدەوە، بـۆ **فـرات** وەرچەرخـام و گـوتم: "هەر بە ڕاستی وای! وەک گوتت وا بوو، زۆر تاسێنەرە." بەدەم هاتنە پاڵمەوە، گوتی: "بەڵێ، لە ڕاستیدا زۆر کاریگەریی بەسەر منیشەوە جێ هێشت، وادیارە مرۆڤ لەمە باشتر ناتوانێ گوزارشت لە تەنیاییەکانی نێو قەرەباڵغی بکات.



Scanned with CamScanner

نەرمین، هەندێک جار بیر لەوە دەکەمەوە هێندە کار دەکەین و پارە بە دەست دێنین، باشە جگە لە پارە چیتر بە دەست دێنین؟ ئەو هەستی تەنیاییەی پارە بۆی دروست کردووم، ئەوی ڕاستی بێت جار جار رامدەچڵەکێنێت. بیر لەوە بکەرەوە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە بەرزبوونەوەم هەروەک سەرکەوتنە بۆ بۆشایی گەردوون؛ تا سەرتر دەکەویت، ژمارەی زیندوان کەمتر دەبێتەوە. تا دێ لە مرۆڤەکان، لە خەڵک دوور دەکەویتەوە و بەرەو بۆشایی گەردوون و تەنیایی خۆت سەفەر دەکەیت. لایەنی خەمگینی ئەمەش ئەوەیە، بۆ ئەوەی ئەمە بەدی بهێنیت، خۆت لە داروبەرد دەدەیت و شەو و ڕۆژ کار دەکەیت. هەندێک جار وا هەست دەکەم وەک ئەو داماوە خۆبەخشانە واین کە لە کانگای ژیانەوە بە ئاراستەی ئەو شوێنەی کە ژیانی تێدا نییە، هەڵدەکشێ."

کاتێک ئەم قسانەی دەکرد، وەک ئەوە وا بوو لە بەر خۆیەوە ورتەی بێت. گوتم: "بەڵێ، ڕاست دەکەیت، کاتی ئەوە هاتووە بیر لەم ڕەهەندەی پرسەکەش بکەینەوە و بگرە خەریکە تێشدەپەڕێت. لە ڕاستیدا ئەم ڕۆمانەش ڕێکەوتی کرد. بۆ ئەوەی هەندێک شت شوێنی شیاوی خۆیان بگرن، پێویست دەکات بەئاگاتر و هۆشیارانەتر هەڵسوکەوت بکەین." **فرات** وەرچەرخا و سەیری چاوەکانی کردم. "بڕوانە چی دەڵێم نەرمین... وەرە سبەی پشوویەکی درێژ وەرگرین، بە سەرێکی بەتاڵەوە



Scanned with CamScanner

ئەم پرسـە هەم بیری لێ بکەینەوە، هەم قسـەی لەسـەر بکەین، جگە لەمەش پشـوویەکیش دەدەین. هـا؟ دەڵێـی چی؟" بە خرۆشانەوە ئەمەی گوت. گوتم: "بوەستە، هەر خێـرا مەخرۆشـێ." بە هەوڵـدانەوە تـا شـەوقەکەی نەڕووشێنم، "سبەی بەیانی ناتوانین دەرچین، ئەگەر ئەو هەمـوو ئیشـوکارە ئـاوا جێ بهێڵـین قیـامەت ڕادەبێ"، ئەمەم گوت، وەک بڵێم: "نابێ."

کاتێک سپێدە زوو جانتاکانمان دەخستنە نێو سندووقی ئوتۆمبیـل، هێشـتا بڕوامـان بە چـاوی خۆمـان نەدەکـرد. بگـرە پلانـی گەڕانـی هەمـوو کەناراوەکـانی ئێـژە و دواتریش چوونە *فەنیکە* بۆ لای باوکم و گەڕانەوەمان هەر لە نێو ئوتۆمبیـل، دامـان نـان. پاشـان تەلەفۆنم بۆ بـاوکم کـرد، کە بە ڕێگـاوەین و دوای دە ڕۆژی دیـکە سـەردانی دەکەیـن. "ئاگـاداری خۆتـان بـن، ڕێگاتـان سەلامەت."

بەدەم چێژوەرگرتن لە کەناراوەکانی ئێژە، لەگەڵ **فڕات** باسـمان لە ڕابردوومـان کـرد، لە داهاتووشـمان. ئەو دۆخە هەستیارەی کە وڵات و دنیـاش تێیکەوتـووە، ئەو وەحشـەتەی بە نـاوی مەدەنیـیەتەوە دەکرێـت و مرۆڤـایەتیی بەم حـاڵەی ئێسـتا گەیانـدووە. باسـمان لە درامـاش کـرد؛ وێرانبـوونە کولتوورییەکـان، کارەسـاتە ئێکۆلۆژییەکـان، ئەو تـاکگەراییەی کە پەیوەنـدییەکانی یەخسـیر کـردوون. باسـمان لە عەشـق و ئەو گۆڕانکـارییەش کـرد کە بەسـەر ئەڤینداراندا هـاتووە.



Scanned with CamScanner

کـاتێکیش گەیشـتینە فەنـیکە، دەتگـوت هەر ئێسـتا لە ڕاهێنانی پزیشکی هاتووینەتەوە.

بەپێـی ئەو تـاریفەی بـاوکم کـردی، دۆزیـنەوەی ئەو شوێنەی تێیدا دەمـایەوە هێندە سەخت نەبوو بۆ ئێمە. شوێنێک بوو بیست ماڵە بوو، دروست لە قەراغ ڕێگادا لە نێو داروباردا و لە پاڵ چەند شـوێنێکی کارکردندا و کەوتبـووە نێـو دارسـتانێکەوە. کاتێـک بە ئۆتۆمبیـل لە قاوەخـانە نزیـک بـووینەوە، بـاوکم و سـێ پیرەپیـاو کە دیـار بـوو گونـدی بـوون، لە دەرەوە لەسـەر مێزێکـی تەختە ڕۆنیشتبوون. باوکم هەر کە ئێمەی ناسییەوە، بە پێکەنیـــنەوە هەســـتایەوە ســـەرپێ و بە ئاڕاســـتەی ئۆتۆمبیلەکەمـان هـات. بە لەئـامێزگرتنەوە پێشـوازیی لە مـن و **فـڕات** کـرد. هەنگاوێک دوور کەوتەوە و سـەیری قەدوقیـــافەی **فـــڕات**ی کـــرد؛ دوو ســـاڵ بـــوو هاوسەرگیریمان کردبوو، بەڵام یەکەم جار بوو دەیبینی. ڕووی خەنـــدان و خاکەڕایـــانەی بـــاوکم وای کـــرد پەشـــۆکانی **فـــڕات**یـــش کەمتـــر ببێـــتەوە. هاوڕێیـــانی قاوەخـــانەی باوکیشـــمان لە بەر هەســـتان و تەوقەمـــان کرد. دواتر باوکم فەرمووی لـێ کردینە ماڵێ. خـاوەنی قاوەخانەکە پێداگریی کرد بۆ خواردنەوەی چایی، بەڵام باوکم پێداگریی کرد و بە گاڵتەوە گوتی: "ئەو چاییەی من لە ماڵەوە لێیدەنێم، لە چاییەکەی تۆ خۆشترە!" وای گـوت و لێیـان دابـڕاین. گـوتی: "وەرن بـزانم منداڵینە..." وای گـوت و پێشـمان کەوت. دوای تێـپەڕین لە دوکـانی



Scanned with CamScanner

فرۆشـیاری ماسـی، کە بـابۆڵەی دروسـت دەکـرد و باخچەکەی بە لاولاو و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشرابوو، هەروەهـا دوای تێـپەڕین لە مێژێـک کە کـاری دەسـتیی خۆجێیی نـاوچەکەی دەفرۆشت، گەیشتینە مـاڵی بـاوکم، کە باخەکەی پڕ گوڵ بوو. مـاڵەکە لە کووخێکی بچکۆلە، کە لە سـووچێکی بـاخچەکەدا دروسـت کرابـوو، پێـک هـاتبوو، وەک جوانکـاریی بـاخچەکە وابـوو. لە ژێـر ئەو سـاباتەی کە لاولاوەکـان دروسـتیان کردبـوو، دوو قەنەفەی بەرانـبەر یەک، لەسـەر قەنەفەکـانیش نیـودەر و لاکـێش، لە ناوەڕاسـتیدا مێزێکـی بەرزتـر لە قەنەفەکـان هەبوون. هەموو سووچ و گۆشەیەکی بـاخچەکە پڕ بـوو لە گـوڵی ڕەنگاوڕەنـگ و درەختـی بەرداری هەمەجـۆر. باوکم ئەو مەهارەت و لێزانییەی ساڵانێک لە گوڵفرۆشی فێری بووبوو، لەم بـاخچەیەدا بە کـاری هێنـابوو. کاتێک لەسـەر قەنەفەکـانیش دادەنیشـتی، لە نێـوانی درەختەکـانەوە دەریـای بێسـنوورت دەبینـی. هەر کە دانیشتین، گوتی: "ئەوە چایی دەم دەکەم و ئێستا دێمە لاتـان." وای گـوت و چـووە نێـو کـووخەکەیەوە. لەگەڵ فرات لێک ڕامـاین و چێژمـان لەو دیمەنە و لەو کەشـە وەرگرت، کە ئاسوودەیی بە مرۆڤ دەبەخشی. جگە لەو ئوتۆمبیلانەی ناوە ناوە بەسـەر شـەقامەکەدا تێدەپەڕین، لە دەنگی ئەو شـەپۆلانەی خۆیـان بە کەنـاردا دەکێشـا و سـرووەی ئەو بـایەی کە بە فێنکـی هەڵـی کردبـوو و سرتەی سیرسیرەکانی تێکەڵ دەبوو، دەنگی هیچی تر

نەدەهات. بیرم لەوە کردەوە باوکم شوێنێکی باشی هەڵبژاردووە بۆ بەسەربردنی ئەو هێندە تەمەنەی ماویەتی؛ ئەوەی ڕاستی بێت کەمێکیش بەغیلیم پێی برد. بە هۆی ماندووبوونی ڕێگاوە لەسەر قەنەفەکە بە زۆر خۆمان گرتبوو، تا نەبۆرژێین و خەومان لێ نەکەوێت. پاش قەیرێ باوکم بە دەستێکیەوە چایدان و بە دەستەکەی تری سینی و پەرداخەکانی سەری، هاتە دەرەوە. چایەکەی وەک دەیگوت بە ڕاستی خۆش و بەتام بوو. سێ چوار سەعات باسمان لە کار و کردەوەمان و ژیانی نوێی باوکمان کرد لە گوندەکەدا. هێندەی هەستم پێ کرد، دوای مردنی دایکم ژیانی ئێرەی ئارامیی پێ دابوو. لەچاو جاران کراوەتر بوو و قسەی دەکرد، بەڵام ڕێی تێنەدەچوو لە ناخەوە بیخوێنیەوە؛ ئەگەر ناخێکی هەبێت هەڵبەت.

بینینی ئەو بەو ئارامییەوە منیشی دڵخۆش کرد. سەرباری پێداگریی ئەو، شەو لە لای نەماینەوە. دەبوو ئێوارە لە *ئەنتاڵیا*وە بە فڕۆکە بگەڕێینەوە *ئیستەنبوڵ*. ویستی بە ئۆتۆمبیل بمانگەیەنێتەوە *ئیستەنبوڵ*، کە نەیتوانی ڕازیمان بکات، "بە لایەنی کەمەوە ماسییەک بخۆن ئەمجا بڕۆن." لە ڕاستیدا بە هۆی هەوای ساردی دەرەوە، کە گەدەمان دەخوێولایەوە، ئەو خواستەیمان ڕەت نەکردەوە. لە ماسیفرۆشییەکەی تەنیشتی، لەسەر یەکێک لە مێزە تەختەکان دانیشتین. دیار بوو کە هەموو گوندییەکان هاوڕێیەتییەکی باشیان لەگەڵ باوکم هەبوو،



Scanned with CamScanner

هەڵسـوکەوتیان لەگەڵ یەک زۆر بـاش بـوو. سـەرجەم ئەو شوێنانەی گوندییەکان کاریان تێدا دەکرد، سەرجەم ئەو سـەوزانەی تـازە چنرابـوون، مقەبـیلات و هەمـوو ماسییەکەمان خـوارد. کاتێک باوکم بە کەیفەوە باسی گوزەرانی ژیانی لە گوند دەکرد، چاییشمان خواردەوە. دواتر ماڵئاواییمان کرد و وەڕێ کەوتین. لە ڕێگا فرات هەر باسی ئەوەی دەکـرد کە چەنـد بە بـاوکم کـاریگەر بووە و قسەکردن لەگەڵیدا چەند خۆش بووە و دەیگوت کە پێویستە زوو زوو سەردانی بکەین.

ڕۆژی دواتر کارکردنمان لە ئۆفیس تازە بووەوە، ڕاستتر بڵێم دەتگوت ژیـانێکی تازەمـان دەسـت پـێ کـردووە، کە چیتـر ژیـان تەنهـا پـارە و کـارکردن نیـیە، لە بەرانـبەر کۆمەڵگەشـدا هەسـتیارتر و هێنـدەی دەتـوانین زیـاتر پەیوەست دەبین بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە. هەر هـیچ نەبـێ ئەمە ئەو بڕیارانەمـان بـوون کە لە پشـووەکە دابوومـان. ئەگەرنـا هێشـتا هەفـتەیەک تێنەپەڕیبـوو، هەردووکمـان گەڕایـنەوە سـەر دۆخـی جارانمـان، بگـرە لە جـاران پتـر کارمـان دەکـرد. ئەگەر لە بەرانبەر یەکدی دانیشمان پێدا نەدەنا، بەڵام ئەو قسانەی لە پشـووەکەدا کردبوومـانن وەک دەرکردنـی گونـاهی سـەرکەوتنمان بـوو لە کارەکەمانـدا. دواجـار نـاوە نـاوە خەیاڵکردن زیان بە هیچ کەسێک ناگەیەنێت.

دوو سـاڵی دیکەشـمان ئـاوا تێـپەڕین. بە هـۆی فراوانبـوونی کارەکانیشـمان ئۆفیسـێکی گەورەترمـان



Scanned with CamScanner

کردەوە. لە کاتێکدا ئەو دوازدە بیناساز و ئەندازیارەی وەگەڕمان خستبوون خەریکی کارە ڕۆتینییەکانی کۆمپانیا بوون، من و **فرات** بە دوای پرۆژەی گەورەترەوە بووین. وا خۆمان بە کارەوە نووساندبوو، دەتگوت ئەگەر ڕۆژێک کار نەکەین هەژار دەکەوین و قەللۆش دەبین. هەندێک جار چەند ڕۆژێک یەکتریمان نەدەبینی، ئێواران بە پرووکاوی و شەکەتییەوە دەگەڕاینەوە ماڵێ و وەک لەهۆشخۆچوو، دەخەوتین و بەیانیانیش سەرلەنوێ دەچووینەوە ئۆفیس و سەر پرۆژەکانمان. بەم شێوەیە ئەگەر دە جاری تر ژیابایین، ئەو سەروەتەی کۆمان کردبووەوە بەشی خەرجکردنی نەدەکرد. هەروا نە من نە **فرات** کەسوکاری نزیکمان نەبوون. ڕاستتر بڵێم ئێمە تا ڕادەی پێویست لێیان نزیک نەبووین. لە نێو ئەو هەموو کار و سەرقاڵییەدا هەر بیریشمان لە دروستکردنی منداڵ و گەورەکردنی نەکردبووەوە. نیگەران نەبووین، ئەمەشمان بە بەختەوەری دەزانی.

ئێوارەی شەممەیەک کاتێک لە *بەیئۆغلو* پیاسەمان دەکرد، لە پێشەنگەی کتێبفرۆشییەکدا پۆستکاردی کتێبێکی نوێی **حەسەن وەفا قەرەداغلی**مان بینی. کتێبی دووەمی بە ناوی *ئەڤین لە تۆدا بەجێ مایە*. ڕێک چووینە ژوورەوە و دانەیەکمان کڕی. **فرات** گوتی: "بە هیوام هاوشێوەی کتێبی یەکەمی باش بێت." کتێبی یەکەمی، *هێندەی مێژوو تەنیا*، لە *تورکیا* لە ڕیزی یەکێک



Scanned with CamScanner

له پڕفرۆشترین کتێبەکان بوو، ئەو هۆگرییەی بە دەست هێنابوو کە شایستەی بوو، وەرگێڕدرابووە سەر چەند زمانێـک و هەمـان سـەرکەوتنی بە دەسـت هێنـابوو، ژمارەیەک خەڵاتیش.

ڕۆژی دواترمـان لە مـاڵەوە بە خوێنـدنەوەی کتێبەکەوە بەسـەر بـرد. هێنـدە ڕۆ چووبـووینە نێـوی، تـا ئێـوارە خۆمان و خواردنمان لە بیر کردبوو. دوای ئەوەی **فرات** بیری خستمەوە، شتێکمان نایە سەر ئاگر و گەڕاینەوە سەر کتێبخوێندنەوە. ئاوا بە حەیری و کاریگەربوونەوە لاپەڕەکان بە دوای یەکدییەوە دەهاتن، تا نیوەشەو بەبێ نـاوبڕ کتێبەکەمـان تەواو کـرد. لە کاتێکدا کە **فـرات** بە کتێـبەکەی دەسـتیەوە پیاسـەی بـۆ نێـو ژووری کـار و سـالۆنەکە دەکـرد، منـیش بەدەم خەیـاڵ و بە چـاوی ئاوسـاوەوە دەمـڕوانییە بنمیچەکە. کتێبی یەکەمی زۆر باش بوو و ئێمەی ڕاپێچی بەردەم هەندێک لێپێچینەوە کرد؛ ئەگەرچی ئەو بڕیارانەی دابوومانن جێبەجێشمان نەکـردن، لە نێـو ئەو داراییەمانـدا وەک زلـلەیەک بەر ڕوومان کەوت. بەڵام ئەم کتێبەی هەر بە ڕاستی باسی لە ئێمە دەکرد. هەر باس باسی ئەوە بوو کە ئێمە بەپێی ئەو یاسـایانە دەژیـین کە کەسـانی تـر دایـان ڕشـتوون، ئەو ژیانەمان کە بەپێی تایبەتمەندیی بازاڕ ڕێک خراوە، چۆن ڕۆشنایی کوژاوەتەوە و ئەڤینمـان ون کردووە. تـا بەیانی، تا ئەو کاتەی خۆر هەڵهات، لەگەڵ **فرات** باسی ئەمەمـان کـرد. باسـمان لە ژیانمـان، پەیوەنـدیمان، ئەو



Scanned with CamScanner

خەیاڵانەی عەشقمان کە لە ڕابردوودا جێ مابوون، تەنگەبەریی ئەو دەلاقەیەی لێی چووبووینە ژووری و ئەگەری دەرچوون و دەرنەچوونمان لێی، هەروەها ئەو سەرەوتەی لە بانک هەمانە، ئاخۆ دەتوانێ ئەو بۆشاییە دێوئاسایەی بۆ ئەڤینمان دروست بووە، پڕ بکاتەوە یان نا... باسی زۆر شتی تریشمان کرد. هێندەش سەخت نەبوو دان بەوەدا بنێین کە ماوەیەکی زۆرە یەکتر تەنها وەک دوو هاوبەشی کار دەبینین. لە کۆتاییدا فرات بە پێکەنینەوە گوتی: "وادیارە کاتی پشووەوەرگرتنێکی دیکەمان هاتووە." گوتم: "هیوادارم ئەم جارە نەڵێی دەی هەستە بڕۆین." گوتی: "نا نا، ئەم جارە چەند ڕۆژێک پلانێکی باش بۆ کارەکانمان دادەنێین ئەمجا دەڕۆین." گوتم: "زۆر باشە، دەی ئێستا کاتی کارە." دووشێکمان کرد و قاوەڵتییەکی سەرپێییمان خوارد و بە بێخەوی چووینە ئۆفیسەکەمان.

کارمەندانی ئۆفیس وەک هەموو ڕۆژانی تر پڕکار بوون. کاریگەریی کتێبەکە تێکەڵ بە بێخەویم بووبوو و تاقەتی نەهێشتبووم، وەک زۆمبییەکان هەر وا بەو نێوەدا دەخولامەوە. سەروبەری نیوەڕۆ چیتر بەرگەم نەگرت، لەو ژووری کارکردنەمدا کە سپلیتەکە ساردی کردبوو، خۆم گرمۆڵە کرد و خەوتم. کاتێکیش بە زەنگی تەلەفۆن هەر بە زۆر چاوەکانم کردنەوە، نەمدەزانی چەندە خەوتووم، بەڵام وا هەستم بە شەکەتی دەکرد دەتگوت هەر سەرخەوێکم شکاندووە و



Scanned with CamScanner

هەر زوو خەبەرم بـــووەتەوە. لەو بەتـــانییەی پێمـــدا درابوو و ئەو سەرینەی خرابووە ژێر سـەرم، تێگەیشتم کە **فـڕات** هــاتووەتە ژوورەکەم. بەبــێ ویســتی خــۆم دەستم بۆ تەلەفۆنەکەم برد، کە لەسـەر تەپڵەکەکە بوو؛ ژمارەیەکی نەناسراو تەلەفۆنی دەکرد. سەرەتا کپم کـرد و ویســتم کەمێکـی تــر بــخەوم، بەڵام ئەو کەســەی تەلەفــۆنی دەکــرد بە پێــداگرییەوە وازی نەدەهێنــا. بە دەنگێکی خەواڵووەوە گوتم: "ئەلوو، فەرموو؟" بە دەنگی کەسێکی پیـرەوە گـوتی: "کـچەکەم **نەرمین**، تۆیـت؟" بە مەراقەوە گـوتم: "بەڵــێ مـنم، بەڵام ناتناسـم ببـوورە..." گوتی: "**سەلیمم** کـچەکەم، لە *فەنیکە*وە، هـاوڕێی باوکت، **سەلیمی ماسیفرۆش**." گوتم: "ئاە، هەڵبەت هـاتەوە بیـرم، **مامە سەلیم** ببوورە تکایە، سەرەتا نەمناسیتەوە." لەگەڵ ئەوەشــدا خــورپەیەک کەوتە دڵــم، داخــۆ **مــامە ســەلیم** بۆچی پەیوەنـدیی پێـوە کـردووم؟ هەر کە گـوتی: "کـاتم گرتـی، بەڵام باوکـت کەمێـک تەندروسـتیی تێـک چـووە، ئەوە ئێستا لە *نەخۆشخانەی نیشتمانیی فەنیکە*ین، ئەگەر زوو بێیـت باشــە." بەتــانییەکەم لەســەر خــۆم فڕێــدا و هەستامە سەر پێ.

"**مامە سەلیم**، بـاوکم چییەتـی؟ نەکا زۆر نەخۆش بێت، ئێســتا لە لاتە؟" بە شــڵەژاوییەوە پرســیم. "بــارودۆخی بــاش نیــیە کــچەکەم، ئەگەر بێیــت باشــە، دەتــوانم هەر ئەوەندە بڵێم." وای گـوت و تەلەفۆنەکەی داخستەوە. لە تۆنی دەنگی **مـامە سـەلیم**ەوە دیـار بـوو چـی قەومـاوە،

لەگەڵ ئەوەشدا نەمویست شتی ئاوا بە خەیاڵیشمدا بێت.
خۆم کۆ کردەوە و یەکەم شت تەلەفۆنم بۆ **فرات** کرد.
لە دەرەوە، لەسەر پرۆژە بوو، بە خێرایی دۆخەکەم تێگەیاند و گوتم لە فرۆکەخانە یەک دەگرینەوە.
کاتێکیش گەیشتینە *نەخۆشخانەی نیشتمانیی فەنیکە*، کات لە نیوەشەو نزیک دەبووەوە. **مامە سەلیم** و گوندییەکانی دی لە باخچەی نەخۆشخانە پێشوازییان لێ کردین. دیمەنەکە زۆر پێویستی بە قسەکردن نەبوو. ساتێک لەوەدا بوو لە هۆش خۆم بچم، **فرات** هاتە بن باڵم. لە نێو زەنای دەنگی "خۆتان خۆش بن"، لەسەر کورسییەک دایان نیشاندم. من و باوکم هیچ کاتێک هێندە لە یەکدی نزیک نەبووین، بەڵام هیچ کاتێک بیرم لەوە نەکردبووەوە مردنەکەی ئازارێکی هێندە بەسوێم لە ناخدا جێ دەهێڵێت. ئەگەرچی یەکتریشمان نەدەبینی و لێکتریش دوور بووین، بەڵام باوکێکم هەبوو و هەنووکەش چیتر بوونی نییە. ڕوخسارم خستە نێو لەپی دەستەکانم و لە نێو باخچەی نەخۆشخانەکەدا هۆن هۆن گریام.
بەیانییەکەی کە لە ماڵ نەهاتبووە دەرێ، گوندییەکان دڕدۆنگ بووبوون و چووبوونە ماڵەکەی، لاشەکەیان هەر وا بە ڕاکشاوی، وەک ئەوەی بە ئارامی خەوتبێت، بینیبوو. هەر زوو ئامبیولانسیان بانگ کردبوو، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو. پزیشکەکان دەستبەجێ تەرمەکەیان خستبووە ساردخانەوە. پاشان تەلەفۆنیان

بۆ من کردبوو. زۆر بۆی خەمگین بووبوون، دەیانگوت باوکم پیاوێکی باش بوو. کاتێک بۆ یەکەم جار باوکم لە گوندەکەیان نیشتەجێ دەبێت، کەمێک نیگەران بووبوون، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ناسیبوویان و وەک کەسێک لە خۆیان حیسابیان کردبوو. کاتێک ئەم ڕستانە لە دەمی گوندییەکانی چواردەورم دادەباڕین، من لە ناخەوە نەفرەتم بەسەر خۆمدا دەباراند. ئاخر ئەگەر کەمێک کاتم پێ دابوایە، هێندێکی تر وابەستەی بوایەم و گرنگیم پێ دابوایە، چیم لە دەست دەچوو؟ باشە با وای دانێین کەسێکی داخراو بوو، بەڵام من بچووکترین هەوڵم نەدا بۆ ئەوەی لێی نزیک ببمەوە.

کاتێک گوندییەکان بینیان کەمێک ئارام بوومەتەوە، پرسییان: "لە کوێ دەینێژن؟" بە حەپەسانەوە لێیان ڕامام. هەر بیریشم لەمە نەکردبووەوە. ڕاستتر بڵێم بیرم لەوە نەکردبووەوە ڕۆژێک دێت باوکم دەمرێت؛ خراپترینیشی ئەوە بوو لەم چەند مانگەی دواییدا هەر باوکمم فەرامۆش کردبوو. دوای قەیرێ لە دوودڵی: "دڵنیام بۆ شاردنەوەی لێرە ناڕازی نەدەبوو، بەڵام ئەگەر بوارم بدەن حەز دەکەم لە *ئیسپارتا*، لە پاڵ دایکم بینێژم." هەموویان بەو بڕیارەم ڕازی بوون. بەدەم گوتنی ئەوەی کە سبەینێ زوو بە تەرمەکەوە بەڕێ دەکەوین، هەموویان بۆ خۆئامادەکردن بڵاوەیان لێ کرد. تەنها **مامە سەلیم** مایەوە، گوتی: "وەرن بڕۆین، ئەمشەو میوانی من بن." ئەمەی بە سووربوونەوە گوت.



Scanned with CamScanner

**فڕات** گوتی: "زۆر سوپاست دەکەین، بەڵام با نەبینە بار، لە هۆتێلێک دەمێنینەوە، سبەینێش هەر دەبێ زوو هەستین." **مامە سەلیم** پێداگریی کرد: "شتی وا نابێت، خۆشحاڵ دەبم ببنە میوانم، بەڵام ئەگەر ئاسوودە نابن خۆ ماڵی باوکیشتان چۆڵە، لەوێ بمێننەوە." ئەو پێشنیارە تازەیەی بۆ ئێمە باشتر بوو. گوتم: "ئەرێ، بە ڕاستی ئەمە زۆر باشتر دەبێت بۆ ئێمە." **فڕات**یش بە سەری هاوڕای من بوو.

هەر کە لە کووخەکە چووینە ژوورەوە، بە ئاسانی ماڵێکمان هاتە بەرچاو. لە پێشەوە هۆڵێکی بچووک، لە پشتەوە ژووری نوستن، ڕێک لە ژێر پەنجەرەی هۆڵەکەدا مێزێکی دارینی کارکردن، چرایەکی سەرمێز و کورسییەکی تەختە بەرچاو دەبوون. ژوورەوە زۆر کەلوپەلی لێ نەبوو؛ قەنەفەیەکی هاوشێوەی هیی باخچەکە، لەسەر ئەرزەکە بەڕەیەکی کۆن و تەپڵەکێک هەبوون. لەسەر مێزەکە ژمارەیەکی زۆر دەفتەری هاوشێوەی دەفتەرەکانی سەرەتایی و قەڵەمدار هەبوون. کاتێک **فڕات** چاوی بە ژووری نوستن و بانیۆکەدا دەگێڕا، من دەفتەرێکم هەڵگرت و هەر وا بە خێرایی هەڵم دایەوە. هەموو لاپەڕەکانی بە دەستوخەتی باوکم پڕ کرابوونەوە. بە قەڵەمدار تێکەڵوپێکەڵ نووسرابوو، بە دروستی یازدە دەفتەر بوون. باوکم یان ئەوەتا بۆ بەرەوپێشبردنی دەستنووسینی، یان ئەوەتا بۆ... بۆ چی؟

هەموو دەفتەرەکانم لە ئامێز گرتن و لەسەر قەنەفەکە ڕۆنیشتم. دەفتەری سەرووی هەموو دەفتەرەکانم هەڵگرت و ڕۆ چووومە نێو خوێندنەوەی. بۆ ئەوەی گازی **فرات** بکەم، چەند ساتێکم پێویست بوو تا خۆم کۆ بکەمەوە. کاتێکیش **فرات** هات لە ڕۆخم ڕۆنیشت، بە سەرسامییەوە گوتم: "ئەمە بخوێنەوە." **فرات** ناونیشان و ڕستەکانی سەرەتای بە دەنگێکی بەرز خوێندەوە: "*هێندەی مێژوو تەنیا*. هەندێک جار لە نێو جەنجاڵترین شوێنیشدا هەست بە تەنیایی خۆت دەکەیت. وەک ئەوەی لە تەواوی گەردووندا تاکە کەسێک کە ئاگای لە هەبوونت بێت، تەنێ خۆتیت. ئەمە ئەگەر بە مانای ئەوە بێت هەر بەردێکی ئەو ڕێگایەی کە بەرەو تەنیایی دەڕوات، خۆت چنیبێتت..." کەمێک بە بێدەنگی درێژەی بە خوێندنەوە دا. دوای ئەوەی بە هەڕەمەکی چەند ڕستەیەکی تری خوێندەوە، تێگەیشتین کە کتێبەکەی **حەسەن وەفا قەرەداغلی** وەک خۆی لە دەفتەرەکەدا نووسراوەتەوە. بە هەمان شێوە درێژەی لە دەفتەرەکانی دیکەشدا هەبوو. جگە لەوەش کتێبی *ئەڤین لە تۆدا بەجێ ما* لە هەمان دەفتەرەکاندا نووسرابوو. هەر بە ڕاستی بۆ ئێمە ڕێکەوتێکی بڕوانەکردە بوو. وادیارە ئەم چەند ساڵەی دوایی لەگەڵ باوکم هەمان کتێبمان خوێندووەتەوە. بگرە باوکم وەک ئێمە زۆر بە کتێبەکان سەرسام بووە و هەمووی یەک یەک لە دەفتەرەکان نووسیونەتەوە و ویستوویەتی ئەوانەی



Scanned with CamScanner

دەیانخوێنێتەوە، تێکەڵیان بێت. لە ڕاستیدا هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە کە باوکم وەها کتێبگەلێک دەخوێنێتەوە. بەدەم بیرکردنەوە لەوەی چەند کەم باوکمم ناسیوە، جارێکی تر داخبار بووم. **فرات**یش ماڵەکەی پشکنی و چاپی ئەو کتێبانەی نەدۆزییەوە، بە لایەنی کەمەوە لە نێو کتێبەکانی ژووری نوستندا نەبوون. تەنها دوای ئەوەی مرد توانیم بێمە نێو ئەو کووخەی کە باوکم ماوەی پێنج ساڵ تێیدا ژیا؛ هەرچەند پەشیمانییەکەم گەورەش بێت، تازە قەرەبوو ناکرێتەوە.

سپێدە زوو بە یاوەریی چەند گوندییەک تەرمی باوکممان برد و بەرەو *ئیسپارتا* وەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە سەر گۆڕستان دەمی نیوەڕۆ بوو. دوای نوێژی نیوەڕۆ نوێژی مردوویان کرد. ناشتنەکەی زیاتر لەوە قەرەباڵغ بوو کە چاوەڕێم دەکرد. هەموو هاوڕێ و ناسیاوە دوور و نزیکەکانی دایکوباوکم هاتبوون. زۆریانم نەدەناسین، ساڵگارێک تێپەڕیبوون دیدەنیی یەکتریمان نەکردبوو. وەلێ هەموویان بە ڕاستگۆیی و حوزنێکی ڕاستەقینەوە هاتنە لام و سەرخۆشییان لێ کردم. لە بەرانبەر هەموویاندا هەستم بە شەرمەزارییەکی سەیر کرد.

دوای ئەوەی نێژرا و هەموویان کەم کەمە ڕۆیشتن، من گوتم دەمەوێ کەمێکی تر بمێنمەوە. **فرات** قۆڵی لە بەر قۆڵم هەڵێنا و تا سەر گۆڕی دایکوباوکم یاوەریی کردم.



Scanned with CamScanner

ئیدی هەموویـان ڕۆیشـتن. تەنهـا پیرەپیاوێـک لەسـەر گۆڕەکە مـابووەوە. ڕووم لە پیـاوەکە کـرد و لێـی ورد بوومەوە، ڕوخسـاری ئاشـنا بـوو پێم، بەڵام هەڵمنەهێنا کێیە. بە ڕێزنـوێنییەوە لـێم نزیک بـووەوە و بە دەنگێکی خەمگینەوە، "بۆخۆتـان خۆش بـن کـچەکەم"، وای گـوت. لە وەڵامـدا گـوتم: "سـەری ئێـوە سـاغ بێـت، سوپاسـت دەکەم." دڵنیـا بـووم لە شـوێنێک بینیـومە، بەڵام ئەگەر ئەودەم پرسیبام جوان نەبوو. پێدەچوو خۆیشی هەستی بەو دوودڵـیـیـەی مـن کردبێـت، کە پرسـیی: "ڕەنـگە نەمناسیت کچەکەم، هـاوڕێی منداڵیی بـاوکتم. بە یەکەوە سـەرەتایی و ناوەنـدیمان خوێنـد. دواتـر ئەو وازی لە خوێنـدن هێنـا، مـن درێـژەم پـێ دا. لە ئیزمیـر زانکـۆم خوێند. بە هـۆی پیشـەکەمەوە چەند سـاڵێک شارەوشـار گەڕام، بەڵام پەیوەنـدیم لەگەڵ باوکـت نەپچـڕا. چەنـد مانگێـک پـێش ئێسـتا خانەنشـین بـووم و گەڕامەوە *ئیسپارتا*. جار جار دەچوومە *فەنیکە*، سەردانی بـاوکتم دەکرد، چەند ڕۆژێک لە لای دەمامەوە، پێکڕا دەچووینە ماسـیگری و تـا سـپێدەی بەیانـان قسـەی خۆشـمان دەکـردن. ئـێمە دۆسـتی زۆر نزیکـی یەکـدی بـووین کـچەکەم." ئەمەی بە ئاخهەڵکێشـانەوە گـوت. گـوتم: "ئەگەر درەنگیش بێت، دڵخۆش بـووم دۆستێکی بـاوکمم دۆزیـیەوە." لە نـاخەوە ئەمەم گـوت. بزنسـکارتێکی لە گیرفـانی دەرهێنـا، بـۆی ڕاهێشـتم، بە بـزەیەکەوە گـوتی: "لە *ئیستەنبوڵ* وەقفێکمـان هەس، ئەگەر دەرفەتـت بـوو

وەرە. لە ڕاستیدا زۆر شت هەن لەبارەی باوکتەوە قسەی لەبارەوە بکەین." کارتەکەم وەرگرت و لەگەڵ **فرات** پێکرا خوێندمانەوە. "ئای خوایە! خۆ خۆیەتی!" وامان گوت. ئەو مامەپیرەی بەرانبەرمان هەمان کەس بوو کە لە وێنەکانیدا ناسیبوومان: نووسەر **حەسەن وەفا قەرەداغلی**. "ئەری، لەو فۆتۆیانەتەوە کە بەسەر کتێبەکانتەوە بوون دەتناسینەوە." **فرات** وای گوت. منیش گوتم: "ناسینی تۆ شەرەفمەندییەکی گەورەیە، ئەوەی ڕاستی بێت زانینی ئەوەی کە هاوڕێی منداڵیی باوکمی هێدمەیەکی گەورە بوو بۆ ئێمە. بە شەوق و چێژەوە کتێبەکانتمان خوێندەوە. دەبێ ئەوە بڵێم زۆر پێیان سەرسام بووین. هەروا نهێنیی ئەوەی کە باوکم کتێبەکانی ئێوەی لە دەفتەرەکەدا نووسیونەتەوە، ئاشکرا بوو." پیاوەکە لەوەی لە وێنەدا بینیبووم پیرتر دیار بوو، وادیارە وێنە کۆنەکانی خۆی بە کار هێناون. لە پەژارەی سەر ڕوخساریەوە دیار بوو کە بۆ مردنی باوکم زۆر خەمگین بووە. **حەسەن وەفا** تەواو لێم نزیک بووەوە و بەدەم ڕوانین لە چاوەکانم، گوتی: "نەخێر کچەکەم..." دوای ئەوەی قەیرێ وەستا، ئینجا درێژەی پێ دا: "باوکت کتێبەکانی منی لە دەفتەرەکانی خۆیدا نەنووسیونەتەوە، بەڵکو من ئەوەی باوکت لە دەفتەرەکاندا نووسیبوونی کردنمە کتێب."

سەرەتا وامان زانی گاڵتە دەکات، بەڵام واش دیار نەبوو. "باوکت ئەو چەند ساڵەی دوایی کە لە فەنیکە

دەژیـا، نـاخی خـۆی هەڵڕشـتە سـەر دەفتەرەکـان. لە ماوەی سەردانەکانمدا بۆ لای، بۆی دەخوێندمەوە و لام زۆر بەهـادار و سەرسـامکەر بـوون. بەردەوام هەوڵـم دەدا ڕازیی بکەم بڵاویان بکاتەوە. دواجار بە یەک مەرج قبووڵی کرد، ئەوەی بە ناوی منەوە بڵاو ببنەوە. گوتی: 'لێرەوە نـابمە نووسـەر و ئـارامیی ئێرەم بشـێوێنم، بە ناوی تۆوە بڵاو دەبێتەوە و دەبێ هەموو ئەرککێشییشی وەمـل خـۆت بگریـت.' منـیش گـوتم: 'کەوابـێ منـیش مەرجێکم هەیە. ئەگەر کتێبەکە پڕفرۆش بوو، داهاتەکەی دەدەینە گەنجە نووسـەرەکان، دەست لە قرووشێکیشی نادەین.' ڕێک کەوتین و بەم ئاوایە لەماوەی دوو ساڵدا دوو کتێبمـان بـڵاو کـردەوە. وەک پێشـبینیم دەکـرد، کتێـبەکە زۆر هەرمێنـی[^8] هەبـوو و بە داهاتەکەشـی وەقفێکمان لە *ئیستەنبوڵ* دامەزراند. ئێستاش کۆمەکی زۆر ئەدیبی گەنج دەکەین." ئەمەی گوت و ڕوخساری بە خەنینێک گەشایەوە. من و **فرات** حەپەساو بە دەمی داپچڕاوەوە گوێمـان لە **حەسـەن وەفا** گرتبوو. کاتێک دەستی هێنا و ماڵئاوایی کرد، "بیرتـان نەچێت سـەردانی وەقفەکەمان بکەن. ئەوەش بڵێم باوکت دەفتەرەکانی ئەو کووخەی بۆ تۆ جێ هێشتوون. نەیویست تا دەمرێ بۆتی ڕوون بکەمەوە، بەڵێنی ئەوەشی لێ وەرگرتم کە جگە لە تۆ لای کەسی تر نەیدرکێنم. ئەو دەفتەرانە زۆ

---

[^8]: هەرمێن؛ ڕەواج

بەهادارن کچەکەم، لە ڕاستیدا ئەمە وەسێتی ئەوە بۆ تۆ و تەواوی مرۆڤـــایەتی." ئەمەی گـــوت و دواتـــر بە هەنگاوی گرانەوە ڕۆیشت.

وەرســـووڕام، جارێـــک دەمـــڕوانییە گـــۆڕی بـــاوکم و جارێکیش لە **فرات** ڕادەمام. ئەژنـۆم دادایەوە و چنگم لە خـۆڵی ســەر گـۆڕی گـرت، بەڵێـنم بە بـاوکم دا کە ئەم شوورەیی و پەشیمانییەم دوایین دەبێت.

تێبینـی: نـاوی ئەو کتێبـانەی لە چیـرۆکەکەدا هـاتوون، دێڕەشیعری **مورادخان مونگان**ن.

# کۆتاییەکەی دڵڕفێن دەبێت

کاتێک لە کۆبوونەوەی درێژەکێشی *ئەنجوومەنی شار* هاتە دەرەوە و گەڕایەوەماڵەوە، خرۆشان بە هەموو شتێکیەوە دیار بوو. کاتێکیش لە دەرگا کراوەکەی حەوشە بەم دیودا هات، وەک زۆربەی جاران دایکی بینی کە بەو سەوزەیەوە سەرقاڵە کە لە بێستانەکە چنیبووی. بە بێدەنگی لە دایکی نزیک بووەوە و ئامێزی لە قەدی گرت و ماچی کرد. ئەگەرچی سڵەمییەوە و وەخت بوو بکەوێت، بەڵام توند دەستی بە لاشە ماندووەکەی دایکیەوە گرت. بە کوڕەکەی گوت: "زراوت بردم کوڕەکەم، خێرە، ئەمڕۆ کەیفت سازە؟" گوتی: "سوپرایزێکم بۆت هەیە دایکە، بۆ کۆنفرانسێک دەچمە *ئەمەریکا*. *ئەنجوومەنی شار* بۆ ئەمە منیان ئەرکدار کردووە." دایکی بە شانازییەوە لە کوڕەکەی ڕاما، بۆ



Scanned with CamScanner

ساتێک چاوەکانی ئاویان تێزا. کاتێکیش لە کۆلیژی پزیشکی وەرگیرا و ڕۆیشت، هەستی بە هەمان شانازی کرد کە دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی تێیدا لە دایک بووە. کاتێک بەوەوە دووگیان بوو، هاوژینەکەیان کوشتبوو. ئەو سالانەی بە زوڵم و ژانەوە تێپەڕین ڕوویان لە دواییە و دەورانی باشبوونی هەموو شتێک دەستی پێ کردبوو. کاتێک کورێژگە دەستی بە خوێندن کرد و کاتی هات، خوێندنگە هەبوون بۆ خوێندن بە زمانی دایکی خۆی؛ دوای ئەوەی ئەنجوومەنەکانی گەڕەک و *ئەنجوومەنی شار* بڕیاریان دا. ئەگەر بڕیارێکی درەنگوەختەش بووە، بەڵام فێری نووسین و خوێندن بوو. لەو شارە کەڤنارەی کەوتبووە لێواری *دیجلە*، زۆرتر کشتکاری دەکرا. بەشی هەر کەسێک کە بیەوێ سەرقاڵی کشتوکاڵ بێت، زەوی دابەش کرابوو بەسەریاندا. لە ڕێگای ئەو کەناڵە ئاوییانەی لە *دیجلە*وە بنەوانیان هەڵبەسترابوو، بێستان و پەرێزەکان ئاو دەدران. هەرکام لە ئەنجوومەنی گەڕەکەکان کۆمەڵەی هاوکاریی خۆیان دامەزراندبوو، هەموو ئەو بەرهەمانەی وەبەر هاتبوون بە ڕێگای ئەو کۆمەڵەی هاوکارییانە هەم لە نێو خۆیان، هەم دەیانفرۆشتە هەموو ناوچەکانی دەوروبەر. ئاژەڵداری، بەرهەمە دەستییەکان و گەشتیارییش هەر لە ڕێگای ئەو کۆمەڵەی هاوکارییەوە برەوی سەند، لە ماوەی چەند ساڵێکدا شارۆچکەکەیان بەپێی پێویست بەهێز بوو،



Scanned with CamScanner

ساڵ بە ساڵ لە نێو غـرووری ئەوەدا دەژیان کە دەتوانن لەسەر قاچەکانی خۆیان بوەستن. بۆ لەنێوبردنی میراتی کۆنی خراپ بەکارهێنان، بەرتیل، دزین و لەشفرۆشی، بە تەواوی مانا ئامادەباشیی هەمەکی دەستی پێ کردبوو. سەرکەوتنی گرنگ وەدەست هاتن. بۆ ئەوەی نەوەی تازە هەم بەها ئەخلاقی و هەم بەها سیاسییەکان بە دەست بهێنێت، هەموو خەڵک دەستیان دابووە دەستی یەکتر، لە ئەنجوومەنەکان بڕیاری نوێ درابوون و خرابوونە واری جێبەجێکردنەوە. بە زانینی سەختیی سڕینەوەی نەریتە کۆنەکان بە دانبەخۆداگرتنەوە، بە زانابوونەوە ژیانی نوێیان چنی؛ بێکاری و نەبوونی وەختە بڵێم گەیشتنە ڕادەی نەمان. تا لێیان هات هەوڵیان دا ئابووریی کۆمەڵایەتی بکەنە مۆدێلێکی دیموکراتی، سەرباری بەربەست و سەختییەکان دەستیان کرد بە بونیادنانی مۆدێلێک کە ببێتە نموونەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستویەک. بەتایبەت هەنگاوی سوودوەرگرتن لە با و خۆر وەک سەرچاوەی وزە، کە بەشی هەموو شارۆچکەکە بکات، شارسازییەکی تەبا لەگەڵ سروشت و مێژوو، خزمەتگوزاریی تەندروستیی یەکسان و بێبەرانبەر بۆ هەموو کەسێک، دامەزراوەی بێلایەن و یەکسانیی دادگەری، ئەنجوومەنەکانی خەڵک کە پەیڕەوی لە دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ بکەن، تێگەیشتنە ئازادگەراکان بۆ جیاوازیی ڕەگەزی، بڕوا و



Scanned with CamScanner

ژیان، سەرنج و سەرسامیی هەموو دنیای ڕاکێشابوو. هەموو ئەو پێشهاتانە بۆ ناوچەکە و سەرانسەری وڵات بۆ بەدیهێنانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بووبووە نموونە؛ سەرباری ڕابردووی بەسوێ و یادەوەرییەکان وەک وڵاتێک کە پێکەوەژیانی وەچنگ هێناوەتەوە، ئەمەش وای کردبوو ڕێزی تەواوی دنیا بە دەست بهێنن.

دوای ئەوەی کوڕە بووە پزیشک و گەڕایەوە شارۆچکەکە، لە پاڵ کارکردن لە *ئەنجوومەنی شار*، لە *ناوەندی تەندروستیی میللی*یش کاری دەکرد. ئەو پزیشکەی کە خەڵک دەیناسی و ڕێزیان لێ دەگرت، پاش ماوەیەکی کەم لە کارەکەی سەرکەوتوو بوو. کۆمەککاری، سادەیی و بەکارییەکەی کەوتبووە بەرچاوان.

لە هەڵبژاردنی ساڵانەی *ئەنجوومەنی شار*دا سەرەتا بە ئەندامی ئەنجوومەن، پاشان وەک گوتەبێژ هەڵبژێردرا. لە پاڵ ئەم ئەرکانەشدا کاری پزیشکییەکەی بە شەوق و خرۆشەوە دەکرد. بەو ئاگاییەوە گەورە بووبوو کە لایقی مام و باوکە هەرگیز نەدیتوەکەی بێت؛ ئێستاش لەو ساتانەدا دەژیا کە دەرفەتی ئەوەی بۆ هاتووەتە پێش ئەمە بەدی بێنێت.

بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو خۆبەڕێوەبردنەی شارەکەیان، یەکێک لە *ئەنجوومەنی شار* بانگهێشت کرابووە *زانکۆی هارڤارد* لە *ئەمەریکا*، بۆ شاری *بۆستن*. لە دوایین کۆبوونەوەشدا ئەویان هەڵبژاردبوو ئەو یەکە بێت.



Scanned with CamScanner

هێشتا مانگێکی مابوو بۆ کۆنفرانسەکە، وەلێ دکتۆر هەر لە ئێستاوە حەجمینی نەمابوو. لە بیستوهەشت ساڵی تەمەنیدا یەکەم جاری بوو دەچووە *ئەمەریکا*. پێشتر بۆ ماوەیەکی کەم بۆ خوێندنی زمان چووبووە *لەندەن*، جگە لەمە هیچ کاتێکی تر لە وڵات وەدەر نەکەوتبوو. بەتایبەت لە زانکۆیەکی وا پایەداردا بە نوێنەرایەتیی خەڵکەکەی باس لە ئەزموونەکانی بکات، تا دەهات لە باشەوە بۆ باشتر زۆرتر دەخرۆشا. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ڕاهێنانی لەسەر ئەو قسانەی دەکرد کە بڕیار بوو لە کۆنفرانسەکە بیانکات، دەقێکی ئامادە کردبوو کە درێژدادڕ نەبێت، وەلێ تەواوی وردەکارییەکان بخاتە ڕوو و ماوە بۆ دیاریکراوەکەشی پڕ بکاتەوە. بەرلەوەی وەڕێش بکەوێ، وتارەکەی لە *ئەنجوومەنی شار* خوێندبووەوە و چەپڵەی دەستخۆشانەی بە دەست هێنابوو.

سەرەتا بۆ *ئیستەنبووڵ* و لەوێشەوە دەچووە *ئەمەریکا*. سپێدە بەر لەوەی بچێتە ئەو فڕۆکەخانەیەی لە دەرەوەی شار بوو، ویستی سەردانی گۆڕی باوکی بکات. لەگەڵ باوەڕی هاوڕێی، کە بڕیار بوو بیباتە فڕۆکەخانە، چوونە گۆڕستان. تا بەشی کرد هەموو ئەو گوڵە کێویلکانەی لە باخچەی خۆیان کۆی کردبوونەوە، لەسەر هەر گۆڕە و گوڵێکی دانا تا گەیشتنە سەر مەزاری باوکی و مامی. دوای ئەوەی ئەو گوڵانەی پێی مابوون لەسەر هەردوو گۆڕەکە دای نان، بە دەنگێکی

تـێکەڵ لە حـوزن و شـانازییەوە گـوتی: "ئاسـوودە بخەون." وای گوت و گۆڕستانیان بەجێ هێشت. لەسەر یەکێک لە کێلی گۆڕەکان، گۆڕی باوکی **ئەحمەد تونج** و لەسـەر کێلـی گـۆڕی مامیشـی، **مـحەمەد تـونج** نووسرابوون.

**باوەڕی** هاوڕێی کاتێک لە فڕۆکەخانە بەڕێی دەکرد، توند لە باوەشی گرت و گوتی: "لەباتیی ئێمەش بە *ئەمەریکا*دا بگەڕێ، ڕێت ڤەکری بێت **بێکەس**." هیچ کاتێک **بێکەس** بێکەس نەبوو، وەک ڕۆڵەی خەڵک گەورە بوو، بە پێچەوانەی ناوەکەی، بەردەوام خۆشیان ویستووە. **دکتۆر بێکەس** کاتێک دەستی بۆ هاوڕێکەی بەرز کردەوە، خۆری سووتێنەری جزیرە بە تەواوی گەیشتبووە ناوەڕاستی ئاسمان؛ دەمێک بوو ڕۆژێکی نوێ و ژیانێکی نوێ لە قەراغی *دیجلە* دەستی پێ کردبوو.



Scanned with CamScanner